
ڕیکلام
هاوپەیمانیی کوردستان
التحالف الكوردستاني
٣٧٢



خاوەنی مریەم باوانم دەگەڕێتەوە

12..



عەشق سەرچاوەی ژیانیەتی

23..



# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

ژمارە (٢١)
چوارشەممە، ٢٠١٠/٣/٣
(٢٤) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net


## سەرۆکی لیستی گۆڕان لەدهۆك:

# لەبادینانو موسڵ هەڕەشە لەسەر چالاکوانەکانی گۆڕان هەیە



د. بورهان یاسین سەرۆکی لیستی گۆڕان لەدهۆک

تایبەت بەدەستوور

د. بورهان یاسین سەرۆکی لیستی گۆڕان لەدهۆک ڕایگەیاند کادیرو ئەندامەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لەبادینانو ناوچە کوردییەکانی موسڵ لەژێر هەڕەشەو مەترسیدان، دەڵێت مەترسی ڕوودانی کارەساتێکی هاوشێوەی ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٥ی لەدهۆک بەرامبەر یەکگرتوو کرا بەرامبەر لیستی گۆڕان لەئارادایە.

لەبارەی ئەو هێرشانەی ڕاگەیاندنی پارتی دەیکاتە سەر گۆڕان، د.بورهان یاسین وتی «پێمـوایە پارتی هەستیکردوە گۆڕان بەرەوپێشچوونێکی کردوەو لەبەرامبەردا کاردانەوەی دەبێت، ئەوە ڕاستییەکە کەهەڕەشە لەسەر ئەندامو چالاکوانەکانی گۆڕان لەبادینان بەرەو ناوچەی سنجارو موسڵ هەیە».

بورهان یاسین دەڵێت ڕاستەوخۆ بەستنەوەی ئەو هەڕەشانە بەحیزبەکانی دەسەڵاتەوە کارێکی ئاسان نییە، «بەبۆچوونی من ئەو ڕووداوە تەنیا ڕێککەوت نییە، بەڵکو جارێکی تر دەیڵێمەوە کە دەسەڵات دەبێت بەر لەهەموو لایەک خۆی نیگەران بێتو گرنگی بدات بەدووبارە ڕوونەدانەوەیان».

دەقی چاوپێکەوتنەکە لەلاپەڕە ٧ دەخوێنیتەوە

## سەعدی پیرە: بانگەشەی هەڵبژاردن لەسلێمانی گێرەشێوێنییە

دەستوور



سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیو کاندیدی لیستی هاوپەیمانی لەهەولێر ڕایگەیاند شێوازی بانگەشەی هەڵبژاردن لەسلێمانی گێرەشێوێنیو قەرەباڵغی بێمانایە، دەڵێت کەس بەگرژی هەڵبژاردن لەهەولێر ناباتەوە.

لەبارەی بێدەنگی بانگەشەی هەڵبژاردن لەهەولێر سەعدی ئەحمەد پیرە وتی «سروشتی شاری هەولێر محافزکارترە لەسلێمانی، کەمتریش لایەنگیری گرژیو دروستکردنی قەرەباڵغی بێمانایە، ئەوەی لەسلێمانی ئێستا ڕوودەدات پەیوەندی بەگەرموگوڕییەوە نییە، بەگەرموگوڕی ناوی نابەم، تاڕادەیکی زۆر گێرەشێوێنییە».

پیرە وتی «هیواردام ئەم گێرەشێوێنیو گرژیانەی کەهەیە شتێکی ڕێکخراو (مونەزەم) نەبێت، ئەگەر ئەو جۆرە گرژیانە لەهەوڵی چەند گەنجێک خۆی ببینێتەوە ئەمە شتێکی سروشتییە، بەڵام ئەگەر ڕێکخراو بێت ئەوە کارێکی خراپە».

دەقی چاوپێکەوتنەکە لەلاپەڕە ٦دا دەخوێنیتەوە


9 5 2

**عەلی باپیر خۆیو زاواکەیو سکرتێرەکەی کاندیدن**

هەریەکە لەعەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیو عەبدولستار مجیدی زاوایو حاجی هێمن بەرپرسی مەکتەبی ئەمیری کۆمەڵ، کاندیدی لیستی کۆمەڵن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەو دووانەی یەکەمیان ژمارەکەیان یەکەمو دووەمی لیستی پارێزگای هەولێریان گرتووە. ... 02

**گۆڕان: یەکێتیو پارتی پۆستەرەکانمان دەشارنەوە**

کاندیدێکی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی عێراق لەسەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردندا ڕێگریان لێکراوە لەهەڵواسینی پۆستەرەکانیان، ڕاشیگەیاند لەکۆتایی بانگەشەکەدا هەڵمەتی داپۆشینو لێکردنەوەی پۆستەرەکانیان لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە دەستپێکردووە ... 03

**کۆمەڵو یەکگرتوو دەترسن، پارتیش خۆی بەبراوە دەزانێت**

لیستە ڕکابەرەکانی هەڵبژاردن، لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێم، کێبڕکێی توند لەسەر بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەرانی تایبەتدا دەکەن، کە (٤-٥) کورسی پارێزگاکانی هەرێم پێکدەهێنن بڕیارە سبەی پێنجشەممە ئەنجامبدرێت. .. 04

**لەترسی «دەسەڵات» لەهەولێر ئیشبکەو نوێژبکە**

هاووڵاتیانی شاری هەولێر، دەڵێن دروستکردنی ترس لەلایەن دەسەڵاتو ڕێگەنەدان بۆ دەربڕینی ڕای خۆیان بۆ لیستەکانی جیا لەدەسەڵات، بووەتە هۆی ئەوەی بانگەشەی هەڵبژاردن لەشارەکەیان بەبێدەنگیو دوور لەبانگەشەیەکی چڕ، بەڕێوەبچێت. .. 05


# ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیان داوا لەیەکگرتوو دەکات هێزێکی نمایشیی پێکبهێنێت

دەستوور

مەکتەبی سکرتارییەتی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی یەکگرتوو داوا دەکات یەکگرتوو هێزێکی نمایشیی مەدەنی لە١٠٠ بۆ ٣٠٠ گەنج پێکبهێنێت، تا لەبۆنە نیشتمانیو نەتەوەییەکاندا بڕژێنە سەرجادەو هێزو جەماوەرێتی یەکگرتوو پیشانی خەڵک بدەن. پرۆژەکە کە لە١/٢٥ی ئەمساڵ نووسراوەو دراوەتە دەست سەرکردایەتی یەکگرتوو، ئاماژەی بەوە کردووە هێزەکە لەسلێمانی پێکبهێنرێت، ئەگەر ئەزمونەکە سەرکەوتوو بوو ئەوا لەپارێزگاکانی تر دووبارە بکرێتەوە.

ئامانجی پرۆژەکە شکاندنی ترسو شەرمی گەنجانی یەکگرتووەو دروستکردنی متمانەو باوەڕە پێیان، هەروەها داواکراوە لەو خولانەی بەشداریان پێبکرێت کەتایبەتن بەڕووداوی چاونەترسیو حەقبێژیو جیهادی سەردەم.

بەپێی پرۆژەکە ئەرکی ئەو هێزە بریتی دەبێت لەوەی لەشەوانی هەڵمەتی هەڵبژاردن لەفولکەی یەکگرتنەوە تاوەکو فولکەی ئاسکەکان بمێننەوەو بەهاتو هاوارو سرود سەڵەواتو دروشمو هوتافکێشانیان گەرموگوڕی بەهەڵمەتەکە ببەخشن، بەئۆتۆمبێلو ماتۆڕ قەتارەی بانگەشە ببەستنو چاپوکیو چاونەترسی یەکگرتوو بگەیەنن.

لەبەشێکی تری پرۆژەکەدا هاتووە «بۆ سەرجەم بۆنە ئایینیو نیشتمانیو پرۆژەکانی ڕێکخراو ڕێکخستن بین، بۆچی قوتابی فێرنابێت، با پشتیوانی مامۆستا زێڕین، یەکگرتنەوەی وەزارەتەکان، تاجی چەسپاندنی یاساو دادوەری، بودجەی حیزبەکان، بودجە بۆ ڕێکخراوەکان، موچەی شەهیدانو زیانلێکەوتووان، جیاکردنەوەی حیزب لەحکومەت... هتد، هەروەها هەڵوێستو پێشهاتەکان بڕژێنە سەرشەقامو فشار بخەنە سەر دەسەڵات».

لەپرۆژەکەدا هۆشداری ئەوە دراوە کە نابێت هەموو ئەرکەکە بخرێتە سەرشانی ئەو هێزەو داواکراوە زۆر نهێنی بێت، هەروەک هاتووە «لەکاتی ڕێپێوانو نمایشە جەماوەرییەکاندا تەنها هەوێن بن یاخود سەرەتایەک بن بۆ کۆکردنەوەو سەرنجراکێشانی بەشخوراوو بەرهەڵستکارانو خەڵکی هۆشیار».

ڕیکلام




ماستەر لە سیاسەتی نێودەوڵەتی ، خوێندکاری دکتۆرا لە فەلسەفەی سیاسی
مامۆستای زانستە سیاسییەکانە لە زانکۆی سلێمانی و مامۆستای یاسای دەستوورییە لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی
سەرۆکی بەشی زانستە ڕامیارییەکان بووە لە کۆلێجی زانستە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان
ڕێکخەری لیژنەیەکی ئەکادیمی و سەربەخۆ بووە بۆ پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و بەرهەمەکەی کتێبێکە بە ناوی (پێداچوونەوەیەک بۆ پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان) کە لە ساڵی ٢٠٠٩ چاپ و بڵاوکراوەتەوە
لە ساڵی ٢٠٠٣ بە دواوە چالاکوانێکی دیاری بواری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە
بەشداری چەندین کۆنفرانسی ئەکادیمی و مەدەنی کردووە لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق
بەشداری کردووە لە چارەسەرکردنی قەیرانی هاتنی هێزەکانی سوپای عێراق بۆ ناوچە جێناکۆکەکان لە مانگی ئابی ٢٠٠٨ بە دۆزینەوەی ڕێگاچارەی دەستووری بۆ مانەوەی کورد لە ناوچە جێناکۆکەکان و بەستنەوەی ئەم پرسە بە جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستوور





# لەبودجەی ٢٠١٠دا بەشەبودجەی سەرۆکایەتی هەرێم دیارینەکراوە

**دوێن هاشم**

لەبودجەی ٢٠١٠دا بەشەبودجەی سەرۆکایەتی هەرێم دیارینەکراوە، تائێستاش یاسایەک نییە بۆ رێکخستنی موچەی سەرۆکی هەرێم، پەرلەمانتارێکی لیستی گۆڕانیش دەڵێت پەرلەمانتاران بێدەنگ بوون لەو مەسەلەیە.

بورهان رەشید ئەندامی پەرلەمان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان رایگەیاند تاکو ئێستا بەشەبودجەی سەرۆکایەتی هەرێمو ئەنجومەنی دادوەریو سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دیاری نەکراوە، پەرلەمانتارانیش پێویستیان بەبەرچاوڕوونی هەیە لەمبارەوە.

بورهان رەشید وتی "لەکاتی پێشنیارکردنی دیاریکردنی بەشەبودجەی سەرۆکایەتی هەرێم پەرلەمان بێدەنگی نواندووە".

ناوبراو بەپێویستیشی دەزانێت ئەو بەشەبودجەیە دیاری بکرێت، وتی "دەبێت موچەی سەرۆکی هەرێمیش بەیاسا دیارییبکرێت".



# پرۆژەیەکی دوو ملیۆن دۆلاری لەهەڵەبجە شکستدەهێنێت

**پ. دەستوور**

ماوەی دوو ساڵە رێکخراوی بۆکای ئەمەریکی پرۆژەیەکی گەیاندنی بەبڕی دوو ملیۆن دۆلار لەهەڵەبجەی شەهید خستووەتە بواری جیبەجێکردنەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە وەزارەتی گەیاندن کێبڵی پێویستی بۆ پرۆژەکە دابیننەکردوە پرۆژەکەی بۆکا شکستدەهێنێت.

خەلیل بارام بەڕێوەبەری پۆستەو گەیاندنی هەڵەبجە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژەی بەوەدا چەند جارێک بەفەرمی داوایان ئاراستەی وەزارەتی گەیاندن کردوە، بۆئەوەی ئەو پرۆژەیەی بۆکای ئەمەریکی لەهەڵەبجەدا تەواو بکەنو بودجەی بۆ دابین بکرێت، بەڵام لەلایەن وەزارەتی داراییەوە رەتکراوەتەوە.

خەلیل بارام وتی "ماوەیەکی زۆرە پرۆژەکە نیوەی کارەکانی کراوە، بەڵام پێویستی بەدابینکردنی کێبڵی ترە بۆئەوەی تەواو بکرێت، وەزارەت ناچێتە ژێرباری ئەو مەسەلەیەوە، بۆیە ئەو پرۆژەیە لەئێستادا شکستیهێناوە".

ناوبراو روونیکردەوە کە هەرکات کێبڵی پێویستیان بۆ دابینبکرێت ئەوا دەست بەتەواوبوونی پرۆژەکە دەکەن، وتی "بەتەواو بوونیشی خزمەتێکی باش بەدانیشتوانی هەڵەبجە دەکات".

ئەو شارۆچکەیە بەدالەیەکی دیجیتاڵی هەیە کە نزیکەی (٥٠٠٠) هەزار بەشداربووی هەیە، لەتواناشیدایە زیاتر لە (١٥) هەزار هێڵی تری لێ ببەسترێت.

# یەکگرتوو داوای یەکلاییکردنەوەی کێشەی کوژرانی چوار ئەندامەکەی بادینانی دەکات

**دەستوور**

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لەچوار ساڵ تائێستا دۆسیەی کوژرانی ٤ ئەندامەکەی دەڤەری بادینانی یەکگرتوو لەدادگادا یەکلایینەکراوەتەوە، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبەش داوای یەکلاییکردنەوەو کۆتاییهێنان بەو دۆسیەیە دەکات بەجۆرێک کە دادوەریی تێدا رەچاو بکرێت.

سەلاحەدین بابەکر وتەبێژی لیستی ٣١٥و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند تائێستا لەدادگادا دۆسیەی ئەو چوار ئەندامەی یەکگرتوو یەکلایی نەکراوەتەوە کە لەمانگی ٢٠٠٥/١٢ بەدەستی رێکخستنەکانی پارتی کوژراون.

سەلاحەدین بابەکر وتی "ئێمە وەک یەکگرتووی ئیسلامی داوای یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشەیە دەکەین لەدادگادا، بەڵام بەجۆرێک کە دادوەریی تێدا رەچاو بکرێت".

بابەکر رایگەیاند "ئەوەی کە ماوە سکاڵای کەسوکاری شەهیدانە لەدۆسیەکەدا، بۆ یەکلاییکردنەوەشی دەبێت قسە لەگەڵ ئەواندا بکرێتو بۆچوونی ئەوان وەربگیرێت".



وتەبێژی لیستی ٣١٥ روونیکردەوە کە لەماوەی دەستکردن بەبانگەشەی هەڵبژاردن چەندین سکاڵایان لەسەر پێشێلکارییەکان بەرزکردۆتەوە زۆرینەشیان بەفیلمو بەڵگەی ڤیدۆیی ئاراستەی کۆمسیۆن کراوە.

# (٥٠٠) هاووڵاتی هەڵەبجە ناویان لەلیستی دەنگدەراندا نییە

**زانا ئەحمەد**

بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەڵەبجەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند ٥٠٠ هاووڵاتی هەڵەبجە ناویان لەلیستی دەنگدەراندا نەهاتووەتەوە، ئاماژە بەوەدەکەن کە بەفەرمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیان لەمەڕ ئەو کێشەیە ئاگادارکردووەتەوە.

لەتیف عوسمان بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەڵەبجەی شەهیدی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەدەستووری راگەیاند "زیاتر لە٥٠٠ هاووڵاتی دەنگدەری هەڵەبجە ناویان لەهیچ لیستێکی دەنگدەراندا نەهاتووەتەوە، بۆیە ئەگەر چارەسەرێکی پێویستی بۆ ئەنجامنەدرێت ئەوا ژمارەیەکی بەرچاو لەهاووڵاتیانی ئەو شارۆچکەیە بێبەشدەبن لەمافی دەنگدان".

بەرپرسەکەی کۆمسیۆن وتیشی "بۆ ئەو مەبەستە لەنووسراوێکدا بەفەرمی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانمان لێ ئاگادارکردووەتەوە، ئەوانیش بەڵێنیانداوە کەچارەسەری پێویست بۆ کێشەکە بدۆزنەوە، بەڵام تائێستا هیچ رێگەچارەیەکی بۆ نەدۆزراوەتەوە".

ناوەندی دەنگدانی هەڵەبجە کەشارۆچکەی سیروانیش لەخۆدەگرێت، ٤٥ هەزار کەس لەو ناوەندە مافی دەنگدانیان هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش ٢٠ بنکەی دەنگدان کراوەتەوەو دابەشکراوە بەسەر ٦٠ وێستگەی دەنگدان لەهەر وێستگەیەکیش نزیکەی ٤٠٠ دەنگدەر مافی دەنگدانیان هەیە.

# سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لەکۆلێژی ئادابی خانەقین بانگەشە دەکات

**فەرمان خێڵانی لەخانەقین**

خوێندکارانی کۆلێژی ئادابی خانەقین دەبرێن بۆ کۆڕێکی زانستی، بەڵام حەسەن جیهاد سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی لەپارێزگای دیالە کۆڕەکە دەقۆزێتەوە بۆ بانگەشەو راگری ئەو کۆلێژەش دەڵێت ئەوە ئەرکێکی نەتەوەییە.

سەرۆکی بەشی جوگرافیای کۆلێژی ئادابی خانەقین رۆژی ٢/٢٨ کۆڕێک لەسەر جوگرافیای هەڵبژاردن سازدەکات کە بەئۆتۆمبێلی کۆلێژی ناوبراو خوێندکارانی ئەو کۆلێژە دەگوازنەوە بۆ بەشداریکردن لەو کۆڕەکەدا، دوای دەستپێکردنی کۆڕەکەو لەسەرەتادا پاڵێوراوی یەکێتی لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان لەدیالە حەسەن جیهاد بانگەشە بۆ خۆیو لیستەکەی دەکاتو داوا لەخوێندکارانی کۆلێژەکە دەکات کە دەنگبدەن بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستانیو خۆی وەک پاڵێوراوێکی لیستەکە لەپارێزگای دیالە.

خوێندکارێکی کۆلێژی ئادابی خانەقین دەڵێت بەپاسی کۆلێژەکە بردوویانن بۆ کۆڕێکی زانستی، وتی "بەڵام ئەوەی ئێمەی بێزار کرد ئەوەبوو کە پاڵێوراوێکی یەکێتی کە سەرۆکی لیستی کوردستانییە لەدیالە بانگەشەی بۆ خۆیو لیستەکەی دەکرد، کۆڕگێڕانیش درێغیان نەکرد لەبانگەشە بۆ لیستی هاوپەیمانیو پاڵێوراوانی یەکێتی".

د.فوئاد حسێن یاریدەدەری راگری کۆلێژی ئادابی خانەقین لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاماژەی بەوەدا کۆڕەکە تایبەت بووە بەجوگرافیای هەڵبژاردنو بۆ دوو مامۆستای کۆلێژەکە بووە، لەبەرئەوەی لەکۆلێژەکە هۆڵ نەبووە، خوێندکارانیان بردووە بۆ هۆڵی ناوەندی کلتوری خانەقین.

لەبارەی بانگەشەکردن بۆ لیستی هاوپەیمانی لەلایەن سەرۆکی لیستەکەوە، د.فوئاد حسێن وتی "لەگەڵ ئەوەشدا وەک ئەرکێکی نەتەوەیی بەڕێز حەسەن جیهاد سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستانیمان لەدیالە بانگهێشتکرد بۆئەوەی لەسەر بابەتەکە واتا جوگرافیای هەڵبژاردن قسە بکاتو باس لەگرنگی بەشداریکردن بکات لەم هەڵبژاردنەدا".



# گۆڕان: یەکێتیو پارتی لەهەولێر پۆستەرەکانمان دەشارنەوە

**دوێن هاشم**





کاندیدێکی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی عێراق لەسەرەتای بانگەشەی هەڵبژادندا رێگریان لێکراوە لەهەڵواسینی پۆستەرەکانیان، راشیگەیاند لەکۆتایی بانگەشەکەدا هەڵمەتی داپۆشینو لێکردنەوەی پۆستەرەکانیان لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە دەستیپێکردووە.

مریەم عەزیز کاندیدی لیستی گۆڕان لەهەولێر لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت لەسەرەتای بانگەشەوە "لیستی دەسەڵات" رێگربووە لەهەڵواسینی پۆستەرەکانی لیستی گۆڕان، "بەڵام هەستمان کردووە لەم چەند رۆژەدا جگەلەوەی رێگری لەهەڵواسینی ئەو پۆستەرانە دەکەن، لەهەندێک شوێن بەپۆستەری خۆیان دەیشارنەوە".

ئەو کاندیدە وتی "لەئێستادا ئەو دیاردەیە لەنێوان یەکێتیو پارتیش سەریهەڵداوە".

# بانگەشە بەدەم زکری خواو تەقەی دۆمینەوە

## بەساڵاچووان بانگەشەی لیستەکانیان دەبەنە چایخانەو مزگەوتەکان

○ کاروخ محەمەد لەسلێمانی



لەسلێمانی، بەپێچەوانەی گەنجانەوە کەتەواوی شەقامەکان بەهوتافکێشانو بەرزکردنەوەی ئاڵاوە دادەپۆشن، بەساڵاچووان بەدەم زکری خواو تەقەی دۆمینەوە بانگەشە دەکەن.

لەگەڵ دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان لەهەرێمی کوردستان، هاووڵاتیان لەشوێنی جیاوازو بەشێوازی جیاواز بانگەشە بۆ لیستەکانیان دەکەن.

گەنجان بۆ بانگەشەی لیستەکانیان شەقامەکان بەهوتافکێشانو بەرزکردنەوەی ئاڵای لیستەکانیانەوە تەواوی شەقامەکانیان داپۆشیوە، بەساڵاچووانیش بانگەشەکان دەبەنە مزگەوتو چایخانەکان.

وەستا محەمەد تەمەن ٧٥ ساڵ کە لەگەڵ چەند هاوتەمەنێکیدا یاری دۆمینەی دەکرد، بەدەستووری وت "ئێمە کەچووینەتە تەمەنەوە لەچایخانەو مزگەوتەکان بانگەشەی خۆمان دەکەین، بەڵام بەشێوازێکی هێمنانەوە لەسەرخۆ لەنێوان یەکتریدا بیروڕاکان دەگۆڕینەوە".

وەستا محەمەد وتیشی "ئێمەش کەگەنج بووین وەک گەنجەکانی ئێستا دەچووینە سەر شەقامەکان، بەڵام بەتوندوتیژی نا".

هەروەها وتی "ئێمە چووینەتە تەمەنەوە، ئێستا بۆ گەنجەکانمان جێهێشتووە، کاروانەکەمان داوەتە دەست ئەوان".

شەماڵ خزر قادر تەمەن ٢٧ ساڵ، خوێندکاری زانکۆ وتی "هەموو شەوێک ئەگەر کاتم هەبێت دەچمە دەرەوە، چونکە شوێنێکی تر نییە دڵسۆزی خۆم بۆ ئەو لیستە دەرببڕم".

شەماڵ دەڵێت ئەو گەنجانەی کە لەسەر شەقامەکان بانگەشە دەکەنو بەساڵاچووەکانیش لەچایخانەو مزگەوتەکان پەیوەندی بەکلتوری ئەو وڵاتەوە هەیە، "رەنگە ئەوان بەلایانەوە عەیبە بێت بێنە سەرشەقامەکانو ئاڵایەک یان دروشمێک بەرزبکەنەوە، یان فیکەو هۆڕن لێبدەن، بەڵام بۆ گەنجێک زۆر ئاساییە، یان رەنگە بەهۆی تەمەنەوە تاقەتی ئەوەیان نەمابێت".

بەساڵاچووان بەدەم زکری خوا لەمزگەوتەکانەوە لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ لەسەر لیستو کاندیدەکان دەکەنو لەچایخانەکانیش بەدەم تەقەی دۆمینەو تاوڵەوە بانگەشە بۆ لیستەکانیان دەکەن.

محەمەد ساڵح ٧٤ ساڵ، لەچایخانەیەکی شەقامی کاک ئەحمەدی شێخ دانیشتبوو، پۆستەری یەکێک لەکاندیدی لیستەکانی بەدەستەوە گرتبوو، بەدەستووری وت "تائێستا هەرکەسێک هاتووە قۆڵبڕبووە، چونکە لەناو دەروونی ئەم میللەتەوە هەڵنەقوڵاوە، بەڵام من ئامادەم دەنگ بدەم بۆ ئەوەی ئیسپاتی بوونی میللەتەکەم بکەم لەبەرامبەر شۆڤێنییەتی عەرەبدا، بەڵام گەشبینیش نیم".

بەلای ئەو بەتەمەنەوە، ئەو هۆڕن لێدانو خەڵک بێزارکردنە راست نییە، ئەوەی لایەنگری هەر لیستێکە با بەبێدەنگی بانگەشەی خۆی بکاتو دەنگی خۆی بدات.

محەمەد ساڵح وتی "ئاساییە کەگەنجەکان بەشێوازێکی هێمنو لەسەرخۆ لەشەقامەکان بانگەشە بکەن، نەک دەست لەیەخەی یەکتر گیربکەن، بەلای منەوە پیرەکان هەڵوێستیان جوانە ئەگەر بانگەشەش بکەن لەئەدەبو ئەخلاق دەرناچێت".

بەکر حەمە شەریف خاوەنی چایخانەی شەعب لەگەڵ تێکردنی چاو رایکردنی موشتەرییەکانی بەدەستووری وت "ئەو کەسانەی کەدێن بۆ چایخانەی شەعب لەچینی رۆشنبیرانو دەمەقاڵێ لەنێوانیاندا روونادات".

# گوماندەکرێت دانانی مەسرور بارزانی بۆ هەڵمەتی بانگەشەی هەولێر، بۆ کەمکردنەوەی جەماوەری نێچیرڤان بێت

○ معاز فەرحان

پارتی بۆ هەڵمەتی بانگەشەکانی هەولێرو دەوروبەری مەسرور بارزانی داناوە، گومانیش دەکرێت دانانی ناوبراو بۆ لێدانو کەمکردنەوەی جەماوەرو رۆڵی نێچیرڤان بارزانی بێت لەپارێزگای هەولێر.

بەهۆی ئەوەی ٤ ساڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت بووە، شارەزایانی سیاسی پێیانوایە نێچیرڤان بارزانی توانیویەتی لەهەولێر جەماوەرێکی زۆری پارتی بەلای خۆیدا رابکێشێتو ئاماژە بەوەشدەکەن کەدانانی مەسرور بارزانی بەسەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سنووری پارێزگای هەولێر بۆ کەمکردنەوەی جەماوەری نێچیرڤان بارزانی بێت.

مەسعود عەبدولخالق پسپۆڕیی سیاسی لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت "لەسیستمی نوێی حیزبە عەلمانییەکاندا دەوری حیزب وەکو موڵکییەتی لێهاتووە، ئێستا لەناو حیزبە عەلمانییەکاندا لەدوای ئەوەی کەباوک نامێنێت کوڕ یان برا یان برازا دادەنرێت، چونکە ئەو حیزبە بەموڵک حیسابە".

مەسعود عەبدولخالق ئەوەشی وت "نێچیرڤان بارزانی پیاوێکی کراوەیە، ئەو پیاوە لەکاتی حکومەتداریدا توانی تەشەنوجات نەهێڵێت، ئەگەر سەرۆکی حکومەت بووایە لەم هەڵبژاردنەدا نەیدەهێشت تەشەنوجات بەو رادەیە بوایە کەتەقەکردنو شەڕبوایە، شتێک هەیە نازانم تاچەند راستە کەدەڵێن ئیشو کارەکانی سەرۆکی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ لای مەسرور بارزانی کەهەرچەندە پەیوەندیشی بەسەرۆکایەتی هەرێمەوە نییە".

لەلای خۆیەوە جەعفەر ئیمینیکی سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، هەموو ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوە کەگوایە مەسرور بۆ ئەو مەبەستە دانراوەو بەدەستووری وت "لەبەر واقیعی سیاسی هەرێمی کوردستان مەکتەبی سیاسی بڕیاریدا برادەرانی مەکتەبی سیاسی دابەشببن، سنووری گەرمیانو کەرکوک کاک مەحمود محەمەد سەرپەرشتی دەکات، پارێزگای سلێمانی عیزەدین بەرواریو لەپارێزگای دهۆکو نەینەوا کاک فازیل میرانیمان داناوە کەکەسێکی زۆر لێهاتووە، بەهەمانشێوە کاک مەسرور بارزانی تەبیعی هاوکار دەبێت بۆ هەر شوێنێک کەپێویستی بەوبێت".

هەروەها وتی "بەڕاستی ئەو خەڵکە بەهەڵە بۆ ئەو مەسەلەیە دەچن کاک مەسرورو کاک نێچیرڤان تەواوکەری یەکترن، پێموایە ئەو جۆرە خەڵکانە بەخۆڕایی خۆیان سەرقاڵدەکەن بەو مەسەلانەوە، باوەڕ بکە ئەوە پێشنیاری خودی منو کاک محەمەدی مەلا قادر بوو کە سنووری هەولێر کاک مەسروری لێبێت".

# عەلی باپیر خۆیو زاواکەیو سکرتێرەکەی کاندیدی کۆمەڵی ئیسلامین

○ محەمەد حەمە نەجیب لەسلێمانی

هەریەکە لەعەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیو عەبدولستار مجیدی زاوایو حاجی هێمن بەرپرسی مەکتەبی ئەمیری کۆمەڵ، کاندیدی لیستی کۆمەڵن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەو دووانەی یەکەمیان ژمارەکەیان یەکەمو دووەمی لیستی پارێزگای هەولێریان گرتووە.

محەمەد حەکیم ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "ئەوە لەلایەن زۆرینەی سەرکردایەتی کۆمەڵەوە بڕیاری لەسەر دراوە، هەرچەندە مامۆستا خۆی پێناخۆش بووە، بەڵام پابەندبووە بەبڕیاری ئەندامانی سەرکردایەتییەوە، چونکە کەسایەتی مامۆستا لەهەولێر لیستەکە بەهێز دەکات".

زانا رۆستایی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیو لێپرسراوی هەڵمەتی هەڵبژاردنی کۆمەڵ لەلێدوانێکدا بەدەستووری راگەیاند "لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێمو هەروەها کەرکوکیش چەند کەسێک لەئەندامانی خۆمان یان کەسانی سەربەخۆ خۆیان پێشنیارکرد، دواتر لەسەرکردایەتی کۆمەڵ کۆبوونەوەمان کرد، بەدەنگدانی نهێنی ئەوانەمان دیاریکرد".

لەبارەی کاندیدکردنی مامۆستا عەلی باپیرو عەبدولستار مەجیدو حاجی هێمن، زانا رۆستایی وتی "لەلایەن مەڵبەندی هەولێرەوە ئەو کەسانە پێشنیارکرانو سەرکردایەتیش پەسەندی کردوون، بۆیە هیچ پەیوەندی بەخزمایەتیو نزیکایەتییەوە نەبووە، ئەمانە پێشمەرگەیەکی دێرینو کەسایەتییەکی دیاری ناو خەڵکی هەولێرنو رۆڵو قورسایی خۆیانیان هەیە".



# پارتی لەهەولێرو دهۆك كاندیدەكانیان فەرزدەکەن

○ دەستوور لەهەولێرو دهۆک

پارتی لەهەریەکە لەپارێزگای هەولێرو دهۆک ماڵ بەماڵ دەگەڕێنو کاندیدەکانیان بەسەر ماڵانو لقو ناوچەو رێکخراوەکانیان فەرز دەکەنو داوا دەکەن دەبێت دەنگیان پێبدەن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەسنووری رێکخستنەکانی پارتی لەپارێزگای هەولێرەوە دەست دەستوور کەوتووە، پارتی دوای ئەوەی کۆبوونەوەیەکی بەلقو ناوچەکانی هەولێرو دەوروبەری کردووە، چەند مەرجێکی بەسەریاندا فەرزکردووە.

سەرچاوەیەک لەرێکخستنەکانی پارتی لەهەولێر بەدەستووری وت "پارتی کاندیدەکانی بەسەر لقەکاندا دابەشکردووەو پێیراگەیاندوون کەهەر لقێکی دەوروبەری هەولێر ئەرکی دەرچوواندنی کاندیدێکی لەئەستۆدایە".



هەروەها ئەو سەرچاوەیە وتیشی "بۆنموونە لەسنووری لقی ١٦ی دەوروبەری هەولێر داواکراوە بەهەر شێوەیەک بێت، دەبێ (شیلان) کەکاندیدی حیزبەکەیانە دەربچێت، لەگەڕەکەکانی باداوەو مەنتکاوەو گوڵانو گەڕەکی ٩٢، داواکراوە، دەنگ بەسامی شۆڕش بدەن، لەگەڕەکی رەنگینو نەورۆزو کوردستانیش دەنگ بەمامۆستا رەئوف بدەن". لەلایەکی ترەوە، پارتی لەسنووری پارێزگای دهۆکیش ماڵ بەماڵ دەگەڕێتو داوا دەکەن دەنگ بەکاندیدەکانیان بدەنو پۆستەرو وێنەی کاندیدەکانیان بەسەردا دابەشدەکەن.

جوان موسا، دانیشتووی گەڕەکی مەلایین لەدهۆک، بەدەستووری وت "ئەوە چەند جارە پارتی لەدەرگامان دەدەنو داوا دەکەن دەنگیان پێبدەین".

# ١٢٠ سكاڵا لەهەولێرو سلێمانیو دهۆك تۆماركراون

○ کاروخ نامیق لەسلێمانی

لەسەرەتای دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە تائێستا لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان ١٢٠ سکاڵا لەلایەن لیستو قەوارە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەوە تۆمارکراون.

هەندرێن محەمەد بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەدەستووری وت "تائێستا لەپارێزگای هەولێر ١٥ سکاڵا لەلایەن قەوارەو لیستە جیاجیاکانەوە تۆمارکراون".

هەندرێن محەمەد ئەوەشی وت "ئەو سکاڵایانەی لەئۆفیسی هەولێر تۆمارکراون زیاتر لەسەر دڕاندنی پۆستەرو بەکارهێنانی شوێنی گشتی بووە لەلایەن قەوارەو لیستەکانەوە".

لەلایەکی ترەوە، بەرپرسی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند تائێستا لەسلێمانی ٤٦ سکاڵا لەلایەن لیستو قەوارەکانەوە لەبارەی پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردنەوە ئاراستەی کۆمسیۆن کراوە.

تاهیر محەمەد لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت "لیستو قەوارەکانی پارێزگای سلێمانی ٤٦ سکاڵایان لەدژی یەکترو لەبارەی پێشێلکارییەکانەوە ئاراستەی کۆمسیۆن کردووە، کە ١١ لەو سکاڵایانە پێش دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانو ٣٥ سکاڵای تر لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن تۆمارکراون".

لەپارێزگای دهۆکیش ٥٩ سکاڵا لەلایەن قەوارەو لیستەکانی ئەو پاریزگایەوە تۆمارکراون.

بەیار دۆسکی بەڕێوەبەری ئۆفیسی دهۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وتی"٥٩ سکاڵا لەلایەن ئەو قەوارەو لیستانەی کاندیدیان لەپارێزگای دهۆک هەیە تۆمارکراون".

بەڕێوەبەری ئۆفیسی دهۆک ئەوەشی وت "ئەو سکاڵایانەی تۆمارکراون زیاتر پەیوەندی هەیە بەدڕاندنی پۆستەرو لێکردنەوەی وێنەی کاندیدەکانو هەروەها بەکارهێنانی کەلو پەلی حکومەت بۆ بانگەشە".

# هەولێر بەبێ بانگەشە هەڵبژاردن بەڕێدەکات

## لەترسی "دەسەڵات" لەهەولێر ئیشبکەو نوێژبکە



"لەهەولێر ئازادی بەوشێوەیە نییە تابتوانیت رای خۆت دەرببڕیت"

دەستوور لەهەولێر

هاووڵاتیانی شاری هەولێر، دەڵێن دروستکردنی ترس لەلایەن دەسەڵاتو رێگەنەدان بۆ دەربڕینی رای خۆیان بۆ لیستەکانی جیا لەدەسەڵات، بووەتە هۆی ئەوەی بانگەشەی هەڵبژاردن لەشارەکەیان بەبێدەنگیو دوور لەبانگەشەیەکی چڕ، بەڕێوەبچێت.

لەسەرەتای دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە تاوەکو ئێستاش، شەقامەکانو شوێنە گشتییەکانی شاری هەولێر، بەبێ بەرزکردنەوەی پۆستەرو لافیتە لەلایەن هەوادارانی قەوارە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەوە بەڕێوەچووە، هاووڵاتیانیش هۆکەی دەگێڕنەوە بۆ ترس لەدەسەڵات.

ئەوان پێیانوایە کەدەسەڵات کارێکی وایکردەوە خەڵک بترسێت لەهەڵبژاردنو نەوێرێت ئازادانە بانگەشە بۆ لیستەکانی دەرەوەی دەسەڵات بکات.

کۆسار حسێن تەمەن ٢٢ ساڵ، خوێندکاری بەشی کوردی لەزانکۆی سەڵاحەدین وتی "حیزبی دەسەڵات لەهەولێر رێگەنادات خەڵک بەئارەزووی خۆی قسەبکات، ئەوەی رای خۆی بەئاشکرا دەرببڕێت دووچاری سزادان دەبێتەوە".

"خەڵکی هەولێریش دەیەوێت وەک خەڵکی سلێمانی بەوشێوە دیموکراسییە بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ لیستەکانیان بکەن، بەڵام دیموکراسی لێرە تەنها بۆ لیستی دەسەڵاتە" کۆسار وای وت.

بەرای بەشێک لەرۆشنبیرانو شیکەرەوانی سیاسی، خەڵکی هەولێر خۆیان بەشێکن لەدروستکردنی ئەو دۆخەو بێدەنگیان دەسەڵاتی ناچارکردووە بەو شێوەیە مامەڵە بکات.

رێکار حەسەن تەمەن ٢٤ ساڵ، خوێندکار، وتی "خەڵکی هەولێر لەژێر سایەی رژێمی بەعس زیانی زۆری بەرکەوتووە، دوای راپەڕینیش لەشەڕی ناوخۆدا هەولێر بووە مەیدانی ئەو شەڕە، ئەوەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر سایکۆلۆژیای خەڵکی هەولێر هەبووە".

جیاوازییەکی زۆر هەیە لەجۆری رادەربڕین بۆ لیستەکانی دەرەوەی دەسەڵات لەنێوان ئەو دوو پارێزگایەی ژێر جێنفوزی پارتی، بەبەراورد بەهەریەکە لەپارێزگاکانی کەرکوکو سلێمانی.

لەسلێمانیو ناوچەی گەرمیان بانگەشەکان زۆر بەچڕی دەستیپێکرد، رژانە سەرشەقامەکانو مانەوە تا شەو لەلایەن هەوادارانەوە لەیەکەم رۆژی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە تائێستاش بەردەوامە، بەپێچەوانەوە لەهەولێرو دهۆک وەک ئەوە وایە هەڵبژاردنیش لەئارادا نەبێت.

کامەران مەنتک مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سەڵاحەدین وتی "ئەو رایگشتییەی لەسلێمانی هەیە رایەکی ئاشکرایە، بەڵام لەهەولێر رایەکی شاراوەیە، هەرچەندە لەکاتی دەنگداندا ئەو رایەی خەڵکی هەولێر دەبێتە کردار، واتا دەبێتە هەڵوێستێک".

کامەران مەنتک ئاماژەی بەوەشدا رەنگە خەڵکی سلێمانی زیاتر فێربووبێت یان ئاشنای زیاتریان هەیە، لەبەکارهێنانی ئازادییەکانیان، "شاری هەولێر هۆشیاریان لەبەکارهێنانی ئازادییەکانیان کەمترە".

ئەو وتی "بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن دەسەڵاتەوە، کاریگەری هەیە، بۆیە دەنگدەری هەولێر کەمتر فێربووە ئازادییەکانی خۆی بەکاربهێنێت".

هەولێرییەکان لەنێو خۆیاندا بەردەوام ئەو وتەیە دەڵێنەوە کەئەگەر لەهەولێر ئیشو نوێژ بکەن، ئەوا کەس رێگەیان پێناگرێت.

رێکار پێیوایە خەڵکی هەولێر خۆی بێدەنگە، بەڵام بەدەنگێکی بەرزتر وتی "بەڵام دەسەڵاتیش کارێکی وایکردەوە خەڵک بترسێت لەهەڵبژاردنو بانگەشەکردن بۆ لیستەکانی دەرەوەی دەسەڵات".

محەمەدی مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیو ئەندامی لیژنەی هەڵبژاردنی ئەو حیزبە وتی "بێدەنگی هەولێر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەپارتی بڕیاریداوە بانگەشەکە زیاتر بەهەڵواسینی پۆستەرو وێنە بێت، نەک خەڵک بێزارکردن، هیچ هۆکارێکی تر نییە".

لایەنەکانی دەرەوەی دەسەڵات دووپاتی وتەی هاووڵاتیان دەکەنەوە، لەوەی خەڵکی هەولێر ترسیان لەدەسەڵات هەیە.

کۆتا رۆژەکانی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ ئەوەی نیشاندا کەدەسەڵات لەوشارە رێگەنادات لایەنەکانی دەرەوەی دەسەڵات بەبێترس رای خۆیان لەسەر لیستو قەوارەکان دەرببڕن، کاتێک دەسەڵات بەئاشکرا هەڵیکوتایە سەر بارەگاکانی کۆمەڵی ئیسلامیو گۆڕانو یەکگرتوو.

بەرای چاودێران ئەو هەڵکوتانو پەلاماردانانە لەکاتی بانگەشەکانی ٧/٢٥ نمونەی دروستکردنی ئەو ترسانەن.

د. بورهان باڵەکی کاندیدی یەکگرتوو ئیسلامی کوردستان لەهەولێر بەدەستووری وت "لەگەڵ ئەوەی ترسێک هەیە لەدڵو دەروونی خەڵکی هەولێردا، بەڵام خەڵکی هەولێر هێمنترن بەبەراورد لەگەڵ خەڵکی ناوچەکانی تری کوردستان".

ئەو کاندیدەی یەکگرتوو ئاماژەی بەوشدا "هەرچەندە دەسەڵات بەشێوەیەکی راستەوخۆ رێگرنەبووە لەبانگەشەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی لیستەکان، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە شەوانە پۆستەری کاندیدو لیستەکان لێدەکرێتەوە".

سەفین مەلا قەرە، بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان لەهەولێر، وتی "خەڵکی هەولێر دەترسێت لەدەسەڵات، بۆیە بەگرووتینەوە بانگەشە ناکەن".

خۆشناو حەسەن هاووڵاتی وتی "بەڵێ بانگەشەی هەڵبژاردن لەهەولێر هەر بوونی نییە، بەڵام خەڵکی هەولێر بەجۆشو خرۆشەوە خۆیان ئامادەکردوە بۆ رۆژی دەنگدان".

ئەو وتی "حیزبی دەسەڵات لەهەولێر کاریگەری هەیە لەسەر لیستەکانو ناتوانن بەئازادی بانگەشە بۆ کاندیدەکانیان بکەن".

لەدرێژەی قسەکانیدا ئەو هاووڵاتییە وتی "ئەوە راست نییە کەخەڵکی هەولێر حەزیان بەسیاسەت نەبێت، بەڵام ئەو ئازادییە بەو شێوەیە نییە تابەتوانن گوزارشت لەراوبۆچوونی خۆیان بکەن".

# "بەهۆی لیستی هاوپەیمانییەوە بەشداری کۆمەڵ لەبەغداد لاوازبووە"

## کاندیدێکی کۆمەڵی ئیسلامی لەپارێزگای سلێمانی بۆ دەستوور

سازدانی: مەعاز فەرحان

**کامەران بابان زادە کاندیدی کۆمەڵی ئیسلامی لەپارێزگای سلێمانی دەڵێت سێ حیزبە ئیسلامییەکەی کوردستان ناتوانن نوێنەرایەتی تەواوی رەوتی ئیسلامی لەکوردستان بکەن، پێشیوایە لیستی جیاواز وادەکات کێبڕکێ لەسەر چەسپاندنی مافەکانی کورد لەبەغداد زیاتر بکرێت.**

..............................

**دەستوور:** ئەمڕۆ ئەو هێزو قەوارانەی بەشداری لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا دەکەن دابەشبوون بەسەر ئایینو مەزهەبو نەتەوەکاندا، ئایا ئێوە وەکو کۆمەڵی ئیسلامی لەکوێی ئەمەدان وەک هێزێکی ئایینی یان نەتەوەیی دەچنە پەرلەمان؟

**کامەران بابان زادە:** دابەشبوونی هێزەکانی کوردستان بەسەرهێزی ئایینیو هێزی نەتەوەیی بەدابەشبوونێکی تەندروست نابینم، لەبەرئەوە مەرج نییە ئەوهێزانەی لەشەقامی کوردیدا بەهێزی ئایینی ناسراون خاوەن خواستی نەتەوەیی نەبن، مەرجیش نییە هەموو هێزە نەتەوەییەکان لەبیرکردنەوەو باکگراوندی ئایینی بەدوور بن، لیستی ئێمە لیستێکە بۆ خواستەکانی کۆمەڵگەی کوردستان تێدەکۆشێت، بەڵام باکگراوندو بیرو دیدێکی ئیسلامیانەی هەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم دابەشبوونە لەئەسڵدا دابەشبوونێکی ناواقیعیەو ئێمە نوێنەری میللەتی خۆمانین لەبەغدا بەباکگراوندو دیدێکی ئیسلامیانەوە.

**دەستوور:** کورد لەئەمڕۆدا کۆمەڵێک کێشەی گەورەی هەیە لەسەرجەم مەسەلەکاندا وەک ناوچە جێناکۆکەکان، مادەی ١٤٠، کێشەی نەوت، بۆ ئەمەش پسپۆڕی لەو بوارانەدا دەوێت، بەڵام ئەوەی دەبینرێت زۆربەی کاندیدەکانی ئێوە دەرچووی شەریعەتن، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەئێوە وەک هێزێکی ئایینی دەچنە پەرلەمانەوە؟

**کامەران بابان زادە:** لەوانەیە هەندێکی ئەم ناساندنەی تۆ راستبێت، بەڵام ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە پسپۆڕی تری تێدا نەبێت، لەناو کاندیدەکانی ئێمە پسپۆڕی یاساو بوارە زانستییەکانیشی تێدایە، ئەگەر سەیری پرۆفایلی هەموویان بکەی، لەوانەیە زۆرینە ئەوەبێت کە جەنابت دەیڵێیت، من لەئاستی خۆمەوە لەو ریزبەندییە نیم کە تۆ باست کرد، ماستەرم لەمێژووی عێراقی هاوچەرخدا هەیەو مامۆستای مێژووی عێراقی سیاسی بووم بۆ ماوەی چوار ساڵ لەزانکۆو پەیمانگاو ماستەرێکی ترم لەمێژووی ئیسلامدا هەیە، لەو بوارەیەوە پاشخانێکم هەیە لەپاڵ ئەم شارەزاییەم لەئیسلامو شەریعەتدا.

**دەستوور:** گەر چوونە پەرلەمان داتاننناوە لەگەڵ چ هێزو قەوارەیەکدا هاوپەیمانێتی بکەنو لەسەر چ بنەمایەک هاوپەیمانێتی دەکەن؟

**کامەران بابان زادە:** بەتەئکید کۆمەڵی ئیسلامی بیرکردنەوەی تایبەتی خۆی هەیە، خەسڵەتی دیاریکراوی خۆی هەیە بۆ ئامانجەکانی بۆ کێشەو گیروگرفتەکانی عێراق، لەهەمان کاتیشدا دیدێکی ئیسلامی هەیە بۆ چارەسەری کێشەکان، ئەمە لەکاتی خۆیدا هەرگروپو لایەنێک لەپەرلەماندا بگونجێت لەگەڵ دیدی کۆمەڵی ئیسلامی، بگونجێت لەگەڵ ئامانجەکانی، لەوێدا قسە دەکرێت لەسەر هاوپەیمانی، پێشوەخت هیچ بڕیارێک نییە کە هاوپەیمانی لەگەڵ چ لایەنو لیستێک دەکرێت.

**دەستوور:** لەپەرلەمانی پێشودا کۆمەڵی ئیسلامی بەشداربوو، بەڵام دەنگێکی کزبوو چیتان کردوە کە ئەمجارە ئەزمونی جاری پێشوو دووبارە نەبێتەوە؟

**کامەران بابان زادە:** جارەکەی تر لەبارودۆخێکی تایبەتدا بوو لەناولیستی هاوپەیمانی، بەتەئکید بەبەشدارییەکی کزەوە بەشداربوو، ئەمجارە بەلیستێکی سەربەخۆو چالاکانە بەشداری دەکات، هەم دەیەوێت لەڕووی ژمارەوە، هەم چۆنیەتییەوە کاراتربێت لەپەرلەمانی ئایندەدا، هەم بتوانێت ژمارەی کورسییەکانی زۆرتر بێت، هەم بتوانێت ئەندام پەرلەمانی کاراو چالاکتر بگەیەنێتە پەرلەمانی ئایندە.

**دەستوور:** لەم پەرلەمانەی ئێستادا لیستی هاوپەیمانی رێگربووە لەچالاکبوونتاندا؟

**کامەران بابان زادە:** کۆمەڵی ئیسلامی لەناو هاوپەیمانی کوردستان یەک کورسی هەبوو، بەتەئکید یەک کورسیش کە پابەندبێت بەبڕیارو رێنماییو کارەکانی هاوپەیمانی، بەتەئکید دەتوانین بڵێین یەکێکە لەکۆسپەکانی بەردەم چالاک نەبوونی کۆمەڵی ئیسلامی لەپەرلەمانی ئێستادا.

**دەستوور:** فرە لیستی قەوارە سیاسییەکانی کوردستان چۆن دەبینی؟

**کامەران بابان زادە:** بەحاڵەتێکی زۆر ئەرێنی دەبینم، لەبەرئەوەی ئێمە ئەگەر بڵێین لیستێک هەبێت لەهەرێمی کوردستانو نوێنەرایەتی هەموو کورد بکات، ئێمە ئەو شێوازەمان تاقیکردەوە، لە٢٠٠٣وە دەبینین نوێنەرایەتی کورد لەبەغدا لەسەریەک لیست لەسەریەک شێوە، ئەمە وای کردوە کە ئەگەر تێبینی بکەین بەهۆی نەبوونی کێبڕکێو رکابەرییەوە لەنێوان لیستی تر لەکوردستان، زۆر لەمەسەلە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمو بەغدا زۆر لەمەسەلەی دەستووری کە لەبەرژەوەندی میللەتی کورددایە رۆژ بەڕۆژ لەپاشەکشەدایە، لەناویاندا مادەی ١٤٠ کە دەبوو ٢٠٠٥ جێبەجێبکرایە، ئێستا هەموو ئازایەتی هاوپەیمانیو نوێنەری کورد لەبەغدا ئەوەیە کە لایەنی بەرامبەرمان دەڵێن ئەو مادەیە مردوە ئێمە بەوە بەسەرکەوتوو تێدەگەین کە لەراگەیاندنەکانەوە بڵێین نەخێر نەمردووە کە ئەمە ئەوپەڕی لاوازی دەگەیەنێت.



کامەران بابان زادە



"ئێمە نوێنەری میللەتی خۆمانین لەبەغدا بەباکگراوندو دیدێکی ئیسلامیانەوە"

# دەنگدانی تایبەت.. کێ دەیباتەوە؟

## کۆمەڵو یەکگرتوو دەترسن، یەکێتیو گۆڕان هیچناڵێن، پارتی خۆی بەبراوە دەزانێت


١٤٠هەزار کەس بەشداری دەنگدانی تایبەت دەکەن

محەمەد حەمەنەجیب لەسلێمانی

لیستە رکابەرەکانی هەڵبژاردن، لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێم، کێبرکێی توند لەسەر بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەرانی تایبەتدا دەکەن، کە (٤-٥) کورسی پارێزگاکانی هەرێم پێکدەهێننو بڕیارە سبەی پێنجشەممە ئەنجامبدرێت.

سبەی پێنجشەممە، دەنگدەرانی تایبەت کەپێکهاتوون لەهێزە چەکدارەکانو زیندانیانو نەخۆشو کارمەندانی نەخۆشخانەکان دەستپێدەکات، ئەگەرچی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئاماژە بەگرتنەبەری رێوشوێنی توند دەکەن بۆ رێگرتن لەساختەکاری، بەڵام لێپرسراوی بانگەشەی هەڵبژاردنی هەندێک لەقەوارەکان لەئێستاوە ترسی لەدەنگدانی تایبەتدا هەیە، بەوەی رێگەنەدرێت دەنگدەران بەئازادی دەنگبدەن.

بەپێی ئەو ئامارانەی دەست دەستوور کەوتووە، لەسنووری هەر سێ پارێزگاکەی حکومەتی هەرێم، نزیکەی (١٤٠) هەزارو ٥٠٠ کەس بەشداری دەنگدانی تایبەت دەکەن کەبڕیارە سەرلەبەیانی رۆژی ٥ شەممە ئەنجامبدرێت.

بەپێی ئاماری ئۆفیسەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەهەر سێ پارێزگاکەی هەرێم، لەپارێزگای سلێمانی نزیکەی ٦٦٥٠٠ کەس لەهێزە چەکدارەکانو کارمەندانی تەندروستیو نەخۆشو پۆلیس لە٥١ ناوەندی دەنگداندا بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن.

لەپارێزگای هەولێریش نزیکەی ٥٠ هەزار کەسو لەپارێزگای دهۆکیش نزیکەی ٢٤ هەزار کەس بەشداردەبن کەکۆی گشتی دەنگدەران نزیکەی (١٤٠) هەزارو ٥٠٠ کەس دەبن، بەوەش (٤-٥) کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات لەکۆی ٤٣ کورسی هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم.

بەشێک لەکیانە سیاسییەکان بەترسەوە لەهەڵبژاردنی دەنگدەرانی تایبەت دەڕوانن‌و پێیانوایە دوو هۆکار هەیە کەئەوان دەنگنەهێنن، یاخود دەنگی کەمبهێنن لەو هەڵبژاردنەدا.

ئەوان پێیانوایە لەبەرئەوەی تەواوی هێزە چەکدارەکان سەر بەهەردوو حیزبی دەسەڵاتدارن، لەلایەکی تریشەوە جۆرێک لەرێگەگرتن‌و فشار هەیە لەسەریان لەوەی نەتوانن بەئازادی رادەربڕن، بۆیە ئەگەری بەدەستهێنانی دەنگێکی کەمیان هەیە.

زانا رۆستایی بەرپرسی هەڵبژاردنی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی پێیوایە کۆمەڵی ئیسلامی دەنگێکی زۆر ناهێنن لەنێو دەنگدەرانی تایبەتدا "لەبەرئەوەی هێزە چەکدارەکان، لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە کۆنترۆڵ کراون".

رۆستایی وتی "لەوانەیە کەسانێک هەبن لەدڵەوە حەزبکەن دەنگبدەن بەلیستەکەمان، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەئازادنین‌و لەژێر گوشارو فشارێکی زۆردان نەتوانن دەنگمان بدەنێ".

کۆمەڵی ئیسلامی ترسی خۆی لەوە نیشاندەدات کەساختەکاری لەدەنگدانی تایبەتدا بکرێت، بەوەش بەزەرەر بەسەر دەنگدەرانی تایبەتدا بشکێتەوە.

رۆستایی وتی "لەئێستاوە دەیانەوێت ساختەکاری بکەن، دەیانەوێت خەڵکانێک بنێرنە نەخۆشخانەکان‌و بیانخەوێنن، بۆیە پێمانوایە زۆربەی دەنگەکان بۆ لیستی هاوپەیمانی دەبێت، چونکە ئازادییەکی تەواو لەو دەنگدانەدا نییە".

لەنێو قەوارە ساسییەکانی هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم، پێشبینی دەکرێت زۆرینەی دەنگی دەنگدەرانی تایبەت بۆ سێ قەوارە بچێت، ئەوان پارتیو یەکێتی لەنێون لیستی هاوپەیمانیدا بەپلەی یەکەم‌و گۆڕانیش بەپلەی دووەم وەک بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ.

بۆیە کێبرکێی توند لەنێوان ئەو سێ لایەنەدا هەیە، لەسەر بەدەستهێنانی زۆرترین رێژە لەو (٤-٥) کورسییەی دەنگدەرانی تایبەتدا.

یەکێتی نایەوێت لەئێستادا پێشبینی لەسەر دەنگدەرانی تایبەتدا بکات‌و پێیوایە تەنها سندوقەکانی دەنگدان ئەوە یەکلاییدەکەنەوە، نەک پێشبینی.

شۆڕش ئیسماعیل بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی بەدەستووری وت "ناتوانم هیچ پێشبینییەک بکەم لەسەر ئەو دەنگدانە، ئەوە سندوقەکانی دەنگدان یەکلاییدەکاتەوە".

ئەو وتی "هەموو ئەوانەی لەدەنگدانی تایبەتدا بەشدارن خۆیان ئازادن دەنگ بەکێ دەدەن‌و چۆن دەنگدەدەن، خەڵکی وشیارن‌و دەزانن دەنگ بۆ کێ دەدەن".

لەلایەکی ترەوە ئاسۆ عەلی ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتی بانگەشەی هەڵبژارنەکانی لیستی گۆڕان، رایگەیاند "دەنگدانی تایبەت ئەوەندە دەڵێم کە دەنگدانێکی هەستیارە، ئێمە نامانەوێت پێش هەڵبژاردنەکان قسەی لەسەر بکەین".

موشیر محەمەد بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامی، پێیوایە رێژەیەکیان لەو دەنگانە بەردەکەوێت، ئەگەر ئەو کەسانە بەئازادنە دەنگبدەن.

ئەو وتی "ئەو هێزانە هەمووی سەر بەدەسەڵاتن‌و دامەزراون، بۆیە فشارێکی زۆریان لەسەرە کەدەبێت دەنگبدەن بەلیستی دەسەڵات، بۆیە دەبێت ئەو هێزانە بێلایەنبن بەو مانایەی کەوەک هەموو چین توێژەکانی تر بتوانن ئازادانە بیروڕای خۆیان دەربڕن".

پارتی پێیوایە ئەوان لەنێو لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا دەتوانن زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنن.

جەعفەر ئیبراهیم بەرپرسی هەڵبژاردنی پارتی وتی "هەموو کیانە سیاسییەکان بەشیان هەیە لەو دەنگدانە تایبەتەدا، بەڵام پێمانوایە هاوپەیمانی رێژەیەکی زۆری بەردەکەوێت".

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کەپارتی دەنگێکی زیاتر دێنێت لەهێزەکانی تر، ئەوەش شتێکی سروشتییەو وتی "برادەرانیشمان لەهاوپەیمانیو دەرەوەی هاوپەیمانی ئەو راستییە دەبینن، لەوەی ئێمە یەکەم دەبین لەدەنگدانی تایبەتدا".

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایدەگەیەنێت، بەهۆی هەستیاری دەنگدەرانی تایبەت، گەرەنتی روونەدانی ساختەکاری بەقەوارەکان رادەگەیەنن.

بەهۆی ئەوەی لەکوردستاندا، تائێستا زۆربەی هێزەکانی پێشمەرگەو پۆلیس‌و ئاسایش لەلایەن دەزگاکانی سەر بەحیزبەکانەوە دانراون، بۆیە ئەوانەی پشکیان لەهێزی پێشمەرگەو تەواوی هێزە چەکدارەکاندا کەمترە، ئومێدیان بەهێنانی دەنگی دەنگدەرانی تایبەت نییە.

عەبدلڕەحمان خەلیفە بەرپرسی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەدەستووری وت "دوو گەرەنتی بنەڕەتی گیراونەتەبەر بۆ روونەدانی پشێویو ساختەکاری، گەرەنتییەکیان لەدەرەوەی کۆمسیۆنە، ئەویتریان لەناوەوەی کۆمسیۆنە".

ئەو وتی "لەدەرەوەی کۆمسیۆن چاودێریکردنی خودی قەوارە سیاسییەکان کەهەر قەوارەیەک چاودێری یەکتری دەکەن، ئەمە سەرەڕای چاودێری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو راگەیاندنەکان".

خەلیفە ئاماژەی بەوەشدا کەئەو کەسانەی دەنگدەدەن لەرۆژی دەنگدانی تایبەتدا "ناوەکانیان لەتۆماری گشتیدا نامێنێتەوە، بۆیە ناتوانن جارێکی تر دەنگبدەنەوە، سەرەڕای ئامادەکردنی مرەکەبێکی زۆر باش کەلێکردنەوەی هەروا ئاسان نییە".

# مەلا کرێکار نیازی بەگۆڕان هەیە

## بەرپرسێکی بزووتنەوە: زەمینەسازی بۆ گەڕانەوە ئامانجیەتی

دلێر عەبدوڵڵا

مەلا کرێکار کەسەرکردایەتی گروپی ئەنسارولئیسلامی کردووەو لای حیزبە عەلمانییەکانی کوردستان بەکەسایەتیەکی شەڕەنگێزو توندڕەو دەناسرێت، رکابەرەکانی دەڵێن لەهەلێک دەگەڕێت بۆئەوەی بگەڕێتەوە کوردستان‌و دووبارە خۆی بخاتەوە نێو ململانێ سیاسییەکان.

مەلا کرێکار کەماوەی چەند ساڵێکە لەوڵاتی نەرویج دوور لەدەسەڵاتی کوردی ژیان بەسەر دەباتو بەهۆی ئەو تۆمەتانەی لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە بەسەریدا سەپێنراوە بەوەی دەستی هەبووە لەکارەساتی خێڵی حەمەو سەرکردایەتیکردنی گروپێکی یاساغی وەک ئەنسار، پەنای بۆ وڵاتی نەرویج بردووەو لەوێ کەوتووەتە دژایەتیکردنی لایەنە عەلمانییەکان لەسەرو هەموویشیانەوە یەکێتیو پارتی، ئەوەش لەو وتارو لێدوانە ئاگریناوییانەدا کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاویدەکاتەوە.

ئەگەرچی مەلا کرێکار باکگراوندێکی ئیسلامییانەی هەیەو بەشێکی سەرەکی بووە لەمێژووی بزاڤی ئیسلامی کوردستان، بەڵام پاش پەنابردنی بۆ نەرویج‌و جیابوونەوەی کۆمەڵی ئیسلامی لەبزووتنەوەی ئیسلامی، کەوتە دژایەتیکردنی ئیسلامییەکانی کوردستان‌و هاوشێوەی عەلمانییەکان لەهێرشکردنە


مەلا کرێکار لەهەلێک دەگەڕێت بۆ گەڕانەوە

سەریان درێغی نەکردووە کەئەوەش بووەتە مایەی نیگەرانی ئیسلامییەکان‌و سەرسامیان لەهەڵوێستی ناوبراو.

عیرفان ئەحمەد کاکە مەحمود ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی بەدەستووری وت "ئێمە وەک بزووتنەوە بەو هەڵوێستەی مامۆستا سەرسامین‌و پێمانوایە زیان گەیاندنە بەدەنگو نفوزی ئیسلامییەکان، ئەمە جگەلەوەی لەڕوانگەی بیروباوەڕو عەقیدەی ئیسلامییەوە لەسەری دەکەوێت".

ئەو هەڵوێستەی مەلا کرێکار تەواو ئیسلامییەکانی نیگەرانکردووەو پێیانوایە هەڵوێستی ناوبراو جگەلەوەی کاریگەری لەسەر دەنگیان دەبێت، خزمەتکردنە بەبەرامبەرییان کە غەیرە ئیسلامییە.

مەلا کرێکار کە لەهەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی کوردستاندا، پشتگیرییەکی تەواوی لیستی گۆڕانی دەکردو هێرشی توندی دەکردە سەر ئیسلامییەکان بەجۆرێک دەنگی ئیسلامییەکانی کزو لاوازکرد.

مەلا کرێکار دووبارەو لەم هەڵبژاردنەدا کەوتەوە دژایەتیکردنی ئیسلامییەکان‌و یەکێتیو پارتیو پشتگیریکردنەوەی لیستی گۆڕان کەچاوەڕێ دەکرێت لەم هەڵبژاردنەدا هەمان زیان بەئیسلامییەکان بگەیەنێتەوە.

پشتگیریکردنی مەلا کرێکار لەلیستی گۆڕان لێکدانەوەو شیکردنەوەی جیای بۆ دەکرێتو لایەنە ئیسلامیو عەلمانییەکان هۆکارگەلێک بۆ ئەو هەڵوێستەی ناوبراو دەخەنەڕوو.

ئەو ئەندام سەرکردایەتییەی بزووتنەوەی ئیسلامی وتی "زەمینەسازی بۆ گەڕانەوەی بۆ کوردستان لەداهاتوودا هۆکاری سەرەکییە، لەگەڵ ئەوەشدا پێمانوایە پێویستە مامۆستا کرێکار روونکردنەوە لەبارەی ئەو هەڵوێستەیەوە بدات".

یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەهەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات مەلا کرێکار بگەڕێنێتەوە کوردستان‌و لەدادگادا دۆسییەکەی یەکلاییبکاتەوە، بۆیە پشتگیریکردن لەلیستی گۆڕان لەلایەن ناوبراوەوە بەلەکەدارکردنی ئەزمونی کوردستان لەقەڵەمدەدات.

عەدنانی حەمەی مینا ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت "گەڕانەوە بۆ کوردستان‌و دووبارە تێکدانەوەی ئەزمونی هەرێمی کوردستان ئامانجی مەلا کرێکارە لەپشتگیریکردنی لیستی گۆڕان، ئەو دەیەوێت بەسود وەرگرتن لەنەیارانی ئەزمونی کوردستان، دووبارە بگەڕێتەوەو پشێوی دروستبکات".

ناوبراو ئاماژە بەوەش دەکات کەمەلا کرێکار لەڕوانگەی "دوژمنی دوژمن دۆستمە، پشتگیری گۆڕان دەکات، ئەگەرنا بیروباوەڕی ئەو لەگەڵ بیروباوەڕی گۆڕاندا زۆر جیاوازە".

لەلایەکی ترەوە، مستەفا چاوەڕەش وەک ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوایە کەگۆڕان هیچ نییە تا گەڕانەوەی مەلا کرێکار بەدەست ئەوان بێت، پشتگیریکردنی ئەو لیستەش لەلایەن مەلاکرێکارەوە مەرامی خۆی لەپشتە.

ئەو وتی "لەبەرئەوە ئەو تەنها دەیەوێت خۆی بهێنێتە کایەکەوە".

کۆمەڵی ئیسلامی کەکەوتووەتە بەرەی دژە مەلا کرێکارەوەو بەهەمیشەیی لەلایەن ئەو کەسایەتییەوە دەکرێتە ئامانجی هێرش‌و رەخنە روخێنەرەکانی، شەڕی ئەو کەسایەتیەی پێناکرێتو نایەوێت ناکۆکییەکانیان هێندەی تر قوڵبێتەوە.

زانا رۆستایی ئەندامی سەرکردایەتی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بەدەستووری وت "ئێمە نامانەوێت بکەوینە شەڕی مامۆستاو شەڕی ئەومان پێناکرێت، بۆیە بڕیاری ئەوەمانداوە بەهیچ جۆرێک لەبارەی ئەوەوە قسە نەکەین".

دەستوور بۆ وەرگرتنی رای لیستی گۆڕان لەوبارەوە پەیوەندی بەهەریەکە لەجەلال جەوهەرو دکتۆر شاهۆ سەعیدو ئاسۆ عەلیو عومەر سەید عەلییەوە کرد، بەڵام هیچ کام لەو بەرپرسانە ئامادەی وەڵامدانەوە نەبوون.



بەشێک لەنەخشەڕێگاکەی ئۆجەلان بڵاودەکرێتەوە
لاپەڕە٩

# "لەبادینانو موسڵ هەڕەشە لەسەر چالاکوانەکانی گۆڕان هەیە"

## سەرۆکی لیستی گۆڕان لەدهۆک بۆ دەستوور

سازدانی: دەستوور

**دکتۆر بورهان یاسین سەرۆکی لیستی گۆڕان لەدهۆک دەڵێت مەترسی ڕوودانی کارەساتێکی هاوشێوەی ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٥ لەدهۆک بەرامبەر یەکگرتوو کرا بەرامبەر لیستی گۆڕان لەئارادایە، داواش دەکات پارتی ئەوە وەک حەقیقەتێک قبوڵ بکات کە گۆڕان ژمارەیەکی گەورەیە لەهاوکێشە سیاسییەکانی هەرێمو عێراقدا.**

.................................

**دەستوور:** بانگەشەی هەڵبژاردن چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

**د. بورهان یاسین:** توانای بانگەشەکردنی لایەنەکان وەکو یەک نییە، یەکەم حیزبەکانی دەسەڵات توانایەکی باشیان لەبەردەستدایە، دووەم هاوسەنگی لەڕەخساندنی هەلی بانگەشەکردن لەنێوان لایەنەکاندا زۆر کەمە، سێیەم چەند ڕۆژێک لەمەوبەر دەستدرێژی کراوەتە سەر ستافی کەناڵی کەی ئێن ئێن لەسەر ڕێگای نێوان دهۆکو زومارو دیارە ئەمانە هەموو بەیەکەوە دەرفەتی بانگەشەکردنی بۆ ئێمە سنووردار کردوە.

دەمەوێت ئەوەت پێبڵێم بەبەراورد بە٧/٢٥، بانگەشەی هەڵبژاردن جیاوازییەکی زۆری بەخۆیەوە دیوە، ئەوکاتە جەماوەرێکی زۆر تەنانەت بەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی گۆڕان ئاشنانەبوون، وشەی گۆڕان شتێکی تازەبوو لەلایان، دوای هەندێک گۆڕانکاری بەتایبەتی هەڵوێستەکەی پەرلەمانتارانی گۆڕان لەناو پەرلەمان لەسەر بودجە کە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، ئەم هۆکارانە هەمووی بەیەکەوە وایکردووە ترسی خەڵک تا ڕادەیەک شکاوە،

بەگشتی دەتوانم بڵێم بانگەشەیەکی تا ڕادەیەک سەرکەوتوومان بەڕێوەبردوە.

**دەستوور:** بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕواندەکرا، لەچەند ڕۆژی ڕابوردودا پەیوەندی نێوان گۆڕانو پارتی لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە گرژی تێکەوتوە، ئێوە ئەوە بۆچی دەگێڕنەوە؟

**د. بورهان یاسین:** پێموانییە مەسەلەی ناوهێنانی پێشمەرگە بەمیلیشیا لەڕاستیدا تاکەهۆکار بێت، لەبنەڕەتدا پاساوێکی واقیعیش نییەو ناکرێت لەباشترین حاڵەتێکدا بکرێتە پاساوێک بۆ ئەو گرژییە، پێموایە پارتی هەستیکردوە گۆڕان بەرەوپێشچوونێکی کردووەو لەبەرامبەردا کاردانەوەی دەبێت، ئەو کاردانەوەیەش بریتییە لەقۆستنەوەی ئەو قسەیە کە ئەسڵی مەسەلەکەش وانییەو قسەکەی عەدنان عوسمان بەوشێوەیە نییە.

بەشێوەیەکی گشتی ئێمە واهەست دەکەین حیزبە دەسەڵاتدارەکان هەستیان بەوەکردوە گۆڕان بەرەوپێشدەچێت، دەیانەوێت گۆڕان سەرقاڵی مەسەلەیەک بکرێت کەپەیوەندی بەهەڵبژاردنەوە نییە، لەجیاتی گەیاندنی پەیامو کارنامەی لیستەکان بەهاووڵاتیانی کوردستان، ئاراستەی بانگەشەکان بەلایەکی تردا بڕواتو وزەو تواناکان لەشتێکی تر خەرجبکرێت، بەبۆچوونی من خەریکە ئەوەش تێدەپەڕێنین.


**دەستوور:** هەندێک لەچاودێران دەڵێن پارتی هەمیشە دهۆکی بەماڵی خۆی زانیوە، تەنانەت ئامادەش نییە لەگەڵ یەکێتیدا بەشی بکات، ئایا پێتوایە ئێستا قبوڵ دەکات گۆڕان ببێتە هاوبەشی؟

**د. بورهان یاسین:** بەبۆچوونی من ئەوەندەی پەیوەندی بەپارتییەوە هەیە، دەبێت ئەو پرسیارە لەلێپرسراوانی پارتی بکرێت ئایا ئەوان چییان ئامادەکردوە بۆ دوای ٣/٧؟ ئایا پارتی چی ئامادەکردوە بۆ ئەو ڕۆژەی هاوکێشە سیاسییەکان دەگۆڕێن بەشێوەیەک کەئەگەرێکی یەکجار زۆرە گۆڕان ببێت بەژمارە ٢ لەدوای هەڵبژاردنەکان؟ لەوەش زیاتر ئێستا هێماکان جوان دەردەکەونو خەڵکیش باش دەیخوێنێتەوە، گۆڕان نەک لەئاستی کوردستانو عێراقدا ژمارەیە، لەئاستی جیهانیدا کەپەیوەندی هەیە بەکێشەی کوردو جیهانی دەرەوە ژمارەیە، کاتێک کاک مەسعود بارزانی دەچێت بۆ واشنتۆنو لەگەڵ ئۆباما دادەنیشێت، ئۆباما یەکێک لەپەیامەکانی بەڕوونی ئەوەبوو ئێمە دەمانەوێت بیری جیاواز لەکوردستان هەبێت، لەهەمان ڕۆژدا کریستۆڤەر هێڵی باڵیۆزی ئەمەریکا لەبەغدا دەنێرێت بۆ گردەکە بۆ لای سەرکردەکانی گۆڕانو ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە کە کورد پێویستی بەئۆپۆزسیۆنێکی کارا بەجیاوازی لەبیروڕاو بەجیاوازیی لەشێوەی خۆڕێکخستنو کارنامەی سیاسی هەیە بۆئەوەی دەسەڵاتی کوردی تەندروست بێت.

بەو هیوایەین پارتی دیموکراتی کوردستان لەو حەقیقەتە بگات کەئیدی گۆڕان نەک هەر ژمارەیەکی ناوخۆییە لەهەولێرو سلێمانیو دهۆک، بەڵکو پاش پێنج شەش ڕۆژی تر دەبێتە ژمارە لەهاوکێشەی سیاسیی عێراقداو ژمارەیەکی گەورەش دەبێت، چونکە هەم دەچێتە پەرلەمانەوەو ئەگەری ئەوەش زۆرلەئارادایە بەشداربێت لەدەسەڵاتی جێبەجێکردنو ببێتە بەشێک لەحکومەت.

**دەستوور:** باسمان لەوەکرد کە گوتاری ڕاگەیاندنی پارتی بەرامبەر بەگۆڕان توندبووە، ئایا لەو ماوەیەدا مامەڵەی پارتی لەگەڵ ئێوەدا توند نەبووە؟

**د.بورهان یاسین:** ئەوە ڕاستییە کەهەڕەشە لەسەر ئەندامو چالاکوانەکانی گۆڕان لەبادینان بەرەو ناوچەی سنجارو موسڵ هەیە، بەڵام ڕاستەوخۆ بەستنەوەی ئەو هەڕەشانە بەحیزبەکانی دەسەڵاتەوە کارێکی ئاسان نییە.



د. بورهان یاسین

> سلێمانی ناوەندێکی هۆشیاریی نەتەوەیی بووەو لەوێ کۆمەڵێك کەس کە کۆڵەکەی سیاسەتی نەتەوەییو ناسیۆنالیزمی کوردین پەیدابوون

بۆنمونە لەدەستدرێژییەکەی ڕۆژی (٢/٢٦)، بۆ سەر پەیامنێرێکو وێنەگرێکی کەناڵی KNN لەناو ئۆتۆمبێلێکدا کە ١٥٠ کەس لێیان کۆبوونەتەوەو بەموعجیزە لەکوشتن دەربازبوون، ئەوە ڕووداوی زۆر مەترسیدارنو ئێمە بەو زمانە قسە لەگەڵ دەسەڵاتدا دەکەین کە لە١٩ ساڵی تەمەنی دەسەڵاتی کوردی تاکە شتێک شانازیی پێوەدەکەن، ئاسایشو ئارامی کوردستانە، بەڵام ئەگەر لەماوەیەکی زۆر هەستیاریدا کورتی هێنا پێموایە ئەو تاکە شانازییەشی نامێنێت.

بەبڕوای من ئەو ڕووداوە تەنیا ڕێککەوت نییە، بەڵکو جارێکی تر دەڵێمەوە کە دەسەڵات دەبێت بەر لەهەموو لایەک خۆی نیگەران بێتو گرنگی بدات بەدووبارە ڕوونەدانەوەیان.

**دەستوور:** باس لەوەدەکەن کە توندوتیژیتان بەرامبەر دەکرێت، ئایا پێشبینی دەکەن ئەوەی ساڵی ٢٠٠٥ بەرامبەر یەکگرتوو کرا، بەرامبەر ئێوەش دووبارە بکرێتەوە؟

**د. بورهان یاسین:** ئومێدمان زۆرە ئەو ڕووداوە بەرامبەرمان دووبارە نەکرێتەوە، وادەزانم حیزبە دەسەڵاتدارەکان باش لەوە گەیشتوون کەئەوە سەرکێشییەکی گەورەیە لەسەر حسابی پرۆسەی سیاسی لەکوردستانو دوا ڕۆژی کوردو سیاسەتی کوردیو مەسەلەی کورد لەعێراقو مەسەلە چارەنووسسازەکان چارەسەرنەکراون، کارێکی وا نابێتە مایەی شانازی بۆ هیچ کەسێک لەکاتێکی ئاوا هەستیاردا ڕووداوێک تۆماربکات کەببێتە هۆی بەنبەستن گەیشتنو شکست یاخود هەرەسهێنانی پرۆسەی سیاسی لەکوردستان.

بەڕاشکاوی بڵێین ئەو مەسەلەیەی تۆ باسی دەکەیت لەجێی خۆیدایەو نیگەرانییەکانیش لەئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەو ڕووداوە لەجێی خۆیدایە، هیوادارم ئەو نیگەرانییە وا لەخەڵکانی ڕۆشنبیرو سیاسییەکان بکات کە دڵیان بەدواڕۆژی خەڵکی کوردستان دەسوتێت، هەمووان جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کارەساتێکی ئاوا هەرگیزاو هەرگیز ڕوونەداتەوەو هیوادارین هەڵبژاردنەکەی ٣/٧ لەکەشێکی ئارام بەڕێوەبچێت.

**دەستوور:** باس لەوەدەکرێت کە چەند کاندیدێکی ئێوە لەدهۆک کشاونەتەوە، ئێوە ڕوونکردنەوەتان لەوبارەیەوە چییە؟

**د. بورهان یاسین:** دوو کاندیدمان کشاونەتەوە، لەسیستمە دیموکراسییەکاندا ڕوودەدات کاندیدێک بەویستی خۆی بکشێتەوە، بەداخەوە ئەو مەسەلەیە لەڕاگەیاندنەکانەوە زیاد لەپێویست بایەخی پێدراوە.

من بەتەواوی ئاگادارنیم ئەمانە لەبەر چ هۆیەک کشاونەتەوە، بەڕاشکاوی بەخەڵکی کوردستانیش دەڵێم ئێمە وەکو سەرۆکی لیست تەنانەت پێنج دەقیقەشمان بۆ قسەکردن لەسەر خۆکێشانەوەی دوو کاندید لەلیستی گۆڕان تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بەلیستەکەمانەوە هەیە تەرخان نەکردوە، ئەو دەنگانەی ڕەنگ بوو بدرایە بەم دووانە بۆ ١٤ کاندیدەکەی تر دەگەڕێتەوە.

**دەستوور:** ئەگەر بەراوردی کەشوهەوای بانگەشەی هەڵبژاردن لەنێوان سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا بکەین، دەبینین پارێزگاکانی تر وەک سلێمانی گەرموگوڕ نین، تۆ جگە لەسەرۆکی لیستێک لەپارێزگای دهۆک وەکو مامۆستایەکی زانکۆو شارەزایەک لەبواری سیاسەتدا ئەوە بۆچی دەگێڕێنیتەوە؟

**د. بورهان یاسین:** لە٧/٢٥شدا ئەو دیاردەیە بەدیدەکرا، ڕەنگە ئەوە جیاوازیی سلێمانی لەدوو پارێزگاکەی تر نیشانبدات، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی ڕابوردو کە سلێمانی ناوەندێکی هۆشیاریی نەتەوەیی بووەو لەوێ کۆمەڵێک کەس کە کۆڵەکەی سیاسەتی نەتەوەییو ناسیۆنالیزمی کوردین پەیدابوون، هەر لەوێ ژمارەیەک کەسی خاوەن قەڵەم پەیدابوون کە قەڵەمەکانیان لەخزمەتی بەرژەوەندی نەتەوەییدا بووە، لەو پارێزگایە یەکەم زانکۆی هەرێمی کوردستان دامەزرێنراوە، ئەمانە کۆمەڵێک فاکتەرن کەئەو خەسڵەتەی داوە بەسلێمانی.

لایەنی دووەمیشی ئەوەیە کەکەس ناتوانێت نکوڵی لێبکات تەقینەوەیەک لەناو یەکێتیی نیشتمانی کوردستاندا ڕوویداو دڵی یەکێتیش سلێمانی بووە، کاتێک لەناو دڵێکدا تەقینەوەیەک ڕوودەدات دیارە لەناو ئەو دڵەشدا زیاتر جۆشو خرۆش دەبینرێت.

ئەو جۆشو خرۆشەی سلێمانی شتێکی سروشتیە، دوو تەقینەوە لەیەککاتدا ڕوویانداوە کەیەکێکیان تەقینەوەکەی ناو یەکێتیی بوو ئەوەکەی تریشیان تەقینەوەیەکە لەناو جەماوەر بەئاراستەی چاکسازیی، ئەگەر ئەمەش لەڕووی سۆسیۆلۆژی سیاسییەوە تەماشای بکرێت، شتێکی سەرنجڕاکێشەو هەردووکیان لەخاڵێکدا کەناوی گۆڕانە یەکدەگرنەوە، لەسلێمانی ململانێکان لەسەر چارەنووسی قەوارەیەکی سیاسییە کەوادەزانێت لەدەستدانی سلێمانی، لەدەستدانی بوونی خۆیەتی.

**دەستوور:** ئەوەی هەستی پێدەکرێت گۆڕانیش زیاتر جەخت دەکاتە سەر سلێمانی؟

**د. بورهان یاسین:** بەهیوایین گۆڕان وابیرنەکاتەوە کەبزانێت بەدەستهێنانی سلێمانی مانای بەدەستهێنانی هەموو شتێکە، بەبڕوای من ئەگەر گۆڕان بیەوێت جیاوازبێت دەبێت لەپانتایی کوردستان هەر لەزاخۆوە تا خانەقین خۆی بنوێنێت، ئەوکاتە سەرکەوتوو دەبێت، بەمانایەکی تر ئەوەی ئەمڕۆ لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان پێویستە ئەوەیە کەچاوی لەوەنەبێت کەبەهۆی ئەو سەرکەوتنەی لە٧/٢٥ بەدەستیهێناوە بەرامبەرەکەی ڕادەماڵێت لەو سنوورە، بەڵکو دەبێت ئەو سەرکەوتنە بقۆزێتەوە بۆ هێنانەدی سەرکەوتنێکی تا ڕادەیەک کەم یان زۆر لەهەولێرو لەبادینانیش، بەبڕوای من ئەم ستراتیژە بۆ گۆڕان تەندروستەو بەپێچەوانەوە ئەگەر چاوی لەوەبێت بەگیانی تۆڵەسەندنەوە لەبەرامبەرەکەی، سلێمانی بەڕکابەرەکەی چۆڵ بکات، ئەوە بیرکردنەوەیەکی تەندروست نییە.

دەستوور: وەک تێبینی دەکرێت، سەرۆکی لیستەکانی گۆڕان لەهەولێرو دهۆک لەدەرەوە گەڕاونەتەوە، ئایا ئەمە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە گۆڕان لەو دووپارێزگایە بنکەیەکی جەماوەری بەرفراوانی نییە؟

**د. بورهان یاسین:** هەرگیز وانییە، سەرۆکی لیستی گۆڕان لەهەولێر لەناوەوەو لەکوردستان خەباتی دەستپێکردوەو چوەتە دەرەوەو هاتۆتەوە، بەندەش لەقۆناغی گەنجایەتی لەکۆتایی شەستەکانو لەناوەڕاستی حەفتاکانو سەرەتای هەشتاکان خەباتی سیاسیم کردوە، هەردووکمان هیچ ٢٤ سەعاتێک لەژیانماندا تێنەپەڕیوە بەبێ بیرکردنەوە لەکێشەی ژیانی میللەتەکەمان، هەردووکیشمان توانیومانە لەچەند قۆناغێکی گرنگی مەسەلەی میللەتەکەماندا ئامادەبین.

وەکو وتم گۆڕان لەئەنجامی دوو تەقینەوەدا سەریهەڵداوە، تەقینەوەیەکیان لەدەرەوەی خۆیەتیو تەقینەوەیەکیشیان لەناوەوەیە کەتەقینەوەی ناو یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە، ویستێک بوو بۆ چاکسازییو گۆڕانکاریی، دەنگێکی ناڕەزاییە، لەدەریشەوە بەهەمان شێوەیەو دەنگێکو ویستێکە بۆ گۆڕانکاریی، ئەوە ڕێککەوتێکی مێژووییە، بەڵام یەکجار گرنگەو دیاردەیەک دەهێنێتە پێشەوە کە گۆڕانە، ئێستا منو دەیان کەسی تری نووسەرو ڕۆشنبیر تێکەڵی ئەو بزووتنەوەیە بوون، جا لەڕێی خۆکاندیدکردنەوە بێت یان لەشێوەیەک لەشێوەکانی پشتگیریی فیکریو هەر جۆرێکی تر بێت، ئەوە مەسەلەیەکی سروشتیەو بەشداریکردنی ئێمە لەئەنجامی تەقینەوەی جەماوەرییەوەیە.

**دەستوور:** تۆ بەدکتۆر بورهان یاسین ناسراویت، بەڵام ئێستا وشەی دۆسکیشت کردوە بەناوەکەتەوە؟

**د. بورهان یاسین:** ناتوانرێت نکوڵی لەوەبکرێت کە تۆ لەناوچەیەکدا بانگەشەی هەڵبژاردن دەکەیت کە بەرامبەرەکەت تاسەر ئێسقان سود لەبەکارهێنانی ئەو جۆرە ناوانە وەردەگرێت، من پێموایە ئەوە زۆر ناسیاسییانەو ناتاکتیکانەیە، زۆر بێحیکمەتییە من خۆم لەو توانایە بێبەشبکەم، بەڵام لەمەبەستی پرسیارەکەی تۆش تێدەگەم، تارادەیەکیش دڵی من بیەشێنێت کەبۆچی ڕۆشنبیرێکی کورد ناوی دۆسکی لەخۆی بنێت.

تۆ لەڕەوشێکدای ئەگەر یەکلایەنەو ڕەشو سپی بۆ سیاسەت بچیت، وادەزانم توانای بەرەوپێشچوونت نییە، من سوود لەو ناوە وەردەگرم کە ڕەنگە پرسیاری لای خۆشم دروستکردبێت، بەڵام واهەست دەکەم لەو شوێنەی بانگەشە بۆ خۆم دەکەم پێویستم بەبەکارهێنانی ئەو ناوە هەیە.

> بەهیوایین گۆڕان وابیرنەکاتەوە کەبزانێت بەدەستهێنانی سلێمانی مانای بەدەستهێنانی هەموو شتێکە

> بەو هیوایەین پارتی دیموکراتی کوردستان لەو حەقیقەتە بگات کەئیدی گۆڕان نەک هەر ژمارەیەکی ناوخۆییە، بەڵکو پاش پێنج شەش ڕۆژی تر دەبێتە ژمارە لەهاوکێشەی سیاسیی عێراقدا

# "لەهەولێر کەس بەدروستکردنی گرژی هەڵبژاردن ناباتەوە"

## سەعدی ئەحمەد پیرە بۆ دەستوور

سازدانی: دەستوور

**سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیو یەکێک لەکاندیداکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپارێزگای هەولێر، پێیوانییە بانگەشەی هەڵبژاردن لەهەولێر گەرموگوڕ بێت، دەڵێت ئەوە گێرەشێوێنییە.**

**سەعدی پیرە لەبارەی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتیو پارتی لەسەر پۆستەکان، ئاماژە بەوە دەدات کاندیدکردنەوەی تاڵەبانی بۆ سەرۆک کۆمار یەکلاییبوەتەوە، بەڵام پۆستەکانی تر بۆ دوای هەڵبژاردن دانراوە، پیرە دەڵێت لەبەرامبەر پێدانی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیری عێراق بەپارتی، یەکێتی وەزارەتێکی لەپارتی وەرگرتووەتەوە، بەڵام بەپێی بەدواداچوونەکانی دەستوور هێشتا پارتی هیچ وەزارەتێکی نەداوە بەیەکێتی.**

................................

**دەستوور:** کاتێک بانگەشەی شاری سلێمانی دەبینیتو دێیتە هەولێر جیاوازییەکی زۆر لەنێوان هەڵمەتی بانگەشەدا بەدیدەکرێت ئەو گەرموگوڕییەی لەسلێمانی هەیە لەهەولێر نییە، ئایا مەسەلە ئەوەیە لەهەولێر ململانێ کەمترە، یان دەسەڵاتی پارتی بەسەریدا زاڵە؟

**سەعدی پیرە:** هەموو ئەو قەوارە سیاسیانەی لەسلێمانی هەن، لەهەولێرو دهۆکیش هەن، قەبارەی قەوارە سیاسییەکان لەهەولێر ئەگەر بەهێزتر نەبێت لاوازتر نییە لەسلێمانی، بەڵام ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کلتوری سیاسی لەسلێمانی شتێکی ترە لەکلتوری سیاسی لەهەولێرو لەدهۆک، لەسلێمانی خەڵک کە ئەندامی یەکێک لەو قەوارە سیاسیانە بێت یان نەبێت هەمووی خۆی بەسیاسی دەزانێت، هەتا ئەگەر پابەندیش نەبێت، جاری واهەیە سێ نەوە لەسەرجادەیە، منداڵ، باوک، باپیرە، داگیزەی مەتبەخ چێشتەکەی لەسەر ئاگر دەسووتێتو ئەو خەریکی چەپڵەیە بۆ خۆپیشاندان، لەهەولێر شتی وانییە، لەهەولێر ئەوانەی هەڵسوڕاوو چالاکن لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا کاری خۆیان دەکەنو خەڵکی تریش بایی ئەوەندە بەشداری دەکەن کەشتێکی لێبپرسیت وەڵامەکەی بداتەوە، سروشتی شاری هەولێر محافزکارترە لەسلێمانی، کەمتریش لایەنگیری گرژیو دروستکردنی قەرەباڵغی بێمانایە، ئەوەی لەسلێمانی ئێستا ڕوودەدات پەیوەندی بەگەرموگوڕییەوە نییە، بەگەرموگوڕی ناوی نابەم، تاڕادەیەکی زۆر گێرەشێوێنییە، هیواردام ئەم گێرەشێوێنیو گرژیانەی کەهەیە شتێکی ڕێکخراو (مونەزەم) نەبێت، ئەگەر ئەو جۆرە گرژیانە لەهەولێ چەند گەنجێک خۆی ببینێتەوە ئەمە شتێکی سروشتیە، بەڵام ئەگەر ڕێکخراوبێت ئەوا کارێکی خراپە، لەهەولێر کەس بەدروستکردنی گرژی هەڵبژاردن ناباتەوە، خەڵکی هەولێر ئامادەیە، ئەوەندەی پەیوەندی بەیەکێتییەوە هەیە، خەڵک لەهەولێر بەشێوەیەکی زۆر ئامادەی تێدایە دەنگی پێبدات، جۆرێک لەخۆئامادەکردنو ڕازیبوون بەبەشداریکردن لەهەڵبژاردن.

> کەباسی هەڵبژاردن دەکەیت هەمیشە ساختەکاری یەکێکە لەئەگەرەکان

**دەستوور:** دەبینرێت لەم هەڵبژاردنەدا پەنا بۆ مامۆستایانی زانکۆ یان کەسانێکی بێلایەن براوە، یەکێتی لەو مێژووەی هەیبووە بۆ نەیتوانیوە لەناوخۆیدا نەوەی دووەمو سێیەم بەرهەمبێنێت، بۆ پەنا دەبرێتە بەر زانکۆ لەکاتێکدا زانکۆکان لەمامۆستاو کەسانی لێهاتوو دەڕوتێنرێنەوەو دەیاننێرن بۆ پەرلەمان؟

**سەعدی پیرە:** نا پێموایە تەفسیرەکەی تۆ تەفسیرێکی دروست نییە، ئەو پەرلەمانەی عێراق پەرلەمانێکە، پەرلەمانی هەموو خەڵکی کوردستانە، پەرلەمانێکە بۆ جاری دووەم خەڵک بانگدەکرێت بێتە سەر سندوقی دەنگدان، دەبێت ئەزمون لەپەرلەمانی ڕابردوو وەربگرین، چونکە پەرلەمانی ڕابردوو پەرلەمانی یەکەم بوو، لیستی داخراو بوو، هەر کەسێک دابنرایە بەپێی ئەو ژمارەیەی هەیبوو دەردەچوو، بەڵام ئەمجارە لیستی کراوەیە، لیستی کراوەش دەبێت جاری یەکەم کەسێک دابنێیت کە دەنگ بێنێت، چونکە هیچ یەکێک لەحیزبەکان ناتوانێت پاڵێوراوەکەی سەربخات ئەگەر بەتەمابێت بەدەنگی ئەندامو کادیرانی حیزبەکەی دەربچێت، پەرلەمان هەر ئیشی ئەوە نییە کورسییەک پڕبکەیتەوە، پەرلەمان جگە لەکۆبوونەوە گشتییەکانی، دەیان لیژنەی هەیە کە ئیشە سەرەکییەکان ئەوان دەیکەن، ئەو لیژنانە لیژنەی پسپۆڕین، دەبێت خەڵکێک بنێریت کە هەموویان شارەزاییو پسپۆڕی جۆراو جۆریان لەبوارەکاندا هەبێت، جگە لەبواری یاسا، دەبێت لەبواری پیشەسازیو کاروباری دەرەوەو کۆمەڵایەتیو کاروباری ئەمنیدا کەسانێکی شارەزات هەبێتو بگەڕێی بەدوایدا کە کێ شارەزای لەچیدا هەیە، ژمارەیەک لەوانە لەلیژنەکاندا جێگایان دەبێتەوە، لەجاری ڕابردوودا کۆمەڵێک کەسمان هەبوو دەرچووی بەشی مێژوو یان یاسابوون زیاد لەپێویست، بەڵام کەسانێک دەرچووی بەشی نەوت بنو شارەزاییان لەو بوارەدا هەبێت کەمبوون، لەبواری تەکنەلۆجیادا کەممان هەبوو، لەبواری سیاسەتی دەرەوەشدا تەنها خەڵکمان هەبوو لەبواری سیاسەتی گشتیدا شارەزایی هەبوو، ئەوانە دەبێت پڕبکرێنەوە، ئەوانەی ئەمجارە دانراون کەسانێکی شارەزاو پسپۆڕنو دەتوانن لەناو خەڵکدا دەنگبهێنن.

**دەستوور:** لەکوردستاندا لای خەڵک ترسێک هەیە ئەویش مەسەلەی ساختەکارییە، لەناوچەی هەولێر ئەگەری ساختەکاری چۆنە؟

**سەعدی پیرە:** من فەتوای ساختەکاری نادەم کەباسی هەڵبژاردن دەکەیت هەمیشە ساختەکاری یەکێکە لەئەگەرەکان، لەهەموو دنیا وایە، بەڵام بەتەواوی پشتبەستن بەساختەکاری دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەوانەی نەیانتوانی دەنگی کۆمەڵگا بهێنن، بۆیە پێویستە هەوڵی ئەوەبدەین هەڵبژاردنو بانگەشەیەکی خاوێن بکەین، بانگەشەیەک بکەین کە ڕووی شارستانی ئەم هەڵبژاردنە نیشانی خەڵک بدات، لەسەر ئەو بنکەو سندوقانەی هەڵبژاردن دەیان چاودێری لێیە، چاودێری قەوارە سیاسییەکانو چاودێری کۆمسیۆنو لیستەکانو ڕێکخراوە ناحکومییەکان هەیە، جگە لەوەی ئەو وڵاتانەی لەهەرێمی کوردستان کۆنسوڵخانەیان هەیە، ئەوانیش چاودێری دەکەن، ئەگەر لەنێو ئەوانەدا هێشتا هەر ساختەکارییکرێت، پێموایە ئەوە خەتای ئەو لایەنانەیە کە قبوڵیان کردووە.

**دەستوور:** ڕێککەوتن لەسەر پۆستەکان لەبەغدا لەنێوان ئێوەو پارتیدا، ئایا هیچ قسەیەکی لەسەر کراوە یان دانراوە بۆ دوای هەڵبژاردن؟



سەعدی ئەحمەد پیرە

> خێزان لەموسڵ هەیە پێنج شەش فۆرمی خۆراکی هەیە، لەموسڵو بەسرەو ناوچەکانی تر ژمارەی دانیشتووان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردوە

**سەعدی پیرە:** بەتەئکید ئەمە دوای هەڵبژاردنی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، پێش هەڵبژاردن گفتوگۆی لەسەر ناکرێت، ئەوەی تائێستا یەکلابۆتەوەو جێگیرە، کاندیدکردنەوەی جارێکی تری مام جەلالە بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار، ئەوانەی تر هەمووی قابیلی گفتوگۆن، پەیوەندی بەئەنجامی هەڵبژاردنەوە هەیە، لەوێ گفتوگۆ دەکەین چ پۆستێک بۆ کاممان بێت، بەڵام بۆ کوردستان ئەو پۆستانەی هەن دوو پۆستی سیادی لەناو ئەو هەشت پۆستەی کە هەیە لەبەغدا هی خەڵکی کوردستانە، ئێستا پۆستی سەرۆکی کۆمارو پۆستی وەزیری دەرەوە، شەشەکەی تر بەسەر بەشەکانی تری عێراقدا دابەشدەکرێت، لەسەر ئەو پۆستانە هیچ گفتوگۆیەک نییە.

**دەستوور:** پرسیار لەسەر ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتیو پارتی هەیە؟

**سەعدی پیرە:** ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییە وەک خۆی ماوەتەوەو هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە، ڕێککەوتنێکی ئارەزوومەندانەیە، هەرکاتێک هەردوولامان بزانین پێویست ناکاتو پێویست نەما ئەوە هەردوولامان هەڵیدەوەشێنینەوە، بەڵام تا ئەم ساتە کورد هەڕەشەی لەسەرەو هەڵناوەشێتەوە، لەزۆر مەسەلەو بواردا بەلێکتێگەیشتن ئیشەکانی خۆمان دەکەین، پێمانخۆشە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی تر پێکەوە کاربکەین.

**دەستوور:** بەڵام پۆستەکەی د. بەرهەم درا بەپارتی، لێرەش جێگری سەرۆکی هەرێم تائێستا نەدراوەتەوە بەیەکێتی؟

> کاندیدکردنەوەی مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆك كۆمار یەکلاییبووەتەوە

**سەعدی پیرە:** بەڵێ پۆستی د.بەرهەم درا بەپارتی، ئەو خۆی دەستی لەکارکێشایەوە، چونکە بوو بەسەرۆکی حکومەتی هەرێم، لەبری ئەو پۆستە وەزارەتێک بەیەکێتی درا، پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمیش لەئایندەیەکی نزیکدا دەبێت.

**دەستوور:** سونەکان هەوڵی ئەوەدەدەن پۆستی سەرۆک کۆمار وەربگرن، ئەوانەشی وەک حەدبان دەیانەوێت ببنە ڕێگر لەسەر ئەوەی کورد دەیەوێت لەبەغدا بەدەستی بێنێت، ئایا لیستی هاوپەیمانی هەڵوێستەیەکی کردووە لەسەر ئەوەی ئەمجارە سونە بەبەهێزی دێتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە؟

**سەعدی پیرە:** لەناو سونەکاندا ڕێکخراوی جیاجیا هەیە، ئەوانەی شۆڤێنین نوێنەرایەتی هەموو سونە ناکەنو ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن لەگەڵ هەڵبژاردنو نیزامی پەرلەمانی ڕانەهاتوون، ئەوان لەسەر کودەتا ڕاهاتوون، ئەوان لەسەر شێوازی ئەو حکومڕانییەی پێشتر واتە بەعس ڕاهاتوون، ئەو سونانەی هاوشێوەی لیستی حەدبان، پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق یان پۆستی تر نابیننەوە، ئەوانەی لەسەر حسابی خەڵک کراون، ڕووناداتەوە.

**دەستوور:** مەسەلەیەکی تر هەیە ئەویش فشاری نیودەوڵەتیو ئەمەریکییەکانە، وەک لەیاسای هەڵبژاردنەکاندا بەدیکرا، کورد بەژمارەیەکی کەمتر لەکورسی ڕازیبوو، وا دەخوێنرێتەوە ئەمەریکا هەمیشە فشار دەخاتەسەر کورد، بەڵام عەرەبی سونە لەبەرامبەریدا دەوەستنەوە، یان شیعەکان نەیانتوانیوە ئەوەبکەن؟

**سەعدی پیرە:** ئەوەی تۆ دەیڵێیت نیوەی ڕاستە، یاسای هەڵبژاردن کێشەیەکی تێدانیە، کێشەکە لەئامادەکردنی لیستی تۆماری دەنگدەرانە، لەهەرێمی کوردستانو وەزارەتی بازرگانی بەتایبەتی نەیتوانیوە کۆنترۆڵی باشی هەبێت لەسەر ئەو دامەزراوانەی لیستی دەنگدەران ئامادە دەکەن، چونکە تائێستا لەعێراقدا سەرژمێری نەکراوە تا بزانین ژمارەی دانیشتوانی عێراق چەندە، ئەوەی هەیە پشت بەپسوڵەی خۆراک بەستراوە کە ئەوەش شتێکی وردو ڕاست نییە، چونکە خێزان لەموسڵ هەیە پێنج شەش فۆرمی خۆراکی هەیە، خەڵک هەیە ئەسڵەن عێراقی نییەو کارتی هەیە، ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی لیستی دەنگدەر لیستێکی ورد نەبێت، لەموسڵو بەسرەو ناوچەکانی تر ژمارەی دانیشتوان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردوە، حکومەتی عێراق ئامادە نەبوو سەرژمێری بکات، لەساڵانی چلەکاندا هەڵبژاردنێک کراوە ژمارەی دانیشتوانی ئەوکاتەی عێراق ١٣ ملیۆن هاووڵاتی بووە، لەسەر بنەمای فۆڕمی خۆراک، دواتر کە لەساڵی ١٩٤٧ سەرژمێری کرا دەرکەوت ژمارەی دانیشتوانەکەی ٥ ملیۆنو نیوە، بەهەموو ئەو دەلیلانەی هەیە ئێستا عێراق لە٢٥ بۆ ٢٦ ملیۆن هاووڵاتی تێپەڕناکات، بەڵام کە ئێستا ٣٢ ملیۆنو نیو نووسراوە، ئەمە موبالەغەیەکی گەورەیە، کورد تێیدا زەرەرمەند دەبێت، بەڵام ئەمە کاریگەری لەسەر بودجەکەی نەبووە، کاریگەرییەکی ئەوتۆشی لەسەر پرۆسەی سیاسی نابێت، لەبەرامبەر ئەوەدا ئەمەریکا بەڵێنێکی داوە، ئەو بەڵێنەی داویەتی لەوێ گفتوگۆیان لەگەڵ کراوە تا ئەو بەڵێنە وردبکەنەوەو بزانرێت چییە، ئەو بەڵێنە لەسەر ئەرز چیدەگەیەنێت، نەوەک وەک بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵی لێبێتو بەنیوە ناچڵ جێبەجێبکرێت.

**دەستوور:** ئەو بەڵێنە چییە؟

**سەعدی پیرە:** ئەو بەڵێنە بڕیاری ئەوەی تێدایە مادەی ١٤٠ وەک مادەیەکی دەستووری دەمێنێتەوەو گفتوگۆی لەسەر دەکرێت بۆ چارەسەرکردنو تەنها ڕێگاچارەیە بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان، مادەی ١٤٢ ڕێزی لێبگیردرێت، چونکە ئەو مادەیە مادەیەکە ڕێگا دەدات بەگۆڕانکاری دەستووری، بەڵام ڕێگا نادات بەگۆڕانکاری ئەو مادانەی پەیوەندی بەکوردو ئازادییە دیموکراتیەکانەوە هەیە، جگە لەوەش ئێمە لەبابەتی دابەشکردنی دەسەڵات لەناو عێراقدا، دەبێت لەگەڵ عێراق لەسەر ئەو شێوەیە بمێنێت کە پێشتر لەسەری ڕێککەوتووین، مەبدەئی تەوافوق یەکێک بێت لەمەبدەئە گرنگەکان کە پێش ڕووخانی سەدام حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان وەسیقەیەکیان هەیە پێیدەوترێت وەسیقەی شەرەف، هەروەها لەدیباجەی دەستووردا هاتووە، لەڕێککەوتننامەی نێوان ئەمەریکاو عێراق لەسەر کشانەوە هێزەکانی ئەمەریکادا هاتووە، بەناوی وەرەقەی ئیسلاح کە لەوێ تەئکید دەکاتەوە کە یەکێک لەمەبدەئە گرنگەکان کە پێویستە پێوەی پابەندبن مەبدەئی تەوافوقە.

**دەستوور:** بەڵام بەڵێنی ئەمەریکاش دیکۆمێنتێکی فەرمیو بڕواپێکراو نییە لەناوەندە سیاسییە باڵاکاندا؟

**سەعدی پیرە:** لەسەردانی ئەم دوایییەی سەرۆکی هەرێم بۆ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو کۆبوونەوەی لەگەڵ ئۆباما ڕێککەوتن لەسەر ئەمە کراوە.

> شاری هەولێر محافزتکارترە لەسلێمانی، کەمتریش لایەنگیری گرژیو دروستکردنی قەرەباڵغی بێمانایە

> بۆیە مامۆستایانی زانکۆمان دانا، چونکە تەنها بەدەنگی ئەندامەکانمان ناتوانین هەموو کاندیدەکانمان سەربخەین

# داکۆکیکارێکی بە ئەزموون لەدەستکەوتەکانی گەلی کورد لە بەغداد

## کاندیدی ژمارە ٢ پارێزگای هەولێر

## د.فوئاد مەعسوم

ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
لە ١٩٣٨/٣/٢١ لە شاری کۆیە لە دایکبووە.
لە زانکۆی (الازهری قاهیرە) دکتۆرای فەلسەفەی وەرگرتووە.
لە ساڵانی ١٩٦٩-١٩٧٢ مامۆستا بووە لە زانکۆی (بەسرە)دا.
لە ساڵی ١٩٧٢-١٩٧٥ نوێنەری شۆرشی کورد بووە لە (قاهیرە).
لە ساڵی ١٩٩٢-١٩٩٣ یەکەم سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو.
لە ساڵی ١٩٩٣ کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو.
لە ساڵی ١٩٩٨ سەرپەرشتیاری (رێکخستن) و (راگەیاندن)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە دەرەوەی وڵات.
لە ساڵی ٢٠٠٢ نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە (دەستەی ئامادەکردنی کۆنگرەی نیشتمانی عێراق لە لەندەن).
لە ساڵی ٢٠٠٣ سەرۆکی لێژنەی میکانیزمی دانانی دەستور لە عێراق.
ساڵی ٢٠٠٤ سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی عێراق.
ساڵی ٢٠٠٤ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق.
ساڵی ٢٠٠٥ سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لە پارلەمانی عێراق و جێگری سەرۆکی لیژنەی دارشتنی دەستووری عێراق و پاشانیش جێگری سەرۆکی لیژنەی دەسکاری کردنی دەستوری عێراق.
بەشداریکردووە لە چەندین لێژنەی موناقەشەی تێزی ماجستێرو دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستاندا.
کتێبێکی بە ناوی «اخوان الصفاء - فلسفتهم و غايتهم» چاپو بڵاوبۆتەوە.
چەندین نووسینی جیا جیای لە رۆژنامە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاو بۆتەوە.
خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی رۆژانەی کوردستانی نوێ یە.







www.arsivakurd.org

# سەعدی ئەحمەد پیرە

# کاندیدی ژمارە (٤)ی پارێزگای هەولێر

دەنگ دەدەم بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان
ژمارە ٣٧٢




- لە ١٩٥١/٧/١ لە ناحیەی دیبەگەی قەزای مەخموری سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایک بووە.
- بەکالۆریۆسی تەکنۆلوجیای لە زانکۆی نەمسا وەرگرتووە.
- لە ساڵی ١٩٦٧وە دەستی بە چالاکی سیاسی کردووە.
- لە ساڵی ١٩٧٦ بووە بە ئەندامی یەکێتی خوێندکاران لە دەرەوەی وڵات.
- لە ساڵی ١٩٧٨ لێپرسراوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە لە نەمسا.
- لە ساڵی ١٩٨٧ لێپرسراوی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە لە ئەوروپا.
- لە ساڵی ١٩٩٢ ئەندامی یەکەمین پارلەمانی کوردستان بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٣ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری بووە لە کابینەی دوو.
- لە ساڵی ١٩٩٥ بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- لە ساڵی ١٩٩٦ بووە بە وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی.
- لە ساڵی ١٩٩٨ بووە بە وەزیری مرۆڤایەتی و هاوکاری.
- لە ساڵی ١٩٩٩ لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە.
- لە ساڵانی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٥ لێپرسراوی مەڵبەندی هەولێر و موسڵ/ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردسان بووە.
- ڕێکخەری پەیوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سۆسیال ئنتەرناسیۆنال بووە.
- بێجگەلە زمانی دایک، زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، فارسی و ئەلمانی دەزانێ
- بەشداری و نوێنەرایەتی چەندین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کردووە.
- خێزاندارەو دوو منداڵی هەیە.

www.arsivakurd.org



# بەشێك لەنەخشەڕێگاكەی ئۆجەلان بڵاودەكرێتەوە

## داوا دەکرێت باکووری کوردستان ئۆتۆنۆمی پێبدرێت

ئا: محەمەد عەلی خەفاف

**کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکرات**

لەشاری ئامەدی باکووری کوردستان کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکرات کۆنفرانسێکی دووڕۆژەی لەژێر ناوی "ئەزمونە نێودەوڵەتییەکانی دانوستانو چارەسەر"دا سازکرد کە چەندین کەسو سیاسەتمەداری ناودار لەپارتەکانی وڵاتی ئیسپانیاو لەهەرێمی باسکو گالیچیاو کەتەلۆنیاوە بەشدارییان تێدا کرد، بیروڕای خۆیان لەمەڕ چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا دەربڕی.

ئانا ڤیەیاس ئارینۆی بەرپرسی پەیمانگای کلتوری ئاشتی لەکەتەلۆنیا لەدانیشتنەکانی یەکەم ڕۆژی کۆنفرانسەکەدا وتەیەکی پێشکەشکرد، تێیدا ڕایگەیاند کەتەلۆنیا هەست بەنزیکییەکی زۆر لەنێوان خۆیو دیاربەکردا دەکات، کۆنفرانسەکەشی بەپڕبایەخ بۆ هەریەک لەکوردو تورکەکان وەسفکرد.

لەبەشێکی دیکەی وتەکانیدا لەبارەی کێشەی کوردو تورکیاوە قسەی کرد، پێیوابوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە پێویستە سود لەئەزمونی کەتەلۆنیا وەربگیرێ، پێش هەموو هەنگاوێکیش پێویستە لەگەڵ پەکەکەدا دیالۆگ سازبکرێت، پرسیارێکیشی ئاراستەی دەسەڵاتدارانی تورکیا کردو ڕایگەیاند لەکاتێکدا تورکیا بەشداری لەپرۆسەی ئاشتی لەوڵاتانی دیکەدا دەکات، بۆچی دەست بەپرۆسەیەکی لەوجۆرە لەوڵاتەکەی خۆیدا ناکات؟

لەوتەیەکی دیکەدا کامیلۆ نۆگیرا پەرلەمانتاری پێشووی ئیسپانیا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی لەوەی بنەچەیان بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە، ئێستاش لەسەر ئەو خاکەن، جەختیشی لەوەکردەوە کە بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەورووپاوە تورکیا پێویستە کێشەی کوردی چارەسەر کردبێت، نۆگیرا وتی "پێویستە کوردانی هەرچوار پارچە مافی ئۆتۆنۆمیو خۆبەڕێوەبردنی خۆیان وەرگرن، بۆ ئەم مەبەستەش سود لەو مۆدێلانە وەربگیرێ کە لەجیهاندا پەیڕەودەکرێن".

لەبەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانسەکەشدا هاتووە کە پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەخشەڕێگایەک دابڕێژرێت، هەروەک بۆ دەستکردن بەدیالۆگو هەنگاوەکانی چارەسەر پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشداری ئەرێنی بکات.

**"کاتی قسەکردن لەسەر ئۆتۆنۆمی هاتووە"**

ڕایمۆند هیڵتۆن لۆردی پەرلەمانی بەریتانیا سەبارەت بەڕێگەکانی چارەسەری کێشەی کورد ڕایگەیاند پێش هەر هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی ئەوکێشەیە، بۆئەوەی کارەکان دەرەنجامی باشیان هەبێت، پێویستە ناسنامەی کورد بەفەرمی لەتورکیادا بناسرێت، وتیشی "هەروەک کاتی هاتووەو پێویستە گفتوگۆکان لەبارەی چۆنێتی چەسپاندنی یاخود نەچەسپاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەیی دەستی پێبکرێت".

ڕایمۆند هیڵتۆن بەپێویستیشی دەزانێت ئەو جەنگەی لەساڵی ١٩٨٤ەوە لەتورکیادا هەیە، ساتێک زووتر کۆتایی پێبهێنرێت، چونکە زیانی زۆری لەو وڵاتە داوە، لەبارەی داخستنی دەتەپە لەلایەن دادگای دەستووری تورکیاشەوە ئەو لۆردە پێیوایە کە ئەو کارە لەجێگەی خۆیدا نەبووەو زەرەری زۆری لەپرۆسەی چارەسەر داوە.

**نەخشەڕێگاکەی ئۆجەلان**

سایتی فورات بڵاویکردەوە یەکێک لەپارێزەرانی ئۆجەلان هەندێ سەرەقەڵەمی لەو نەخشەڕێگایەی



ئایا تورکیا ئۆتۆنۆمی دەداتە کوردەکان؟

عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی دەستگیرکراوی پەکەکە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا ئامادەی کردووە، ڕوونکردۆتەوە.

ئەو پارێزەرە ڕایگەیاندووە تا ئێستا ڕێگە نەدراوە تەواوی نەخشەڕێگاکە بگاتە تیمی پارێزەرانی ئۆجەلان، بەڵام هەندێ شتی کورت لەوبارەیەوە دەزانن، لەنەخشەڕێگەکەدا هاتووە "پێویستە دەوڵەت جەخت لەسەر مافەکانی کورد بکاتەوەو بیانسەلمێنێ، هەروەها لایەنی کوردیش ئەوە ڕابگەیەنێ کە توندوتیژی وەک ئامرازێکی چارەسەرکردنی کێشەکان نابینن، لەدەرەنجامی ئەمەشەوەیە کە کەشێکی دوور لەشەڕو پێکدادان دروستدەبێت".

پارێزەرەکەی دەڵێت "پێویستە ڕێگە لەبەردەم ئۆجەلاندا بکرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش دەستبەسەرکردنی لەماڵەکەی خۆیدا کارێکی گونجاوە، ئۆجەلان وەک لایەنێکی گفتوگۆکانی چارەسەری کێشەی کورد دەتەپەی وەک قسەکەر نیشاندا، بەڵام سەرەڕای ئەمەش پێی باشە بۆچوونەکانی خۆیو پەکەکە لەهەندێ بابەتدا وەربگیرێ، بابەتێکی دیکە کە پارێزەرەکە ئاماژەی بۆ دەکاتو لەنەخشەڕێگەکەدا هاتووە بریتییە لەکشانەوەی پەکەکە لەدەرەوەی سنوورەکان، ئەگەر ئەو مافانەی کوردەکان کە دەوڵەت دانی پێدادەنێت بخرێنە چوارچێوەی یاساوەو یاساکان گۆڕانکارییان تێدا بکرێت، ئەوا گەڕانەوە لەڕیزەکانی پەکەکەوە دەستپێدەکات.

**ئەحمەد تورک: کورد بەردەوام ڕووبەڕووی بێدەنگکردن بۆتەوە**

سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (دەتەپە)ی داخراو ڕایگەیاند بەهۆی ئەوەی کۆماری تورکیا لەسەرەتای دروستبوونییەوە ڕژێمێکی پارێزگار بووە، هەمیشە کوردو هێزە دیموکراتییەکان بەرەنگاری وەستان بوونەتەوەو بەو هۆیەشەوە بەردەوام ڕووبەڕووی بێدەنگکردن بوونەتەوە، وتیشی "بەدڵنیاییەوە گەر لەشوێنێک دەستوورو کۆمارێکی دیموکرات بوونی نەبێت، خەباتی ئێمە لەپێش هەموو شتێکەوە خەباتی بەرەو پێشبردنی تێگەیشتنە لەدیموکراتی".

ئەحمەد تورک جەختیشی کردەوە بەبێ ئازادبوونی کورد لەتورکیا، تورکەکانیش بەئازادی ناگەن، ڕایگەیاند لەپێش هەموو شتێکەوە دەبێت بۆ کۆمارێک بگەڕێین کە کۆمارێکی دیموکراتی بێتو جەخت لەمافو ئازادییەکانی هەمووان بکاتەوە.

لەبەشێکی تری وتەکانیدا ئەحمەد تورک ئاماژەی بەوەدا بەبێ کۆبوونەوەی هەموو لایەنەکان، کێشەکە چارەسەر ناکرێت، باسی ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکانی کرد لەچارەسەرکردنی کێشەی چەندین وڵاتدا، بەڵام وتی کە نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی چارەسەری کێشەی کوردەوە هیچی نەکردووە، هەروەک باسی لەتورکیاش کرد کە دەیەوێت بچێتە نێو یەکێتی ئەورووپا، ڕایگەیاند ئەو وڵاتە تا ئێستا هەوڵی نەداوە بۆئەوەی بزانێ ئەو کێشەیەی بەرۆکی گرتووەو ناهێڵێ بچێتە نێو ئەو یەکێتییەوە چییە، سەرچاوەکەی لەکوێوەیە، ئاڵۆزییەکان لەکوێدایەو پێویستە چیبکرێت بۆئەوەی کێشەکە چارەسەر بکرێت.

تورک لەکۆتایی وتەکانیدا پرسی کێیە ئەو لایەنەی کە نایەوێ چارەسەر بێتە ئاراوە، کوردەکانن یان دەوڵەتە، با ئەمە بەڕاشکاوی باس بکەین، ئەگەر سەرچاوەکەی کوردەکان بوون ئەوا لۆمەیان بکەن، بەڵام ئەگەر ئێوە بڵێن کوردەکان تیرۆریستنو بتانەوێ بەهەر جۆرێک بووە بەرەو وڵاتەکانیان ڕاپێچیان بکەن ئەمە ناڕەوایەتییە.

# ئاكەپە چۆن لەڕكابەرەكانی دەڕوانێ؟

مەحمود ئۆڤور

لەئێستادا هەڵبژاردنێکی پێشوەخت لەئارادا نییە، بەڵام هەر یەک لەپارتەکانیش خۆیان بۆ ئەگەرێکی لەوجۆرە ئامادەکردووە، بەقۆناغێکدا تێدەپەڕین کە دڵەڕاوکێی سیاسی تێدا زۆرە، بەڵکو لەهەندێ جێگەدا سیاسەت تەکەتولی تێدەکەوێ، ئەی ئەگەر لەم نێوەندەدا هەڵبژاردنێک بکرێت، چ جۆرە وێنەیەکی سیاسی لەسندوقی دەنگدانەوە دێتە دەرێ؟ ئەم پرسیارە لەڕۆژانی داهاتوودا کەسانی پلە بەرز لەهەموو پارتە سیاسییەکانداو لەسەروو هەموشیانەوە ئاکەپە دەکەینو وەڵامەکانیشیان بڵاودەکەینەوە، وێستگەی یەکەممان: پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکەپە)یە کە ئێستا لەدەسەڵاتدایە، هەر بۆیەش سەبارەت بەپارتە سیاسییەکانو ئەدای ئەکتەرە سیاسییەکانیان لەگەڵ حوسەین چەلیک یاریدەدەری سەرۆکی گشتی ئاکەپە وتووێژێکمان کرد. هەرچەندە چەلیک پێشبینی نەدەکرد هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەنجامبدرێت، بەڵکو وتی ئەگەر هەڵبژاردن لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا بکرێت، ئەوا ئاکەپە یەکەم دەبێت، لەبارەی پارتە سیاسییەکانو ئەدایان ئەو پێیوابوو: جەهەپە، هەوڵدەدات بەفریای ڕەگەزپەرستییەوە بێت، بەڵام ئەمە لەدژی بەرژەوەندییەکانییەتی، تەواوی پارتە سۆسیال دیموکراتەکانی دونیا گۆڕانو ڕیفۆرمخوازن، بەڵام جەهەپە بەردەوامە لەسەر ئەو بیروڕاو پێکهاتەیەی کە هەیەتی، وا پیشاندەدات کە نەتەوەییە، بەناوی گەلەوەو لەچوارچێوەی دەوڵەتدا سیاسەت ناکات، بەڵکو بەناوی دەوڵەتەوە سیاسەت بەسەر گەلەوە دەکات، کوردەکان هاوسۆز نین لەگەڵیو عەلەوییەکانیشی لەخۆی تۆراندووە، هەروەک لەو ئاستەشدا نین کە دەربڕی هەستەکانی گەل بن، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەشە کە پێدەچێت لەهەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگەکانی پێشووی نەهێنێتەوە.

**مانای نەتەوەپەرستی**

مەهەپە: ئەم پارتە ڕەگەزپەرستە کلاسیکە محافزکارەکان لەخۆدەگرێت، بەڵام لەگەڵ هاتنە سەرکاری ئاکەپە جیاوازییەک هاتەئاراوە، سەرکردایەتی مەهەپە هاتنە سەر هێڵێکی نەتەوەپەرستی کە هێڵی نەتەوەپەرستی هەژارانەی داخرانە بەنێو خۆدا، نەتەوەپەرستی ئەسڵی ڕەگەز پەرستی نییە، ڕەگەزپەرستی نەتەوەپەرستییەکە کە تەواوی دەمارە مەعنەوییەکانی لێقرتێنراوە. جەهەپە پارتێکی نەتەوەپەرستە، ئیحسان سەلچوک نووسەرێکی نەتەوەپەرستە، سەرکردایەتی مەهەپەش هاتوونەتە سەر ئەم هێڵە، یەکێتییان لەگەڵ جەهەپەشدا هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەمە، تایبەتمەندییەکی دیکەی مەهەپەش ئەوەیە کە هەردەم لەقۆناغی دڵەڕاوکێکاندا گەشەی کردووە، لەو ناوەندانەی کە پێکدادانی تێدا نەبووە مەهەپە هەرگیز دەنگی پێویستی بەدەست نەهێناوە، لەهەڵبژاردنەکەی داهاتووشماندا ئەو دۆخە دەپارێزێ کە ئێستا تێیدایە، بەدەپە لەئێستادا دەنگی پێویست بۆ دروستکردنی فراکسیۆنێک ناهێنێت، تەنها دەتوانن بەشێوەی کاندیدی سەربەخۆ بچنەوە پەرلەمان، پارتی سەعادەت ئەو دەنگە بەدەست ناهێنێتەوە کە لەهەڵبژاردنە لۆکاڵییەکاندا هێنای، لەو هەڵبژاردنەدا بەو زەرەرەی کە لەئێمەیداو لەنێوان ئەو دەنگانەدا کە خۆی هێنای ڕێژەیەکی پێچەوانە هەیە، سیاسەتێکیان گرتەبەر کە بریتی بوو لەسڕینەوە بەرامبەر، ڕێگەیان بۆ پارتە ڕکابەرەکەی ئێمە خۆشکرد، ئەگەر هەمان شت لەهەڵبژاردنی گشتیشدا ئەنجامبدەن، کەمێک زەرەر لەئێمە دەدەن، بەڵام سودی بۆ خۆیان نابێت، سەرۆکی پارتەکە نەبێت، بەڵام بەشێکیان دەڵێن دەرگامان واڵایە بۆ هەر کەسێک بێتە نێو پارتەکەوە بێجگە لەئاکەپەییەکان، بەم ڕوانینەوە ناتوانن لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا خۆیان بسەلمێنن.

مستەفا ساری گیول: بۆشاییەک لەباڵی چەپی سیاسەتی تورکیادا هەیە، چونکە جەهەپە چەپڕەو نییە، ئەو پارتەش کە مستەفا ساری گیول دایمەزراندووە لەجەهەپە ڕاستڕەوترە، ئێمە دۆستایەتیمان لەگەڵی هەیەو ئەگەر لەبەرئەوەی جەهەپەی بەدڵ نەبوو ویستی پارتێکی ئەلتەرناتیڤی جەهەپە دابمەزرێنێ، نابێ لەو ڕاستڕەوتر بێت، هەموو پارتە کۆپییەکان خزمەت دەکەن، بەبڕوای من پارتەکەی ئەو پیاوە نامێنێتەوە، لەقۆناغی یەکەمدا هەندێ کەسی زویر ڕووی تێدەکەن، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ئەو زەمینەیەی پشتی پێبەستووە دۆزینەوەی جێگایەک لەنێو سیاسەتدا زۆر قورسە، دەسەپە (پارتی دیموکراتی چەپ): ئەمیش لەبەر هەمان هۆکار ناتوانێ بوونی خۆی بسەلمێنێ، لەمەودواش خۆ سەلماندنی مەحاڵە، دەپە (پارتی دیموکرات): خوێندنەوەی ئەم پارتە لەمەودوا لەلایەن جەماوەرەوە وەک نەکردە دێتە بەرچاو، چونکە ئەو پارتە خاوەنی ئیرادەیەکە کە بەسۆزەوە تەماشای ئەرگەنەکۆن دەکات، یەکگرتنەوەی ئەم ئیرادەیە لەگەڵ ئیرادەی گەلدا مەحاڵە، (پارتی تورکیا) عەبدوللەتیف شەنەر: لەو بڕوایەدا نیم ئەویش وەک ساری گیول بتوانێ بوونی خۆی نیشانبدات، سەبارەت بەوەی کە ئایا پارتی دادو گەشەپێدان ڕێککەوتنێکی نهێنی لەگەڵ هەریەک لەپارتی سەعادەتو دەپەو پارتی تورکیادا بەنهێنی واژۆ ناکەن بۆئەوەی پێکەوە بەشداری هەڵبژاردن بکەن، چەلیک وتی: وەک یەکێک کە سەری لەڕێککەوتنەکاندا سپی کردبێت پێت دەڵێم کە ڕێککەوتنەکان هیچ کاتێک سودیان نییە، ئەوەی کە ماوە ئەوەیە پارتەکانی دیموکراتو سەعادەت ڕێککناکەون، ئەگەر ڕێشکەون ئەوا سەعادەت ئەو دەنگە بەدەست ناهێنێ، ئەوانە خوێنیان بۆ یەکتر نابێت، لەپێشووشدا دەنیز بایکاڵیان بەڕێککەوتن لەگەڵیان قایل کرد بەبیانووی "یەکگرتوویی چەپەکان"، دواتر دەسەپە قازانجی کردو جەهەپە بەتەنهاش بووایە ئەو دەنگەی دەهێنا.




لەهەڵبژاردنی داهاتووی تورکیا کێ براوە دەبێت؟

**و. لەتورکییەوە: محەمەد عەلی کەمال**

**ڕۆژنامەی سەباحی تورکی**

# بانگەشەی هەڵبژاردن!

خالید تەوەکولی ماموستای کۆمەڵناسی لە زانکۆکانی ئێران

ماوەیەکە پروپاگەندە بۆ هەڵبژاردن لە عێراق دەستیپێکردووەو کوردیش بە گەرمی بەشداری ئەم پرۆسەیە دەکات، کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان لانیکەم بەرنامەی ئاساییان نیەو هەرکام بە جۆرێکو بۆ لیستێک ڕێکلام دەکەن، دیارە هەڵبژاردن بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتیک زۆر گرنگەو هەندێک لە بیرمەندانی سیاسی بەدڵی دیموکراسی ناوبردەی دەکەن، لە ڕووی ئەوەی کە دیموکراسی بۆ ئاکامو ئەنجامی کێشەی کورد لە ئێستاو داهاتوودا زۆر پێویستە، ئێستا لەگەڵ ئەو پرسیارە هەرە گرنگە ڕووبەڕوو دەبین کە بڵێی ئەم هەڵبژاردنو شێوەی پروپاگەندەی حیزبەکان بە قازانجی دیموکراسیو کورد بێت؟ ئێمە وەکو کورد چەندە لەم هەلە سوود وەردەگرین بۆ دامەزراندنی دیموکراسی؟

دیموکراسی چەمکێکە کە دەبێ هەوڵی دامەزراندنی بدەیو ئەو جۆرە کە دەتەوێ باری بێنی، پێشتربوونی نیەو هەر چۆنێ هەڵسووکەوتی لەگەڵدا بکەی وا رادێت، پرۆسەی هەڵبژاردن لە وڵاتێکی وەکو عێراقو بە تایبەت بۆ کورد دەرفەتێکی زۆر لەبار فەراهەم دەکا بۆ دامەزراندنی دیموکراسی، لەم ماوەیەدا ئیمکانی ڕەخنە لە دەسەڵات هەیە، خەڵک زیاتر سەرنجی قسەو باسەکان دەدەنو بەشداری کۆڕو کۆبوونەوەکان دەبن، حیزبەکانیش هەلێکی باشیان بۆ دەرەخسێ تاکو بتوانن پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا بگرنو ئاگاداری بەرنامەکانیان بکەنو وردە وردە لایەنە جۆراوجۆرەکان دەس بکەن بە دیالۆگو هەرکامیان لە بۆچوونی خۆی بەرگری بکاتو هەوڵ بدا بۆ بەدەستهێنانی دەنگی خەڵک.

دیموکراسی دوو لایەنی هەیە: پێکهاتە (structural)و لایەنی (agency)، هەڵبژاردن خۆی بەشێکە لە لایەنی ساختاریو لە هەمانکاتیشدا دەتوانێ ئەم دوو لایەنە بە هێز کات، لەم پرۆسەیەدا دەکرێت هەوڵ بدرێ بۆ چەسپاندنی سیستمی فرەحیزبی لە کوردستان، پانتای چالاکی کۆمەڵەی مەدەنی بەرفراوان بێت، یاسای هەڵبژاردن چاک بکرێت، دەزگای پێویست دابمەزرێت، بێلایەنی دەسەڵات ڕەچاو بکرێت، لە لایەکی تریشەوە دەکرێت بەو قسەو باسانە کە دێنە گۆڕێ، ئاستی وشیاری خەڵک بەرزتربێتەوە، زیاتر بەشداری بکەن لە بۆنەو کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێز بگرن لە مافی "ئەویتر"، ڕۆحی تەحەمول گەشە بستێنێتو ...

باگەشەی هەڵبژاردن بەرەو کوێمان دەبات؟ ئایا ئەم ڕێگا کە گرتوومانەتە بەر بەرەو دیموکراسییە؟ چەندە باس لە تەحمول کراوە؟ چەندە یاسای هەڵبژاردن کەوتووەتە بەر قسەو باسی گشتی؟و... ئەوەی دەیبینین هەڵپەڕینەو کەرنەڤاڵی ئۆتۆمبێلەکانو هیچیتر! لەگەڵ ڕێزمدا بۆ گۆرانیبێژەکان، بەڵام ناتوانین حاشا لەوە بکەین کە بەداخەوە وادیارە لەم پرۆسەی هەڵبژاردنەشدا هەر وەک زەمــــاوەن، دەوری سەرەکی ئەوان دەیگێڕنو ئەوەی پسپۆرو کارناسی سیاسەتە خەریکی هەڵپەڕینە! پێم وابێ لەمەولا زانایانی سیاسەتو زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ لە سەر نزیکیو لێکچوونی هەڵبژاردنو هەڵپەڕینو پەیوەندی نێوانیان بنووسن، ئەوەی کە لەم ڕۆژانەدا بەدی دەکرێت نیشاندەری دوورکەوتنەوەی زیاتر لە دیموکراسییە. (bond) لە زۆربووندایەو (bridge) بەرەو ڕووخانو نەمان دەچێت.


# "دەیانەوێ خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکەن"

میوا سەلیمی

پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە، لە هەفتەکانی ڕابردوو چەندین کەس بە تەقەی هێزەکانی ئێران دەکوژرێن، چەندین کەسیش دەستگیرکراونو ئەگەری جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان لەسەر بەندکراوانی سیاسیو مەدەنیی کورد لە ئارادایەو زیاتر لە ٢١٠٠ چالاکوانی مەدەنی داوای هەڵوەشانەوەی سزای لە سێدارەدانی بەندکراوی سیاسیی کورد، شیرین عەلەم هولو دەکەن.

**پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ روو لە زیادبوونە**

پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران لەلایەن ناوەندەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ وەک تایبەتمەندییەکی ئاشکرای ئەم سێ دەیەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی ئێران ناسراوە، بەڵام ئەم بابەتە لە قۆناغە جیاجیاکاندا گرێدراو بە بارودۆخی سیاسی ئێران لە هەڵکشانو داکشاندا بووە، هاوکات لەگەڵ چوونەسەرەوەی ئاستی قەیرانە سیاسییەکانی ناوخۆی ئێران لە ٩ مانگی ڕابردوو، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندو تەنانەت لە چەندین نموونەدا سزای لەسێدارەدانی بەندکراوانی سیاسی جێبەجێ کرا، ماڵپەڕی کوردستان میدیا لە ڕاپۆرتێکدا دەربارەی تەقەی هێزەکانی حکومەتی ئێران لەناوچە سنوورییەکانی کوردستان ڕایدەگەیەنێ کە لەشەوی ٢/٢١ دەستەیەک لە کاسبکارانی ئاوایی "گەنگەچین"ی ناوچەی برادۆستی سەر بە ورمێ دەکەونە بەر دەستڕێژی هێزەکانی ئێرانو لە ئاکامدا سێ کەس بە ناوەکانی "ساجی مەعنەوی"و "ئەرجان"و "شاهین عێزەتی موقەدەم" بریندار بوون، هاوکات لە هەمان ناوچە سێ کەسی دیکەش بە ناوەکانی بیژەن یوسفی، کەبیر محەمەدیو جەزا گەراڵی دەکەونە بەر گوللەی هێزەکانی ئێران، هەفتەیەک پێش ئەو ڕووداوانەش لانیکەم ١١ کاسبکار لە ناوچە سنوورییەکانی بانەو مەریوانو سەردەشت کوژرانو بریندار بوون.



شەپۆلی کوشتوبڕ بەردەوامە

هاوکات ڕۆژانە بە دەیان کەس لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دەستگیر دەکرێن، هیچ زانیارییەک سەبارەت بە چارەنووسی ئەم گیراوانە لەبەردەستدا نییە، ڕێگە بە بنەماڵەکانیان نادرێ تا چاویان بە کوڕو کچەکانیان بکەوێ، ئەم شەپۆلی گرتنانە تەنیا هاووڵاتیانی ئاسایی نەگرتووەتەوە، لە چەند هەفتەی ڕابردوودا چەندین چالاکوانی بزووتنەوەی خوێندکاری کورد لەوانە حامید ئومیدیو سێ خوێندکاری کوردی زانکۆی سنە بە ناوەکانی ئارمینی نەعمانی، سیروانی نەجەفیو سەیوانی محەمەدی لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی ئێرانەوە گیراون.

**نیگەرانییەکان روو لە زیادبوونەو داوای هەڵوەشانەوەی سزاکان دەکرێ**

تا ئێستا زیاتر لە ٢١ بەندکراوی سیاسیو مەدەنی کورد لەلایەن دادگاکانی حکومەتی ئێران سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپاوە، ئەگەرەکانی جێبەجێکردنی ئەم سزایانە هەموو لایەکی نیگەران کردووە، زۆرترین سزای لەسێدارەدان بۆ بەندکراوانی سیاسیی ئێران تایبەت بە کوردستانەو تەنانەت لە چەند مانگی ڕابردوو دوو کەس لەم بەندکراوە سیاسیانە بە تۆمەتی پێوەندیگرتن بە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە لەسێدارەدراون.

شیرین عەلەم هولو یەکێک لەو بەندکراوە سیاسیانەیە کە سزای لەسێدارەدانی ئەرێنی کراوە، چالاکوانانی مافی مرۆڤ لە هەڵمەتێکی ئیمزاکۆکردنەوەدا داوای هەڵوەشانەوەی سزای لەسێدارەدانی ناوبراویان کردووە، ٢١٠٠ کەس لە چالاکوانانی بواری مافەکانی مرۆڤ لە ڕاگەیەندراوێکدا خوازیاری هەڵوەشانەوەی حوکمی لەسێدارەدانی ئەم بەندکراوە سیاسییە دەکەنو ناڕەزایەتی خۆیان لەمبارەوە دەردەبڕن.

خەلیلی بەهرامیان پارێزەری شیرین لە وتووێژێک لەگەڵ ماڵپەڕی هەواڵنێری دەنگی ئەڵمانیا، سەرجەمی پرۆسەی دادگاییکردنی ناوبراو بە نایاسایی وەسف دەکاتو باس لەوەدەکات کە نامەیەکی سەبارەت بەم بابەتە ئاڕاستەی دەزگای قەزایی ئێران کردووە.

سەپاندنی سزای لەسێدارەدان بۆ سەر چالاکوانی کورد لە کاتێکدایە کە هیچ زانیارییەک سەبارەت بە چارەنووسی کۆمەڵێک خوێندکاری کوردی تریش لەبەردەستدا نییە. لەڕۆژانی ڕابردوو هەواڵی ئەوە بڵاوبووەوە کە پەخشان عەزیزی خوێندکاری زانکۆی تاران دەستی داوەتە مانگرتن لەخواردنو بەهۆی نالەباربوونی بارودۆخی تەندروستی مەترسی گیان لەدەستدانی لێدەکرێ، پەخشان عەزیزی یەکێک لەو خوێندکارانە بوو کە لەخۆپیشاندان دژ بە جێبەجێکردنی حوکمی ئیحسان فەتاحیان لەگەڵ چەندین خوێندکاری کوردی تر لە تاران دەستگیرکراو بەشێکیان بە دانانی بارمتەی قورس ئازاد کران.

هاوکات لەگەڵ مانگرتنی ئەو خوێندکارە کوردە، عەباس جەلیلیان نووسەرو توێژەری کرماشانی لە زیندانی دیزڵئابادی ئەو شارە دەستی داوەتە مانگرتنو تا ئێستا سەبارەت بەبارودۆخی جەستەیی هیچ زانیارییەک لەبەردەستدانییە.

**بەرزبوونەوەی ئاستی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ پەیوەندە بەباری سیاسییەوە**

پێشێلکاری مافی مرۆڤ خاڵێکی ئامادە لە پرۆژەو سیناریۆی سەرکوتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەتەوە بندەستەکانی ئێرانو بەتایبەت گەلی کوردە. دکتۆر عەلی سیگاری چاودێری سیاسیو چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ لە ئەمریکا، خراپتربوونی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێرانو بەتایبەت لە کوردستان بۆ ترس دەگێڕێتەوە، دکتۆر سیگاری لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت "ڕووداوە سیاسییەکانی ناوخۆی ئێرانو قەیرانەکان، دەرکەوتەیەکی زۆر گرنگ بەدەستەوە دەدا، ئەم دەرکەوتەش شتێک نییە جیا لە ترسو نیگەرانی حکومەتی ئێران لە ڕۆژەکانو مانگەکانی داهاتووی بارودۆخەکە، کۆماری ئیسلامی کەوتووەتە بەر شاڵاوێکی بەهێزی بێزاری جەماوەرو لەهەمانکاتدا لەباری نێودەوڵەتییەوە لە قەیراندا بەسەر دەبا، لەوەها بارودۆخێکدا سەرکوتی ڕەهاو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە سەرەوەی هەموو پلانەکاندایە، ئەم ڕەفتارەی دەسەڵاتیش نەک لە پێگەی هێز، بەڵکو بەپێچەوانە لە ترسو داماوییەوە سەرچاوەدەگرێ".

سیگاری دواتر بەشێوەیەکی تایبەتی زووم دەکاتە سەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستانو دەڵێت "سەبارەت بە کوردستان دەیانەوێ بەپشتبەستن بە توندوتیژی زیاتر، زەمینەکانی ئەگەری خرۆشانی جەماوەری لەباربەرن، دەیانەوێ خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکەنو نەهێڵن ئەزموونی سێ دەیە خەباتی سەختو خوێناوی کوردستان لەم ساتەوەختە هەستیارەدا بەربگرێت."

# خامنەییو ئەحمەدینەژاد لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان کۆدەبنەوە

دەستوور

مەحموودی ئەحمەدینەژاد سەرۆک کۆماری ئێران لە سەفەرێکی دوو ڕۆژەدا بۆ سوریا چاوپێکەوتنی جیاجیای لەگەڵ ١٣ ڕێکخراوی لوبنانیو فەلەستینی کرد. هاوشێوەی هەمان دیدار، ڕۆژێک دواتر عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە تاران چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕێبەرانی فەلەستینیو لوبنانی کردو بە توندی هەڕەشەی لە ئیسرائیلو ئەمریکا کرد.

**تەرەفێکی دیپلۆماسی لە نێوان ئێرانو گروپە توندڕەوەکان**

پشتیوانیکردن لە گروپە ئیسلامییەکانی لوبنانو فەلەستین سیاسەتێکی هەمیشەیی ئەم سێ دەیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بووەو ئەم بابەتە خاڵێکی سەرەکی لە سیاسەتی دەرەکی ئێران بووە، ئێران بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە هاوکاریکردنەکانی بۆ ئەم گروپانە تەنیا لایەنی مەعنەوی نییەو بەڵکو ئەم یارمەتیانە بواری مادیو سەربازیش دەگرێتەوە، ڕۆژی هەینی هەواڵنێری "سانا" ئۆرگانی فەرمی دەوڵەتی سوریا لە هەواڵێکدا ڕایگەیاند کە حەسەن نەسروڵڵا ڕێبەری بزووتنەوەی حیزبوڵڵای لوبنانو ڕێبەرانی چەندین ڕێکخراوی فەلەستینی، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ مەحمود ئەحمەدینەژاد کردووەو بارودۆخی تازەی ناوچەکەیان تاوتوێ کردووە. تەلەفزیۆنی ئەلمەناری حیزبوڵڵاش لە ڕاپۆرتێکدا لەمبارەوە دەڵێت "دانیشتنی ڕێبەرانی گروپەکانی لوبنانو فەلەستین لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئێران جیاجیا بووەو لەم دانیشتانەدا باس لە هەڕەشەکانی ئەم دواییانەی ئیسرائیل کراوە".

لەم ڕۆژانەی دوایی ئەحمەدینەژاد چەندین جار باسی لە هەڕەشە تازەکانی ئیسرائیل لە دژی لوبنانو وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە کردووە، وێڕای ئاماژەکردن بە تواناکانی ئێران بۆ وەڵامدانەوە بەم هەڕەشانە ڕایگەیاندوە لە حاڵەتێکدا کە ئیسراییل بیەوێ هێرشێکی نوێی سەربازی لە ناوچەکەدا ڕێکبخا تووشی لەناوچوون دەبێ. ڕۆژێک دوای گەڕانەوەی ئەحمەدینەژاد بۆ تاران کۆبوونەوەیەک لە تاران بە بەشداری نوێنەرانی ئەم گروپانە ڕێکخراو عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران لەم کۆبوونەوەدا بانگهێشتی هەموو لایەنەکان بۆ پێکهێنانی یەکڕیزیو یەکێتی کرد، ڕایگەیاند کە سیاسەتی ئەمریکا دەربارەی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێگەی دانووستانەوە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ.

**زەمینە بۆ قەیرانێکی نوێ خۆش دەکرێ**

بەشێک لە چاودێرانی سیاسی لەوبڕوایەدان کە ئەم هەنگاوانە لە ئاڕاستەی دروستکردنی زەمینە بۆ قەیرانێکی نوێیە، سۆهرابستان ماڵپەڕێکی نزیک بە بزووتنەوەی سەوز لە وتارێکدا لەمبارەوە دەنووسێت "سێ ساڵ لەمەوپێش لەدوای بەدەستەوەگرتنی ڕەهای دەسەڵات لەلایەن سوپای پاسداران لە ئێرانو دەستپێکردنەوەی سەرلەنوێی پیتاندنی یۆرانیۆم، فەزایەکی قورس باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاو ئەگەرەکانی هێرشی سەربازیی ئەمریکا بۆ سەر ئێران زیادی کرد، حکومەتی ئێران دەسبەجێ کەوتە خۆیو بۆ ڕەواندنەوەی مەترسییەکان بڕیاری بە حیزبوڵڵای لوبناندا تا بکەوێتە شەڕێک لەگەڵ ئیسرائیل، شەڕێکی ٣٣ ڕۆژە کە حیزبوڵڵا هەڵیگرساندو زیانێکی گەورەی مادیو مرۆیی لێکەوتەوە".

لە درێژەی ئەم وتارەدا هاتووە "کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکیتر تووشی قەیرانی جدی بووەتەوە، بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتیو کڕینی کات بۆ چالاکییە ئەتۆمییەکانی، هەروەها کۆکردنەوەی کۆدەنگی لە ناوخۆی ئێران بۆ خنکاندنی بزووتنەوەی سەوز پێدەچێ بڕیاری دەستپێکردنی شەڕێکی تازەی بە گروپەکانی لوبنانو فەلەستین دابێ."

ماڵپەڕی ناسراوی "پەیک نێت"یش لە ڕاپۆرتێکدا باس لە ئاگاداربوونی خامنەیی لە هێرشی سەربازی بۆسەر ناوەندە ئەتۆمییەکان دەکاو لەمبارەوە دەنووسێت "ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران بەهێزەو خامنەیی دەیەوێ پێش لە دەسپێکردنی ئەم هێرشە، جەنگێکی نوێ بە هاوئاهەنگی گروپەکانی لوبنانو فەلەستینو سوریا ڕێکبخا، زانیاری ڕاست لەبەردەستدایە کە ئەحمەدینەژد لەم سەفەرەیدا ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری خستووەتە خزمەت حیزبوڵڵاو پرسی تەنزیماتی شەڕەکەشی جێبەجێ کردووە".

بەشی فارسی تەلەفزیۆنی ئەمریکاش لە ڕاپۆرتێکی شیکاریدا ئەم هەنگاوە نوێیەی کۆماری ئیسلامی بە مانۆڕ وەسف دەکاو دەڵێت "چەند هەفتە لەمەوپێش دەزگای دیپلۆماسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان دانیشتنو چاوپێکەوتنی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەو بە تایبەت وڵاتانی عەرەبی کرد، ئەمریکا لە هەوڵی جۆشدانی وڵاتانی عەرەبی لە دژی سەرەڕۆییەکانی حکومەتی ئێرانەو ئەم ڕەفتارەی کۆماری ئیسلامیش کاردانەوە لەبەرامبەر ئەم سیاسەتەی ئەمریکایە."

لە پەیوەند لەگەڵ ئەگەرو گومانەکان دەربارەی قەیرانێکی نوێ لە ناوچەکە، هەواڵنێرییەکان لە زمانی یەکێک لە وتەبێژەکانی سوپای ئیسرائیلەوە ڕایانگەیاندووە کە لە ڕۆژی یەکشەممەوە بڵاوکردنەوەی ماسکی دژی گازە ژەهراوییەکان لە نێوان دانیشتوانی ئیسرائیل دەستی پێکردووە، بەپێی وتەی ئەم بەرپرسە ئەم هەڵمەتە سەرجەمی ئیسرائیل دەگرێتەوەو ئامانج لەم کارە، مەترسییەکانی هێرشی مووشەکی ئێرانو سوریاو لوبنان ڕاگەیەندراوە.



ئەحمەدی نەژادو خامنەیی گفتوگۆ دەکەن

ڕیکلام

# دکتۆر مەحمود عەلی عوسمان

## کاندیدی ژمارە (٢)ی پارێزگای سلێمانی






کوردایەتی
یەکبوون
یەکسانی



**پارێزگای سلێمانی**

دەنگ دەدەم بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان
ژمارە ٣٧٢

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٢ | لیستی هاوپەیمانی کوردستان | | ✓ |



✓ ٢ ✓ ٣٧٢

www.arsivakurdi.org

# خاوەنی مریەم باوانم دەگەڕێتەوە

سازدانی: دەستوور

**خانمە گۆرانیبێژ نەرمین ڕەزا کە بەگۆرانی (مریەم باوانم) ناسراوە، ئاماژە بەوە دەکات کەبڕیارە بگەڕێتەوە بۆ کاری هونەری کەپێشتر بەهۆی نەخۆشییەوە وازیهێنابوو.**
**نەرمین لەساڵی ١٩٧٢ لەگەڕەکی شێخان لەشاری سلێمانی لەدایکبووەو لەخێزانێکی هونەریدا پەروەردەبووە، بەهۆی ئەوەی براکانی هونەرمەند بوون، کاریگەریان هەبووە بەسەرییەوە بەتایبەتی "ئەحمەد ڕەزا"ی برای کەمۆزیسیان بووە لەتیپی مۆزیکای مەولەوی.**



**دەستوور:** بۆچی بۆ ماوەیەکی زۆرە لەکاری هونەری دابڕاویت؟

**نەرمین:** من لەساڵی ١٩٩٨دا تووشی نەخۆشییەکی زۆر سەختبووم، دواتر چارەسەری کیمیاویم بۆ کراو لەبارودۆخێکی زۆرخراپدا دەژیامو کەس بەتەمام نەمابوو، ئیتر دوای ئەوە بەهاوکاری هاوسەرەکەمو خوشکو براکانم کەزۆر سوپاسی هەموو لایەکیان دەکەم کەهاوکاریان کردم، پزیشکەکەمو ماڵی خەزورم زۆر هاوکاریان کردمو کارێکی وایان کرد کەبۆجارێکی تر ژیان بەجوانی ببینمەوە، هەروەها خۆم ئامادە بکەمەوە بۆ کارە هونەرییەکانم، ئەوەبوو هاوسەرەکەم گۆرانی (باران باران)ەی بۆ ئامادەکردووم، بەڵام دووساڵ لەمەوبەریش گرێیەک لەقورگمدا دروستبووبوو کە لەقوتابخانەی گەلاوێژ وانەی سرودم دەوتەوە، پزیشک پێی وتم کەنابێت گۆرانی بڵێمو وانەی سرود بڵێمەوە، سوپاسی دکتۆر حەمەجەزا دەکەم کەنەیهێشت لێزەر لەقورگم بدرێتو هاوکاری کردم کەتەنها بەڕێنماییەکان چارەسەر بکرێمو بگەڕێمەوە بۆکاری هونەری.

**دەستوور:** یەکەم گۆرانی کەتۆمارتکرد ناوی چی بوو؟

**نەرمین:** یەکەم گۆرانی کەتۆمارمکرد لەساڵی ١٩٩٥دا بوو لەگەڵ تیپی مۆزیکای فۆلکلۆر بەناوی (مریەم باوانم) کەهەر ئەو گۆرانییەش منی بەخەڵک ناساند کەئاوازو هۆنراوەی فۆلکلۆرو ئامادەکردنو دابەشکردنی کاک سەباحی سەنتور بوو، پاشان لەساڵی ١٩٩٦ لەگەڵ تیپی مۆزیکای سلێمانی گۆرانی "ئەسمەر یارم جوانە"م تۆمارکرد.

**دەستوور:** تاچەند هونەرو ئاوازی کوردی ڕەسەنایەتی پاراستووە؟ چەند پەیوەستی بەڕەسەنایەتییەوە لەگۆرانییەکانتدا؟

**نەرمین:** گۆرانی کوردی تاماوەیەکی زۆر پێش ئێستاش یاخود بەمانایەکی تر تادوای هەشتاکانو نەوەدەکان مۆرکی کوردی زیاتر پێوە دیاربوو، من بەشبەحاڵی خۆم حەزدەکەم ئەو بەرهەمە فۆلکلۆرییانە بڵێمەوەو لەفەوتان ڕزگاریان بکەم، چونکە لەئێستادا گۆرانی کوردی تووشی قەیران بووە، ئاوازو مۆزیکی تورکی عەرەبیو فارسی زۆر زاڵە بەسەر گۆرانی مۆزیکی کوردیدا، لەبەرئەوە من دەمەوێت بەوشێوەیە کاربکەم تا ڕەسەنایەتی لەگۆرانییەکانمدا بپارێزمو گۆرانی کوردیو ڕەسەن پێشکەش بەئاشقانی دەنگم بکەمو بەردەوام دەبم لەسەر ئەو شێوازە.

**دەستوور:** وەکو خانمێکی گۆرانیبێژ حەزت لەدەنگی چ هونەرمەندێکە؟

**نەرمین:** زۆرئاشقی دەنگی هونەرمەندان عەدنان کەریمو بەهجەت یەحیام، لەگەڵ کامکارەکان، زۆر گوێ لەدەنگی عەدنان کەریم دەگرم.

**دەستوور:** ئەو گۆرانییە فۆلکلۆرییانەی کەتاکو ئێستا وتوتە زیاتر بۆ ئافرەتە، دەمانەوێت بزانین بەنیازنیت گۆرانی بۆ پیاو بڵێیت؟

**نەرمین:** بێگومان ئەو تێکستانەی کەمن کردوومە بەگۆرانی هەموویان فۆلکلۆربوون، هەروەکو دەزانین هۆنراوەی فۆلکلۆریش زیاتر پیاو بۆ ژنی وتووە، بەڵام ئێمە کاتێک هاتووین کردومانە بەگۆرانی ویستومانە تێکستو ئاوازەکە تێکنەدەین، چونکە لەوانەیە گۆرانییەکە خۆشنەبێتو ئەو تامو چێژەی نەمێنێت، ئێستا گۆرانی خوالێخۆشبوو "ماملێ" هەیە زۆرحەزم لێیەتی کەبیڵێمەوە، بەڵام لەبەرئەوەی تێکستەکەی بۆ ژن وتراوە حەزناکەم کەئەو تێکستە بگۆڕێتو گۆرانییەکە ناخۆشبێت، هیوادارم لەئایندەیەکی نزیکدا بتوانم گۆرانی بەتێکستی نوێ کە بۆ من بشێت بیڵێم، هەرچەندە ئەو گۆرانییانەی کەوتومەو تێکستەکانی فۆلکلۆرە هەستدەکەم هەندێ شتیم تیادایە بۆنمونە کەدەڵێت (ئەسمەر یارم جوانە)، ئەگەر کوڕبێت یا کچ بێت ئەسمەر بێت تۆ دەتوانیت بەدەزگیرانەکەت بڵێیت، یان بەخۆشەویستەکەت بڵێیت.

**دەستوور:** بەخۆشەویستی ژیانی هاوسەریت پێکهێناوە، یاخود بەڕێکەوت؟

**نەرمین:** بەخۆشەویستی بوو، هاوسەرەکەم مامۆستام بوو لەپەیمانگای هونەرە جوانەکان، دوای ئەوەی کەپەیمانگام تەواوکرد پاشان ئەو بابەتە دروستبوو، بەهۆی ئەوەی وەکو دوو هاوڕێ پێکەوە دەچووین بۆ سەیرکردنی پێشانگا و فێستیڤاڵە هونەرییەکانو زیاتر لەوبارەیەوە کچ زۆر کاریگەری دەکاتە سەر کوڕ تاکو بزانێت لەلایەنی ڕەوشتەوە باش بێت، بۆ کوڕیش بەهەمان شێوە، من کەزانیم کوڕێکی باشو ڕێکوپێکە ڕازیبووم.

**دەستوور:** ئەوخۆشەویستییەی نێوانتان چەندی خایاند؟

**نەرمین:** نزیکەی حەوت مانگی خایاندو دواتر هاتە خوازبێنیم.

**دەستوور:** وەکو کابانێک لەماڵەوە ڕقت لەچ کارێکە؟

**نەرمین:** هەموو کارەکانی ماڵم پێخۆشە.

**دەستوور:** پرۆژەی هونەری نوێت چییە؟

**نەرمین:** گۆرانییەکی نوێیە بەناوی بیرەوەری کەتێکستی ئەحمەد محەمەدەو میلۆدی سەباحی سەنتورە، ساڵی ڕابردوو لە کۆ نسێر تێک لەشارۆچکەی کەلار لەگەڵ تیپی مۆزیکی فۆلکلۆر پێشکەشمکرد کەبەهاوکاری بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری سلێمانیو گەرمیان سازکرابوو.



# نەورۆز گوێ لەبەختیار ساڵح بگرە

دەستوور

گۆرانیبێژی لاو بەختیار ساڵح، بەسەردانێک گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانو سەرقاڵی ئەلبومێکی نوێیە کەبڕیارە لەجەژنی نەورۆزدا بڵاوییبکاتەوە.

لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ دەستوور، گۆرانیبێژی ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کەسەردانی ئەمجارەی بۆ بەرهەمهێنانی ئەلبومێکی گۆرانییەو ئێستا سەرقاڵی کاری تۆمارکردنەو هیچ زانیارییەکی لەبارەی بەرهەمەکەیەوە نەدرکاند. بەپێی وتەی کەسێکی نزیکی ناوبراو، ئێستا ئەلبومەکەی کاری چەند گۆرانییەکی ماوە کەنزیکەی ١٠ گۆرانی لەخۆ دەگرێتو بەنیازە ئەگەر هیچ گرفتێک نەیەتەڕێی، لەجەژنی نەورۆزدا بڵاوییبکاتەوە.



# بورهان محەمەد لەسیدی دەترسێت

دەستوور

هونەرمەندی گۆرانیبێژ، بورهان محەمەد نایەوێت سیدی بەرهەمبهێنێت، چونکە لەسیدی زەرەردەکاتو وتی "ئەو پارەیەی کەتیای خەرجدەکەم نایەتەوە دەستم، لەبەرئەوە هەوڵدەدەم ساڵی چەند گۆرانییەک تۆماربکەمو بڵاویان بکەمەوە".

بورهان محەمەد لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی دەستوور وتی "کۆمەڵێک بەرهەمی نوێم ئامادەیە کەیەکێکیانم تۆمارکردووەو بەنیازم کلیپی بۆ بکەم بەناوی (تاسەبارە) کەتێکستی شاعیرو پارێزەر (خالید مەجید فەرەج)ەو ئاوازی خۆمەو لەسەر خواستی خۆشم تێکستەکەی بۆ نووسیوم کەباس لەغوربەتو گەڕانەوە بۆ وڵات دەکات".

بورهان ئەوەشی وت کەدوو گۆرانیشی لای مامۆستا (گۆران کامیل)ەو ئێستا کاری تیا دەکات کەیەکێکیان تێکستی (محەمەد عەزین)ەو ئاوازی هونەرمەند خۆیەتی، ئەوەی تریشیان هۆنراوەو ئاوازی خۆیەتی.

# (گوڵەکانی کەرکوك) لەئیتاڵیایە

دەشتی ئەنوەر



فریبورز کامکار دەرهێنەرێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لەماوەی ڕابردوودا لەگەڵ چەند ئەکتەرێکدا لەشاری کەرکوک دەستیان بەئەنجامدانی کارەکانی فیلمێک کرد بەناوی "گوڵەکانی کەرکوک" کەئێستا تەواو بووەو فیلمەکەش بۆ کاری مۆنتاژکردن لەوڵاتی ئیتاڵیایە.

شەیدا جاف ئەکتەری فیلمی گوڵەکانی کەرکوک بەدەستووری ڕاگەیاند "ئەو فیلمە باس لەڕووداوی خۆشەویستی نێوان کوڕێکی کوردو کچێکی عەرەب دەکات لەشاری کەرکوک کەپێکەوە ژیاونو حەزیان لەیەکتری بووە، ئەمە لەکاتێکدا پێشئەوەی کەرکوک بکەوێتە گێژاوی گرفتو تەعریبو ترساندنەوە".

شەیدا جاف ئەوەشی وت "فیلمەکە کارەکانی تەواوبووەو ئێستا لەوڵاتی ئیتاڵیایە بۆ کاری مۆنتاژکردن، چونکە لەمانگی چواردا لەفێستیڤاڵێکدا نمایشدەکرێت، بۆیە لەداهاتوویەکی نزیکدا هەموو کارەکانی تەواو دەبێتو ئامادەی نمایشکردن دەبێت".

# جوتیار لەئەستەنبوڵ گەڕایەوە

سیزار سەلیم



گۆرانیبێژی گەنجو یەکەمی کوردستار، جوتیار زاخۆیی لەم چەند ڕۆژەدا لەشاری ئەستەنبوڵی وڵاتی تورکیا گەڕایەوە، ئەویش بۆ کلیپکردنی یەکێک لەگۆرانییەکانی نێو ئەلبومەکەی لەساڵی ٢٠٠٨.

جوتیار بەدەستووری ڕاگەیاند کەڕۆیشتنی ئەو بۆ ئەستەنبوڵ بۆ کلیپکردنی گۆرانی (بێژە من) بوو کەهۆنراوەو ئاوازی عەبدولقەهار زاخۆییە.

جوتیار باسی ئەوەشیکرد کەوا کاری دەرهێنانو وێنەگرتنی کلیپەکە لەلایەن ڕائید سندی کراوەو بەهاوکاری هاوڕێیەکی بەناوی (ئاشتی کۆچەر).

جوتیار وتی "لەم ماوەیەدا دوو گۆرانی تر تۆماردەکەم کەیەکێکیان کۆنەو نوێیدەکاتەوە، ئەوەی تریش گۆرانییەکی نوێیە".

جوتیار زاخۆیی لەخولی یەکەمی بەرنامەی کوردستاری کەناڵی کوردساتدا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.

# ڕۆژنامەکان گوێ لەقوتابیانی ڕاگەیاندن ناگرن

عەلی بانیشاری لەهەولێر

بەهۆی پشتگوێخستنی لایەنی پراکتیکی لەبەشی ڕاگەیاندن، دەرچووانی بەشی ڕاگەیاندن ناتوانن لەناو ڕۆژنامەکاندا بەئاسانی جێگەی خۆیان بکەنەوەو ڕۆژنامەکانیش پشت بەو ڕۆژنامەنووسانە نابەستن کە لەزانکۆکانەوە دەردەچن، بەرپرسانی بەشی ڕاگەیاندنیش ئاماژە بەوەدەکەن بەشەکەیان کەموکوڕی هەیە.

لەگەڵ وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆری قوتابیانو خوێندکاران لەبەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین، بەڵام تائێستا ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی هەولێر وەک پێویست پشتیان بەو قوتابیانە نەبەستووەو گوێ لەڕۆژنامەنووسە ئەکادیمییەکان لەکوردستان ناگیرێت.

سەرەڕای وەرگرتنی ٣٠٠ قوتابی لەبەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەدین، بەلام زۆربەی قوتابیان لەدوای تەواوکرنی بەشی ڕاگەیاندن لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان کارناکەن، ئەو بەشەش چەندین کەموکورتی هەیەو تائێستا کەموکوڕییەکان بەچارەسەرنەکراوی ماونەتەوە. قوتابیانو خوێندکاران باس لەوەدەکەن کە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەئێستادا ڕۆژنامەنووسە نائەکادیمییەکان دەیبەن بەڕێوەو گوێ لەقوتابیانی بەشی ڕاگەیاندن ناگیرێت، ڕۆژنامەنووسانیش دەڵێن کاری ڕاگەیاندن پێشئەوەی تیۆری بێت مەیدانییەو قوتابیانی ڕاگەیاندن خۆیان ماندوو ناکەنو بەدوای سەرچاوەدا ناگەڕێن.

هایدی فەهد قوتابی قۆناغی سێیەمی بەشی ڕاگەیاندن لەزانکۆی سەلاحەدین بەدەستووری وت "پێویستە ڕۆژنامەکانی کوردستان وەک دەرەوە گرنگی بەڕۆژنامەنووسە ئەکادیمییەکان بدەن، چونکە ڕۆژنامەنووسە ئەکادیمییەکان پشتگوێخراون لەلایەن ڕۆژنامەکانی کوردستان بەگشتیو ڕۆژنامەکانی هەولێر بەتایبەتی".

هایدی وتی "کێشەی قوتابیانی بەشی ڕاگەیاندن ئەوەیە، گرنگیانداوە بەشێوە تیۆرییەکەو پراکتیکیان پشت گوێخستووە، ڕۆژنامەکانی هەولێر پشتگیریمان ناکەنو هەندێک لەقوتابیانو خوێندکارانیش گرنگی بەبەشەکەی خۆیان نادەن".

حەمید ئەبوبەکر بەدرخان سەرنووسەری هەفتەنامەی بەردخان لەهەولێر پێیوایە قوتابیانی بەشی ڕاگەیاندن زۆر کەمتەرخەمن لەگرنگیدان بەبەشەکەیانو هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدان "بابەتی لەقوتونان بنێرن بۆ ڕۆژنامەکان".

سەرنووسەری بەدرخان بەدەستووری وت "ڕاپۆرتەکانی قوتابیانی بەشی ڕاگەیاندن هەندێک کات ئەوەندە خراپە کەدەبێت ڕۆژنامەکە قوڕی بۆ بپێوێت، لەهەمانکاتدا قوتابیان نازانن ئامرازەکانی هەواڵو .... هتد لەجێگەی خۆیدا بەکاربهێنن".

سەرنووسەری هەفتەنامەی بەدرخان وتی "کاری ڕاگەیاندن پێشئەوەی تیۆری بێت مەیدانییە".

خالید محەمەد یەکێکی ترە لەقوتابیانی بەشی ڕاگەیاندن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لەکوردستان ڕۆژنامەنووسە نائەکادیمییەکان نیمچە زاڵبونێکیان بەسەر ڕۆژنامەنووسە ئەکادیمیەکاندا هەیە، چونکە بەشی ڕاگەیاندن لەسەرەتای خوێندنی زانکۆدا لەکوردستان نەبووەو وەک پێویست گرنگی نییە.

خالید وتی "لەپاش چەندین ساڵ لەکردنەوەی بەشی ڕاگەیاندن لەکوردستاندا بەشەکە بەدەیان کەموکورتی تێدایەو وەک پێویست گرنگی پێنەدراوە، چۆن دەبێت بەشی ڕاگەیاندن ستۆدیۆی نەبێت".

دکتۆر ڕەزوان بادینی سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن لەزانکۆی سەلاحەدین باس لەوەدەکات کە لەپاش تەواوکردنی بەشی ڕاگەیاندن هەندێک لەقوتابیان کاری ڕاگەیاندن ناکەنو کارێکی تر هەڵدەبژێرن.

د.ڕەزوان دەڵێت "وەرگرتنی ٣٠٠ قوتابی لەبەشی ڕاگەیاندن لەهەر چوار ساڵەکەدا بۆ کوردستان زۆرنییە، بەڵکو کەمیشە، چونکە ڕاگەیاندنی کوردی زیاتر لەوە هەڵدەگرێت".

سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن بەدەستووری وت "کێشەی هەرە گەورەی بەشی ڕاگەیاندن نەبوونی ستۆدیۆیە، وای لەقوتابیان کردووە نەتوانن وەک پێویست کاری پراکتیکی بکەن".



ڕۆژنامەکان خۆیان بەدوور دەگرن لەڕۆژنامەنووسانی ئەکادیمی.

# مەڕومالات، قوتابخانەیەك بێزار دەكات

ئاوات محەمەد لەڕانیە

بەهۆی بەخێوکردنی ئاژەڵو مەڕومالات لەلایەن چەند ماڵێکی نزیک قوتابخانەیەکی بنەڕەتی، قوتابیانو مامۆستایانی قوتابخانەکەی بێزارکردووەو بەڕێوەبەری قوتابخانەکەش ئاماژە بەوەدەکات کەدوای چەندجارێک ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەرێتی پەروەردە کێشەکەیان بۆ چارەسەر نەکراوە.

دوای چەندین ساڵ لەناردنی نووسراوی فەرمی بۆ لابردنی ئاژەڵو مەڕوماڵاتی نزیک قوتابخانەی مەڵبەندی بنەڕەتی لەچوارقوڕنە، نەتوانراوە کێشەکەیان چارەسەر بکرێت.

کانی حەمەئەمین قوتابی پۆلی شەش لەقوتابخانەی مەڵبەندی بنەڕەتی وتی "ئەو ئاژەڵو مەڕوماڵاتە لەدەوری قوتابخانەکەمان بەڕاستی بێزاری کردووین".

کانی باسی لەوەکرد کەچەند هاوڕێیەکی بەهۆی بۆنو بەرامەو پیسی ئەو ئاژەڵانەوە تووشی نەخۆشی بوون.

کانی داواکارە ئەو مەڕوماڵاتە لەقوتابخانەکەیان دووربخرێتەوەو کێشەکەیان بۆ چارەسەربکرێت.

شیبا حەسەن قوتابیەکی تری قوتابخانەی مەڵبەندی بنەڕەتییە ئاماژەی بەوەدا لەنزیک قوتابخانەکەی ئەوان هەم مەڕومالات بەخێودەکرێ، هەم بەشێکی پاشماوەکانی شار دەهێنرێتە نزیک قوتابخانەکەی ئێمە فڕێدەدرێو پاشان ئاگری تێبەردەدرێ، ئەوەش دوکەڵو بۆنێکی ناخۆشمان بۆ دروستدەکات. شیبا داواکارە خەڵکی گەڕەکەکە هاوکاریان بکەن بۆ دوورخستنەوەی ئەو ئاژەڵانە.

حەسەن عومەر حاجی خاوەنی ئاژەڵو مەڕوماڵاتە لەنزیک ئەو قوتابخانەیە ئاماژە بەوە دەکات کاتێ ئەو ئاژەڵانەیان ڕاگرتووە، ئەو قوتابخانەو ئەو ماڵانەی لێنەبووە.

حەسەن وتی "ئێمە لەبەر خاتری بەرژەوەندی گشتی ئەو قوتابیانە ئامادەین ئەگەر حکومەت قەرەبوومان بکاتەوە شوێنمان بۆ دابین بکات، ئێرە چۆڵبکەین".

بەهجەت جەمال ئەحمەد بەڕێوەبەری قوتابخانەی مەڵبەندی بنەڕەتی لەچوارقوڕنە بەدەستووری ڕاگەیاند دوای تەواوبوونی قوتابخانەکەیانو دەستبەکاربوونیان لەبینای تازە، نووسراویان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ڕانیە کردووەو ئاگاداریان کردوونەتەوە لەبوونی ژمارەیەک ئاژەڵو مەڕومالاتو قەسابخانەیەک لەنزیک قوتابخانەکەیان، بۆئەوەی دوریبخەنەوە لێیان.

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەش بەڕێوەبەری ناحیەکەیانی بەنووسراوی ژمارە (١٠٨٢٣)ی بەرواری ٢٠٠٧/٩/٢٣ ئاگادارکردووەتەوەو بەوهۆیەوە قەسابخانەکە داخراوە، بەڵام ئەو ئاژەڵانە هەرماون.

بەهجەت جەمال وتی "لەساڵی ٢٠٠٨ نووسراومان بەژمارە (١٥) لەبەرواری ٢٠٠٨/٩/٢١ دووبارە پەروەردەی ڕانیەمان ئاگادارکردەوە کەئەو کێشەیەی پار چارە سەرنەکراوە، چونکە خۆتان دەزانن منداڵ ناسکەو زوو توشی نەخۆشی دەبێ، هەر ئەوەش بوو وایکرد بەشێک لەقوتابییەکانمان توشی نەخۆشی بکاتو دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێیان زانیو باسیان کرد".

ئاماژەی بەوەشدا کەساڵی پار نەمامیان چاندووەو گەورەبوون، بەڵام مەڕوماڵاتی ماڵەکانی دەوروبەری قوتابخانەکە خواردوویانن.

ئەو وتی "بەڕاستی ناکرێ هەموو کاتێ ببین بەپاسەوانی ئەو دارانە".


قوتابییەکان تووشی نەخۆشی بوون.

## جیهانبینی پەروەردە

فایەق سەعید

# ئەریکسۆن وەك دەروونناسێكی كۆمەڵایەتی

ئێریک ئەریکسۆن لەسەرەتاکانی سەدەی ڕابردوو وەک منداڵێکی ناشەرعی لەدایکو باوکێکی دانیمارکی لەئەڵمانیا لەدایکبوو، ئەریکسۆن تا مردنی لەساڵی ١٩٩٤دا توانی ببێتە ناوێکی زۆر بەرز لەبواری شیکاری دەروونی، دەروونناسی کۆمەڵایەتیو دەروونناسی گەشەکردندا بەیەکێک لەو دەروونناسانە دەژمێردرێت کەتوانی ڕۆڵێکی گەورە لەبواری پەروەردەدا ببینێت.

بەر لەلەدایکبوونی ئەریکسۆن دایکو باوکی جیابوونەوە بۆئەوەی دواتر دایکی شوو بەدکتۆرێکی ئەڵمانی بکاتەوە، دوای جیابوونەوەیەکی دیکەش ئەریکسۆنی دایکی شووی بەپیاوێکی ئەمریکی کرد کەبووە ڕێخۆشەکەرێک بۆئەوەی ئەریکسۆن چاوی بەدنیایەکی بەرفراواندا هەڵبێت، ئەریکسۆن کەبەماوەیەکی کورت توانی ببێتە یەکێک لەدەروونناسە بەناوبانگەکان، توانی تا هاتنە سەرتەختی هیتلەر لەئەڵمانیا بمێنێتەوەو دواتر بەرەو ئەمریکا هەڵبێت، لەوێندەرێ دنیایەکی زۆر گەورەتری بۆ ئاشکرابوو، ئەریکسۆن بەشی هەرە زۆری کاتەکانی خۆی بۆ کەسایەتی منداڵو گەشەسەندنی منداڵ تەرخانکرد، ئەریکسۆن بەپێچەوانەی پیاژێوە جەختی لەسەر فاکتەرە کۆمەڵایەتیو کلتورییەکان دەکردەوە وەکو فاکتەرێکی گرنگ کەدەتوانێت ڕۆڵ لەگەشەسەندنی منداڵاندا ببینێت.

پوختەی ڕاکانی لەم بوارەدا لەکتێبی منداڵو کۆمەڵگادا بڵاوکردەوە، ئەریکسۆن ماوەیەکی زۆر خەریکی ئەو تیۆرییانەبوو کەدەربارەی گەشەسەندنی منداڵ شتێکی نوێیان خستبووە بازاڕەوە، هەر لەسەرەتاوە باسی لەهەندێ کەمتەرخەمی تیۆرییە مەعریفییەکی پیاژێ کردو پێیوابوو ڕاوەستانی تیۆرییەکەی پیاژێ کەبریتی بوو لەچوار قۆناغ لەتەمەنی هەرزەکاریدا یەکێکە لەنوقسانییەکانی پیاژێ، بۆیە تیۆرییەکەی خۆی لەبارەی گەشەسەندنی منداڵانەوە هەشت قۆناغی لەخۆی گرتبوو کەتا تەمەنی ٣٥ ساڵی لەخۆگرتبوو، هەرکەسێک بەراوردی تیۆرییەکەی پیاژێ لەگەڵ ئەریکسۆندا بکات، سێ جیاوازی بۆ دەردەکەوێت، یەکەمیان تیۆرییەکەی ئەریکسۆن باسی گەشەسەندنی مرۆڤ دەکات لەساتی لەدایکبوونییەوە تا تەمەنی ٣٥ ساڵی لەکاتێکدا پیاژێ تا تەمەنی هەرزەکاری باس لەو گەشەسەندنە دەکات، دووەم تیۆرییەکەی ئەریکسۆن لەبواری پراکتیکدا هێندەی تیۆرییەکەی پیاژێ دەرفەتی پیادەکردنو سەلماندنی بۆ نەڕەخسا، سێیەم لەکاتێکدا پیاژێ هەموو قورسایی خۆی خستبووە سەر گەشەسەندنی مەعریفیو تواناکانی منداڵ ئەریکسۆن قورسایی خۆی خستبووە سەر فاکتەرە کۆمەڵایەتیو کلتورییەکان، ڕەنگە لەم بوارەدا ئەریکسۆن لەڤیگۆجیسکییەوە نزیکتر بێت تا پیاژێ بەتایبەت لەبواری گەشەکردنو فێربوونی زماندا.

ئێریک ئەریکسۆن بەیەکێک لەو زانایانە دەژمێردرێت کەزانستێکی زۆری لەفرۆیدەوە وەرگرتوەو بەرگێکی نوێی بەبەردا کردووە، لەکاتی کارکردن لەگەڵ هەندێک منداڵ لەقوتابخانەیەکی ڤیەننادا هاوکارییەکی زۆری ئانا فرۆیدی کردووە، ئەم ناسینەی ئانا بووە هۆی نزیکبوونەوەی زیاتر لەشیکاری دەروونی کەدواتر بۆ شیکردنەوەی گەشەکردنی منداڵان بەکاریهێنا، بەڵام شارەزابوونی ئەو لەشیکاری دەروونی زیاتر ئەوی بەرەو دەروونناسی کۆمەڵایەتی برد تا شیکاری دەروونی، ڕەنگە یەکێک لەهۆکارەکانیش هەڵاتنی ئەو بێت بۆ ئەمریکاو کارکردنی بەردەوامی ئەو بێت لەگەڵ منداڵانو هەرزەکارانی ئەمریکایی کەبووە هۆی ئەوەی بۆ شیکردنەوەی بارودۆخو گەشەسەندنی ئەو منداڵانە زیاتر جەخت لەسەر ڕۆڵی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان بکاتەوە تا شتێکی دیکە، یەکێک لەو بوارانەش فێربوونی زمانو ئاستی گەشەسەندنی زمان بوو لەلای منداڵان کەلای چۆمسکی ڕەهەندێکی زیاتر سیاسیو کۆمەڵایەتی وەرگرت.

ئەریکسۆن بەپێچەوانەی ئانا فرۆیدەوە پێیوابوو گەشەسەندنی منداڵان لەدوای هەرزەکارییەوە ڕاناوەستێت، بۆیە لەو هەشت قۆناغەدا کەبۆ گەشەسەندنی منداڵان تەرخانی کردبوو باسی ژیانی هەرزەکاریو لاویشی کرد.

بەپێی تیۆرییەکەی ئەریکسۆن لەهەر یەکێک لەو هەشت قۆناغەدا مرۆڤ بەقەیرانێکی تایبەتدا تێپەڕدەبێتو چارەسەکردنی ئەو گرفتو قەیرانانەش شێوازی ژیانو کەسایەتی ئەو مرۆڤە دەستنیشاندەکات، لەقۆناغەکانی سەرەتادا مرۆڤ هەندێک لەبنەماکانی پیاژێ دەبینێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر ورد مرۆڤ لەپێنج قۆناغی یەکەمدا فرۆید زۆر بەئاشکرا دەبینێ، بەڵام لەسێ قۆناغی کۆتاییدا ئەریکسۆن هەوڵی ئەوە دەدات فرۆید بەجێبێڵێت بۆ ئەوەی تێڕوانینەکانی خۆی جێگیر بکات، لەنووسینەکانی ئەریکسۆندا زۆرجار مرۆڤ تێرمی سۆسیال کۆنترۆڵ بەدی دەکات لەبەرئەوەی ڕۆڵێکی گەورە لەقۆناغەکانی گەشەسەندندا دەگێڕێت، لەمەڕ گەشەسەندنی منداڵانەوە ئەریکسۆن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەرادەو جۆری ئەو گەشەسەندنە پەیوەندییەکی زۆری بەو سۆسیال کۆنترۆڵەو جۆری مامەڵەکردنی گەورەکانەوە هەیە، هەرکات منداڵ بەباشی پەروەردەکراو خزمەت کرا، ئەو دەمە بڕوایەکی پتەوی بەگەورەکان دەبێت، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە بەشێوەیەکی نامرۆڤدۆستانەوە مامەڵە کراو داواکانی ڕەتکرایەوە، ئەوا بڕوای بەو گەورانە نامێنێتو ئەوان نابنە جێگای متمانەو باوەڕی ئەو.

> پیاژێ هەموو قورسایی خۆی خستبووە سەر گەشەسەندنی مەعریفیو تواناکانی منداڵ ئەریکسۆن قورسایی خۆی خستبووە سەر فاکتەرە کۆمەڵایەتیو کلتورییەکان، ڕەنگە لەم بوارەدا ئەریکسۆن لەڤیگۆجیسکییەوە نزیکتر بێت تا پیاژێ بەتایبەت لەبواری گەشەکردنو فێربوونی زماندا

faiekk@hotmail.com

# پیاوان لەهەڵبژاردندا کارتی سوور بەکاردەهێنن!



ژنان بۆ هاوسەرەکانیان دەنگ دەدەن. فۆتۆگراف: ئاکۆ محەمەد

○ ئیلهام عەبدوڵڵا لەسلێمانی

بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوونەوە کێشە دەکەوێتە نێوان ژنانو پیاون، پیاوان ڕێگەنادەن ژنەکانیان بەئازادی خۆیان دەنگ بدەن، چالاکوانانی بواری ژنانو پسپۆرانی بواری کۆمەڵایەتیش ئاماژە بەوە دەکەن پەیوەندی بە کلتوری پیاوسالاریو دەسەڵاتی پیاوەوەیە.

ململانێی قەوارەسیاسیەکان گوازراوەتەوە بۆ ناو خێزانەکانو ژنان دەڵێن پیاوان دەیسەپێنن بەسەرماندا کەدەبێت دەنگ بدەین بەو لیستەی کە ئەوان دەیانەوێت.

شیلان محەمەد تەمەن ٣٥ ساڵ وتی "مێردەکەم تەڵاقی لێخواردوم کەئەو لیستەی کەئەو مەبەستییەتی من دەبێت دەنگی بۆ بدەم ئەگینا تەڵاقم دەدات، بە بیانووی ئەوەی کە موچەکەی دەبڕنو نان بڕاوی دەکەن". شیلان دەڵێت "لەگەڵ ئەوەی مافی دەنگدان مافی نێرو مێیە کەچی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا پیاوان وەکو هەموو مافەکانیتر مافی دەنگدانیش لە ئافرەتان زەوت دەکەن".

تەلار کاوە تەمەن ٢٥ ساڵ دەڵێت "نەک لەم هەڵبژاردنەدا، بەڵکو لە هەموو هەڵبژاردنەکانی رابردوودا براکەم دەمان بات بۆ بنکەی دەنگدان ئەو بەچاودێرانی بنکەکە دەڵێت دایکمو خوشکەکانم نەخوێندەوارن دەنگی ئێمە بۆ ئەو لیستەی دەدات کەخۆی دەیەوێت نەک ئێمە دەمانەوێت، ڕاستیش ناکات خوێندەوارین". تەلار وتی "بۆچی دەبێت تائێستاش ژن خاوەنی ڕاو بۆچوونی خۆی نەبێت".

بەشێک لە ژنان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو بێمافییەی بەرامبەریان دەکرێت، دەڵێن بەشداری لە هەڵبژاردن ناکەن.

نازەنین عەلی تەمەن ٢٣ ساڵ دەڵێت "بەشداری لە هەڵبژاردن ناکەم، لەبەرئەوەی باوکم ناهێڵێت دەنگ بدەم بەو لیستەی کە خۆم دەمەوێت".

نازەنین وتی "باوکم دەیەوێت دەنگ بدەم بە لیستی هاوپەیمانی".

بەپێی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان مافی دەنگدان وەک یەکێک لە مافە سیاسیەکان بۆ ئافرەتان ئەژمار دەکرێت، هۆکارێکیشە بۆ بەشداری سیاسی ژنان لە سیستمی حکومڕانیدا.

مافی دەنگدان لەڕێککەوتنی پەیوەست بەمافە سیاسییەکان بۆ ژنان لەساڵی ١٩٥٢دەرچووە ئەم مافەی داوە بەئافرەتان، هەروەها لەساڵی ٢٠٠٠دا پرۆتۆکۆلێکی لەگەڵدا هاوپێچ دەرچووە بۆ چاودێری جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە لەلایەن ئەو وڵاتانەی کە لەم ڕێککەوتنەدا لایەنن کەئەوە مومکین دەکات کەداوای تاکەکەسی پێشکەش بکرێت لەکاتی جێبەجێنەکردنی ماددەکانی ڕێککەوتنەکەو ڕوودانی هەر جۆرە پێشێلکارییەک.

بەشێک لەئافرەتان پەیوەست نابن بە بیروڕای هاوسەرەکانیانەوە دەیانەوێت خۆیان باوەڕیان بەکام لیستو قەوارەی سیاسی هەیە دەنگی پێبدەن.

هەوار حەمەساڵح تەمەن ٢٨ ساڵ وتی "لەگەڵ ئەوەی کۆسپو ڕێگرییەکانی بەردەمم بۆ دەنگدان بەو لیستەی کەخۆم دەمەوێت زۆرن، بەڵام ئەوانە ناهێڵم کاریگەری هەبێت لەسەرم".

هەوار ئاماژە بەوە دەدات ژنان دەتوانن لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بارودۆخی سیاسیو بارودۆخی ژنان بگۆڕن.

کاندیدە ژنەکانو پسپۆرانی بواری کۆمەڵایەتیش ڕێگری لەهەڵبژاردنی ژنان بۆ ئەو لیستەی خۆیان مەبەستیانە دەگێڕنەوە بۆ کلتوری باوکسالاری لەخێزانی کوردیدا کە باوکو براو مێردو تەنانەت خاڵو مام دەتوانن دەست بخەنە ژیانی کچو ژنو خوشکەکانیانەوە.

ئاڵا تاڵەبانی کاندیدی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بۆ پەرلەمانی عێراق بە دەستووری ڕاگەیاند ئەوەی تائێستا وایکردووە کەژنان نەتوانن بە ئازادانە بیروبۆچوونی خۆیان هەبێت لەهەڵبژاردنەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ کلتوری باوکسالاری.

شنۆ ئەحمەد محەمەد بەرپرسی لقی سلێمانی یەکگرتووی خوشکانو کاندیدی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ئاماژەی بەوەدا لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەشتی مارسی هەموو ساڵێک ڕێخراوەکانی ژنان بەزارەکی باس لەمافەکانی ئافرەتان دەکەن، ئەم ساڵیش کە هەشتی مارس یادی جیهانی ژنان نزیکە لەهەڵبژاردنەکان وەکو داکۆکیکارێک داوا لەسەرجەم ئافرەتان دەکەم بەکردار بیسەلمێنن کە کارو کردەوەکانیان کاریگەری لەسەر ژنان هەبێتو بتوانن ئازادانە مافی ژنان بەرجەستەبکەن.

دڵشاد مەحمود توێژەری کۆمەڵایەتی وتی "لەبەرئەوەی لەکۆمەڵگای ئێمە پیاوان بڕیاردەری خێزانن، بۆیە لەهەڵبژاردنیش ئەوان دەبێت بڕیار لەسەر دەنگدانی ئافرەتان بدەنو ئەوەی پیاوان دەیانەوێت هەر دەبێت ئەوە بێت بۆیە ژنان ناچاردەکەن کەبەدڵی ئەوان دەنگ بدەن".

# خانەقینییەکان بە شەش دیالێکت قسەدەکەن

○ فەرمان خێڵانی لە خانەقین

لەکاتێکدا لەهەر گەڕەکێکی خانەقیندا شێوەزارێک بەکاردەهێنرێتو هەمووشیان لەیەکتر تێدەگەن، هەوڵەکان بۆ دانانی یەک شێوەزار بە کارێکی ئەستەم دادەنرێ.

خانەقین شارێکی سنورییەو ئێرانو عێراق پێکەوە دەبەستێتەوەو بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەی وەک خاڵێکی سنوریو بەمەبەستی بازرگانی بە درێژایی مێژوو هاتووچۆی گەلانی فارسو تورکو عەرەبی بەسەرەوە بووە، هەرچەندە کورد زۆرینەی دانیشتووانەکەی پێکدەهێنێت، بەڵام چەندین خێزانی عەرەبو تورکمانو چەند خێزانێکی ئاشوری (مەسیحی) تێدا دەژێن. ئەم فرە کلتورییە وایکردووە دانیشتووانی خانەقین بە چەندین شێوە زاری جیاواز قسە بکەنو لەیەکتریش تێبگەن، بەدەرلەوەی بە چەند شێوەزارێکی کوردی لەنێو خۆیاندا قسە دەکەن، لەگەڵ عەرەبو تورکمانەکانیش بە عەرەبیو تورکمانی قسە دەکەن.

لەخانەقیندا ٤ شێوەزاری کوردیو ٢ زمانیتر ڕۆژانە قسەو گفتوگۆی پێدەکرێتو هەمووشیان دەتوانن لەیەکتر تێبگەن. شاکۆ محەمەد ماوەی چوار ساڵە لەخانەقین خوێندکارە ئاماژە بەوە دەکات خەڵکی شارەکە بە پێی شوێنی دانیشتنیان شێوە زارەکەیان جیاوازی پێوە دیارە، بۆ نمونە دانیشتوویەکی گەڕەکی ئەرکەوازی شێوەزاریان جیاوازە لەگەڵ دانیشتوویەکی گەڕەکی تۆڵەفرۆش.

شاکۆ وتی وشەی (قوڵاژم) یەکێک بوو لەو وشانەی ئەمساڵ بیستم کە خەڵکی ئەرکەوازی بۆ ئاماژەکردن بە (دووپشک) بەکاری دێنن!

شاکۆ زیاتر نمونە دەهێنێتەوەو دەڵێت زۆر جاریش لە کاتی ئاخاوتندا پەندێکی تورکمانی یان عەرەبی یان فارسی دەخەنە نێو قسەکردنەکانیانەوە، بۆ نمونە (ئالو یاغددا)ی تورکمانی کە ماناکەی لە کوردیدا وەک ئەوە وایە بڵێیت "نانت کەوتووەتە ڕۆنەوە" هەروەها (بعد خراب بصره )ی عەرەبی کە بەمانا کوردییەکەی وەک ئەوە وایە بڵێیت "کار لە کار ترازا".

فوئاد موراد هاووڵاتیەکی تەمەن ٤٠ ساڵی دانیشتووی شاری خانەقینەو باس لەوە دەکات کە هاووڵاتیانی کوردی خانەقین جگە لەوەی بەچەندین شێوەزار قسە دەکەن هەردوو زمانی عەرەبیو تورکمانیش دەزانن، ئەگەر کەسێک لە خانەقین بچێتە دوکانێکەوەو بە عەرەبی سڵاو بکات، ئەوا دوکاندارە کوردەکە بە عەرەبی قسەی لەگەڵدا دەکات، بە هەمان شێوە ئەگەر بە تورکمانی سڵاو بکات ئەوا دوکاندارەکە بە تورکمانی قسە لەگەڵ کەسەکەدا دەکات.


لە گەڕەکی ئەرکەوازی بە شێوەزارێک قسە دەکەن کە وشەی عەرەبی زۆر تێدا بەکاردەهێنن، بەڵام گەڕەکی کارێز بە شێوەزارێکی کەڵهوڕی وا قسە دەکەن کە وشەی فارسی زۆری تێدا بەکاردەهێنن، وەک کوردەکانی کرماشان، لە گەڕەکی تۆڵەفرۆش بە (ئەرا ئەرا)ی کەڵهوڕی قسە دەکەن، چەند گەڕەکێکی نوێی خانەقینیش کە دەلۆییو جافەکانی تێدا دەژین بە شێوەزاری گەرمیانی (سۆرانی) قسە دەکەن. ئیبراهیم باجەلان وەک ئەدیبو ڕۆژنامەنووسێکی بەتەمەنو دیاری گەرمیانو خانەقین لەسەر شێوە زارەکانی خانەقین بە دەستووری وت "شێوەی ماچۆ یان شێوەزاری گۆران کە کاکەییەکانو باجەلانیەکانو جموریەکانو زەنگەنەییەکانی خانەقین قسەی پێدەکەن، شێوەزاری لوڕی کە گەڕەکی بانمیلو ئەرکەوازیو کوردەکانی ناحیەی سەعدییەو دەوروبەری جەلەولاو مەندەلیش قسەی پێدەکەن، جگە لەوەش شێوەی (ئەرا ئەرا)ش هەیە کە خۆی بەشێکە لە شێوەزاری لوڕیو هەندێ لەو عەشیرەتانەی کە بە شێوەزاری گۆران قسەیان دەکرد بەهۆی ڕاگواستنو بارودۆخی سیاسیەوە شێوە زاریان گۆڕا بۆ شێوەی (ئەرا ئەرا)، لەگەڵ شێوە زارێکیتر کە عەشیرەتەکانی جافو دەلۆییەکانو گوندنشینەکانی نزیک کەلار قسەی پێدەکەن شێوە زاری سۆرانیە".

باجەلان ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم شێوە زارانەی خانەقین جیاوازیان هەیە لە یەکترو دەڵێت "هەریەک لەو شێوەزارانەی لە خانەقین بەکاردەهێنرێت جیاوازن لەیەکتر، بەڵام خانەقینیەکان بە ئاسانی لە یەکتر تێدەگەنو هەر کەسێک بە شێوەزاری خۆی قسە دەکات".

ئێستا هەوڵێک لەئارادایە بۆ ئەوەی یەک شێوەزاری لەخانەقیندا بۆ قسەکردن دروستبکرێت، تا هەموو خانەقین وەک زمانێکی ستاندارت بەکاری بهێنن.

یەکێک لە هەوڵەکانیش کتێبێکی ئومێد بەرزانە کە پێشکەشی زانکۆی کۆیەی کردووەو تێیدا شێوە زارێکی تایبەت بە خانەقینی داناوە.

ئیبراهیم باجەلان وتی"دانانی شێوە زارێکی تایبەت بە خانەقین زۆر ئاسان نیەو دەبێت حکومەت لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی ناوخۆییو خوێندنەوە ئەو شێوە زارە بڵاوبکاتەوە بۆئەوەی دوای چەندین ساڵی تر جێگیر ببێتو خانەقینیەکانیش وەک هاووڵاتیانی هەر شارێکی تر بە یەک شێوەزار قسە بکەن".



هەر گەڕەکو شێوەزارێک

# کاری لەشفرۆشی لەدهۆك زیاد دەكات

## ساڵی پار ٤٥ ژن بەهۆی ئەنجامدانی کاری لەشفرۆشیو دزیکردن گیراون

○ شەنگ هاشم لەدهۆک

بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنانو مێردمنداڵان لەدهۆک، ئاماژە بەزیادبوونی ڕێژەی لەشفرۆشیو دزی لەلایەن ژنانو کاری بێ ڕەوشتی لەلایەن مێردمنداڵانەوە دەکەن، بەشێکی زۆری ئەوانەش لەساڵانی ڕابردوودا ڕووبەڕووی دادگا کراونەتەوە.

بەپێی ئامارەکان کەدەست دەستوور کەوتوون، تەنها لەساڵی پاردا، ٢٤ ژن بەهۆی سواڵکردنو ٨ ژن بەهۆی دزیکردن حوکمدراون، هەروەها ١٣ ژن بەهۆی کاری لەشفرۆشییەوە دەستگیرکراون، جگە لەڕفاندنی ٥ ژن.

هەر بەپێی ئەو ئامارە، ١٠ مێردمنداڵ، لەسەر کاری بێ ڕەوشتی لەسنووری پارێزگای دهۆک، دەستگیرکراونو دواتر حکومدراون.

بەڕێوەبەری چاکسازی مێردمنداڵانو ژنان لەپارێزگای دهۆک، ئاماژە بەوە دەدات کەبارودۆخی ئەو ژنو مێردمنداڵانەی کەئێستا لەنێو زیندانەکاندان، زۆر باشەو دەڵێن هەموو پێداویستییەکیان بۆ دابینکراوە.

ئیسماعیل ئیبراهیم ئەمین ئورەیی بەڕێوەبەری چاکسازی مێردمنداڵانو ژنان لەپارێزگای دهۆک، بەدەستووری وت"ئێمە ئەو کەسانەی کە دادگا بڕیاری زیندانیکردنو دەستگیرکردنیانی داوە، لەزیندانەکاندا بایەخی تایبەتیان پێدەدەین، لەڕووی خواردنیشەوە، ئەو خواردنەی لێرە دەیاندەینێ لەماڵی خۆیان نایخۆن، بۆیە بەشێک لەو زیندانیانە دوای ئازادکردنیشیان ئێرەیان پێخۆشترەو حەزدەکەن بمێننەوە".

ئەو بەڕێوەبەرە ئەوەی نەشاردەوە کە لەئێستاداو لەپارێزگای دهۆک زیندانیکردنی مێردمنداڵانو ژنان ڕووی لەزیادی کردووەو وتی"لەساڵی ڕابردوودا ١٠ مێردمنداڵ لەسەر کاری بێ ڕەوشتی دەستگیرکراون، کە ٧ لەو مێردمنداڵانە کێشەکانیان گەیشتووەتە دادگاو حوکمدراونو ٣ی تریان لەزینداندانو چاوەڕێی دادگا دەکەن".

ئیسماعیل ئیبراهیم لەبارەی ڕەوشی ناو زیندانەکەوە، ڕایگەیاند"پێنج هۆڵمان بۆ ئەو زیندانیانە ئامادەکردووە کەتەمەنیان لەنێوان ١٨-٢٣ ساڵییە. هەرکەسێک کەتەمەنی لەنێوان ١١ ـ ١٨ ساڵی بێتو دوای بڕیاری دادگا دەستگیربکرێت، ڕاستەوخۆ ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی مێردمنداڵانو ژنان دەکرێت، بەڵام ئەوانەی تەمەنیان لەسەرووی ١٨ ساڵییەوەبێت، ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی مێردمنداڵانو ژنانی گەورە دەکرێت. ئیسماعیل ئاماژەی بەوەشدا کە لەساڵی ٢٠٠٨دا ١٣٦ ژن بەبڕیاری دادگا دەستگیرکراون، کەزۆربەیان بەهۆی کاری لەشفرۆشیو دزیو سواڵکردنەوە بوون.

ئەو ئامارێکی تری ساڵی ٢٠٠٨ی لەبارەی دەستگیرکردنی مێردمنداڵانەوە ئاشکراکرد، کە ٦٩ مێردمنداڵ دەستگیرکراون کەزۆربەیان بەهۆی دزیکردنەوە دەستگیرکراونو ٣٤ مێردمنداڵیان چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکەنو ٥ دانەی تریان بەماددەی ٤٠٦ کەتایبەتە بەکوشتن حکومدراونو ٤ تریشیان چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکەن.

بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی مێردمنداڵانو ژنان، ئاماژە بەوەدەکەن کەتەواوی ئەوانەی چاودێری وردی زیندانەکان دەکەن، ژننو ئیسماعیل وتی"لای ئێمە شوێنی ژنانو مێردمنداڵان جیاوازەو بەهیچ شێوەیەک نابێت پیاوان چاودێری چاکسازی ژنان بکەن، کارمەندو پاسەوانو چاودێرەکانمان هەموویان ژنن".

ڕۆژانە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی مێردمنداڵانو ژنانی دهۆک، زیاتر لەکاتژمێرێک بۆ وەرزشی زیندانییەکان تەرخاندەکەن.

بەپێی وتەی بەڕێوەبەری چاکسازی مێردمنداڵانو ژنانی دهۆک، کاری لەشفرۆشیو دزیکرن لەلایەن ژنانەوە زیادیکردووە، هەروەها دەستگیرکردنی مێردمنداڵانیش بەهۆی کاری بێ ڕەوشتییەوە بەهەمان شێوە ڕووی لەزیادیکردووە.

# بۆ ئەوەی دابمەزرێن مەزهەبی خۆیان دەگۆڕن!

## بەمەبەستی دامەزراندنیان لەلایەن پیاوێکی ئایینی شیعە مەزهەبەوە، گەنجان دەیانەوێت مەزهەبی خۆیان بگۆڕن

زانیار لەداقوق

دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی دامەزراندنی هاوڕێ تورکمانەکانیان لەلایەن پیاوێکی ئایینی شیعە مەزهەبەوە، دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکان لەقەزای داقوق بەهۆی دانەمەزراندنیانو پشتگوێخستنیان، دەڵێن مەزهەبی خۆمان دەگۆڕین بۆ شیعە بۆئەوەی دابمەزرێین.

دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکان لەداقوق لەدوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی دامەزراندنی چەندین هاوڕێی شیعە مەزهەبیان لەلایەن نوێنەرێکی موقتەدا سەدرەوە، ئەم هەستەیان لەلا زیاتربووە.

ماوەی ٦ساڵە گەنجانی داقوق دوای دەرچوونیان دانەمەزرێنراونو رووبەڕووی بێکاری بوونەتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستانو بەرپرسانی کورد لەبەغدا بەخەمسارد دەزانن لەئاست داواکارییەکانیان، ئەمەش نیگەرانیو مەترسی لای گەنجان دروستکردووە، پێیانوایە ئەگەر تا ماوەیەکی دیکە دانەمەزرێن ئەوە تەمەنیان بەسەردەچێتو هیچ فەرمانگەیەکی حکومی وەریان ناگرێت.

عەلی محەمەد قادر دەرچووی کۆلێژی ئەندازیارییە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە کۆلێژی تەواوکردووە، وتی"من لەگەڵ ٣برای دیکەم خوێندنمان تەواوکردووە دەرچوی کۆلێژو پەیمانگاین، بەڵام تائێستا دانەمەزراوین".

عەلی ئاماژە بۆ ئەوەدەکات لەدوای تەواوکردنی زانکۆوە کرێکاری کردووەو ماوەی دوو مانگە بێکارە، وتی "ئێمە سەر بەهیچ حزبێک نینو خزمی نزیکمان نیە لەحیزبەکاندا، بۆیە دانەمەزراوین".

ئەو وتی"ئەو گەنجانە لەخۆمان کۆدەکەینەوە کە تائێستا دانەمەزراون، باوەش بۆ بەرپرسانی تورکمان دەکەینەوە، چونکە بەرپرسە تورکمانەکان یان ئەندامانی تورکمان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی هەر هەمووی کۆبکەیتەوە ١٠بەرپرس نابن، بەڵام بەهۆی ئەوەی حکومەتی ئێستا زۆربەی لە پەیڕەوانی مەزهەبی شیعەن، پەیتا پەیتا تورکمان دادەمەزرێنن ئێمەش شوێنێک نیە پاڵی پێوەبدەین".

جاسم رەشید گەنجێکی تری قەزای داقوقە، خوێندکاری کۆلێژە لەبەشی پەروەردە بەدەستووری وت"ئێستا خوێندکارم لەکۆلیژ، بەڵام مەترسی ئەوەم هەیە دوای وەرگرتنی بڕوانامە هیچ کارێک نەبێت یان لەهیچ لایەک دانەمەزرێم".

ئەڵماس فازڵ ئەندامی لیژنەی چاودێری کاروباری کۆمەڵایەتی لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەدەستووری راگەیاند"حکومەتی عێراقی بەڵێنیداوە لەساڵی نوێدا هەوڵێکی فراوان بدات بۆ نەمانی بێکاری".

> ئێمە ئاگاداری ئەوە نین کەئەو پیاوە ئاینییە گەنجی کوردی دامەزراندبێت، بەڵام گەنجی تورکمانی دامەزراندووە

ئەڵماس وتیشی کەبەرپرسانی کورد لەحکومەتی عێراقی تەنها بۆ نەتەوە کار ناکەن، بەڵکو خۆیان بە بەرپرسی هەموو عێراق دەزانن.

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک روونیکردوە"هەر فەرمانبەرێک لەبەغداوە بەبێ ئاگاداری ئەنجومەنی پارێزگا دامەزرێت ئێمە رەتی دەکەینەوە، پێشتریش وەزارەتەکانی حکومەتی عێراق بەبێ ئاگاداریمان خەڵکیان دامەزراند، بەڵام ئێمە رێگامان پێیان نەداو گەڕاندمانەوە".

لەلای گەنجانی داقوق ئەو دەنگۆیە بڵاوکراوەتەوە کەگوایە وتاربێژێکی شیعە مەزهەب کەنوێنەری موقتەدا سەدرە لەداقوق بەبێ ئاگاداری ئیدارەی قەزای داقوقو پارێزگای کەرکوک چەندین گەنجی تورکمانی دامەزراندوەو بەردەوام هاووڵاتیانی تورکمان دادەمەزرێنێت.

زیدان عەلی دانیشتووی داقوق بەدەستووری وت"ئەو پیاوە ئاینییە چەندین گەنجی تورکمانی داقوقی دامەزراند".

زیدان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەو پیاوە تاکو دڵنیا نەبێت کەئەو گەنجە سەر بەئەوانە هەوڵی دامەزراندنی بۆ نادات.

گەنجێکی داقوق کەنەیوست ناوی ئاشکرا بکات وتی" براکەم هەوڵیدا لای ئەو پیاوە ئاییینیە دابمەزرێت، بەڵام براکەم نەیتوانی بچێتە سەر لیستەکەیان ئەویش ئامادە نەبوو دایبمەزرێنێت".

هەرچەندە بەرپرسانی حکومی لەکەرکوک ئەوە رەتدەکەنەوە کە لەدەرەوەی ئەوان کەسێک دابمەزرێت، بەڵام بەرپرسانی حیزبی پشتڕاستی ئەوەدەکەنەوە کە ئەو پیاوە ئاینییە شیعە مەزهەبە چەندین تورکمانی دامەزراندووە.

ئیدریس عادل جێگری بەرپرسی مەڵبەندی داقوق بەدەستووری راگەیاند"ئێمە ئاگاداری ئەوە نین کە ئەو پیاوە ئاینییە گەنجی کوردی دامەزراندبێت، بەڵام گەنجی تورکمانی دامەزراندووە".

جێگری بەرپرسی مەڵبەندی داقوق وتی"ئەو پیاوە دەستی هەیە لەدامەزراندنی هاووڵاتیان، هەر هاووڵاتیەکی کورد بچێت بۆ لای ئەو کابرا ئاینییە رەتیناکاتەوەو هەوڵی بۆ دەدات".



لەداقوق دامەزراندن بەدەست پیاوێکی شیعە مەزهەبە

# خورماڵ بێ ئینتەرنێتە

## "بۆ وەرگرتن یان ناردنی تەنها ئیمەیلێک، بۆ هەڵەبجە یان سلێمانی چووم"

کارزان تاریق لەخورماڵ

نەبوونی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لەشارۆچکەی خورماڵدا گەنجانو رۆشنبیرانی ناوچەکەی نیگەران کردووە، ئەوان حکومەت بەکەمتەرخەم دەزانن لەنەبوونی ئەو خزمەتگوزارییەو بەڕێوەبەری ناحیەکەش دەڵێت هەرکەس خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بێنێتە ناوچەکەوە کارئاسانی تەواوی بۆ دەکەین.

خورماڵ کەدەکەوێتە رۆژهەلاتی شاری سلێمانییەوە لەسەردەمی تەکنەلۆژیادا لەخزمەتگوزارییەکانی ئەو بەرهەمە بێبەشەو کاریگەری کردووەتە سەر کارو چالاکییە رۆشنبیرییەکانیان.

رێباز حەمە غەریب خوێندکاری زانکۆ بەنیگەرانییەوە بەدەستوری وت "تەنها لەچوارچێوەی زانکۆدا دەتوانین پەرە بەئاستی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی خۆمان بدەین نەبوونی ئینتەرنێت زیانێکی زۆری بەخوێندکاران گەیاندووە، ئەوەش هۆکاری دواکەوتویی ناوچەکەمان دەگەیەنێت".

لەشارۆچکەی خورماڵدا رۆژنامەی خورماڵ دەردەچێتو چەندین کەسی دیکە لەو ناوچەیە لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا ئیش دەکەن، نەبوونی ئینتەرنێت ناچاریان دەکات بۆ ناردنی بابەتێک دەبێت بچنە هەڵەبجە یان لەرێگەی ئەو هاووڵاتیانەی کە لەماڵەوە هێڵی ئینتەرنێتیان راکێشاوە بابەتەکانیان بنێرن.

عەلی حاجی یەکێکە لەرۆژنامەنوسانی ستافی روژنامەی خورماڵ وتی"نەبوونی ئینتەرنێت گرفتێکی زۆری بۆ خەڵکی هەورامان دروستکردووە، چونکە خۆم بۆ وەرگرتن یان ناردنی تەنها ئیمەیلێک بۆ هەڵەبجە یان سلێمانی چووم ئەمەش هۆکاری نەبوونی هێڵێکی رێکوپێکە لەناوچەکەدا، هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کەهەرچەندە هێڵێک هەیە، بەڵام ناوبەناو ئیش دەکات تەنها توانای راکێشانی ٢٠هێڵی هەیە ئەمەش کەمترین خەڵک لەناوچەکەدا سودی لێدەبینێ".

مقداد حەمەعەلی تەمەنی ٢٠ساڵ کاری رۆژنامەنوسی دەکات وتی"گەنجانی خورماڵ تەنها ناوی ئینتەرنێتیان بیستووەو تائێستا نەیان بینووە".

مقداد کەئارەزوو دەکات لەڕێگەی فەیسبوکو چاتەوە پەیوەندی هاوڕێیەتی ببەستێتو خەڵکانی تر بناسێت ئاماژەی بەوەدا وەکو گەنجانی ناوچەکە هەوڵی زۆریانداوە بۆ هێنانی هێڵێک بۆ ناوچەکە، بەڵام تائێستا بۆیان جێبەجێ نەبووە، بۆیە داوا لەلایەنە بەرپرسەکان دەکەن ئەو پێداویستییە بۆ ئەو مەڵبەندی رۆشنبیرییە دابینبکەن".

نەبوونی سەنتەرێکی ئینتەرنێت لەخورماڵدا گەنجانو رۆشنبیرانی ناچارکردووە کە لەڕێگەی مۆبایلەکانیانەوە سوود لەئینتەرنێت وەربگرنو گلەیی ئەوەش دەکەن کە حکومەت ناتوانێت کار بۆ گەنجان بکات.

هەورامان ئەحمەد رۆژنامەنووس وتی"نەبوونی ئینتەرنێت واتە نەبوونی تاکە کەناڵێک کەتاکەکان بەجیهانەوە ببەستێتەوە بۆیە نەبوونی ئینتەرنێت، واتە نەبوونی سەرچاوەیەکی گەورەی مەعریفی، هەر بۆیە پەنا بۆ ئینتەرنێتی مۆبایلەکانمان دەبەین کەلەڕووی ماددیەوە زۆری تێدەچێت".

ئامانج یاسین خاوەنی سەنتەرێکە کەکاری کۆمپیوتەری دەکات، ماوەی ٥ مانگە هێڵێکی ئینتەرنێتی هێناوەتە شارۆچکەی خورماڵ ئاماژە بەوە دەکات هێڵەکە کەموکورتی زۆرەو زۆربەی کات لەکاردەکەوێت ئێستەش هێڵەکە پچڕاوە، ئەوەش نیگەرانی لای ئەو رێژە بەشداربووانە دروستکردووە کەپەیوەندییان بەو هێڵەوە هەیە.

سمکۆ سالار بەڕێوبەری ناحیەی خورماڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بەدەستووری وت"ئاگاداریمان بڵاوکردووەتەوە هەرکەسێک بیەوێت هێڵێکی ئینتەرنێتی باش بێنێتە سنوورەکە هەموو ئاسانکارییەکی بۆ دەکەین، تائێستا چەند نووسینگەیەک داوایانکردووە کەهێڵ بهێننە ناوچەکە ئێمەش رێگەمان پێداون تەنانەت ئاسانکاریمان بۆکردوون بەوەی کە پەیوەندیمان بەلایەنی پەیوەندیدار لەسلێمانی کردووە".



گەنجان حکومەت بەکەمتەرخەم دەزانن لەبێبەشبوونیان لەخزمەتگوزاری ئینتەرنێت.

www.arsivakurd.org



بازاڕیان گەرمە. فۆتۆگراف: مەعاز فەرحان

# فاست فود .. خواردنی خێرا تەندروستی بەرەو کوێ؟

محەمەد حەمەنەجیب لەسلێمانی

پسپۆڕانی بواری پزیشکی دەڵێن خواردەمەنیە خێراکان دەبنەهۆی چەندین نەخۆشی جۆراوجۆر، لەکاتێکدا رۆژبەڕۆژ بەکارهێنەرانی ئەو خواردنانە لەزیادبووندایەو شوێنی تایبەت بەو جۆرە خواردنانە دەکرێنەوە.

هاووڵاتیان بەهۆی خواردەمەنییە خێراکانەوە توشی چەندین نەخۆشی جۆراوجۆر بوون، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەو خواردنانە لەدوای دروستکردنیانەوە چەندینجار گەرم دەکرێنەوە، ئەمەش دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی مادە خۆراکییەکانی ناوی‌و بڵاوبوونەوەی میکرۆب تیایدا، پسپۆڕانی تەندروستیش دەڵێن ئەم خواردنانە بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیوندی هەیە بە تەندروستی مرۆڤەوە.

لەئێستادا بەهۆی سەرقاڵبوونی هاووڵاتیان بە زۆری ئیش‌و کارەوەو کەمی کاتەکانیان بەشێوەیەکی بەرچاو روویانکردووەتە خواردنی خێرا، هەندێکیان وەک چاولێکەری‌و هەندێکیشیان بەناچاری پەنا بۆ ئەو جۆرە خواردنانە دەبەن، ئەمەش وادەکات کۆمەڵێک نەخۆشی جۆراوجۆر بەهۆی ئەوە خواردنانەوە بڵاوبێتەوە، بەبێ ئەوەی خەڵکیش گوێ بداتە ئەو نەخۆشیانە.

سۆران سەعید تەمەن ٢٦ساڵی دوکاندار بە دەستووری وت"ئێستا بەهۆی نەخۆشیەوە وازم لەو خواردنە خێرایانە هێناوە، چونکە پێشتر دەمخوارد نەمدەزانی لە رووی تەندروستییەوە ئەو کاریگەرییە خراپەی هەیە". ئەو دوکاندارە دەڵێت، لە ناچاریدا پەنا دەبەی بۆ ئەو خواردنانە، چونکە ئەگەر بتەوێت خواردنێکی تر بخۆیت بە ئیسراحەت ئەوا کاتی زۆری دەوێت، بۆیە ئەو خواردنانە خێران‌و خواردنێکی سوکن، "بەهۆی ئەو خواردنانەوە تۆشی چەندین نەخۆشی وەک زۆری خوێن‌و کە لە (٩٤بووە١٠٨) هەروەها توشی نەخۆشی قۆلۆن بووم بەهۆی زۆر خواردنی گۆشت".

"ناچاری وات لێ دەکات ئەو خواردنانە بخۆیت، ئەگەرنا کێ حەز دەکات خواردن بەپەلە بخوات، نەبوونی کات وات لێدەکات کە بیخۆیت، چونکە ئێمە خوێندکاری بەشی ناوخۆین"، شیروان عوسمان خوێندکاری زانکۆی سلیمانی وای وت.

شیروان ئاماژەی بەوەدا، ئەو خواردنەی کە بەخێرایی دەخورێت ئەوا بەشێوەیەکی وشک دێتە ناو گەدەوە ئەمەش ئەرکی گەدە قورس دەکات‌و ئازاری ئەنزیمەکانی دەدات، شیروان دەڵێت"لەناو کوردا خواردن لە ماوەیەکی زۆردا دروستدەکرێت، بەڵام بەماوەی کەم دەخورێت، بەپێچەوانەی وڵاتانی ترەوە کە بە ماوەیەکی کەم دروستدەکرێت، بەڵام بە کاتێکی زۆر دەخورێت، ئەمەش خواردنێکی تەندروستە".

پسپۆڕانی تەندروستیش دەڵێن خواردنە خێراکان کاریگەری راستەوخۆو ناڕاستەخۆی هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ‌و توشی کۆمەڵێک نەخۆشی جۆراوجۆریان دەکات.

د.فەریدون ئیبراهیم عەبدولڕەحمان پسپۆری نەخۆشیەکانی سنگ، ئاماژە بەوەدەکات خواردنە خێراکان بە زۆری پشت دەبەستێت بە سورکردنەوە بۆیە بەشێوەیەکی راستەوخۆو ناراستەوخۆ پەیوندی هەیە بە تەندروستی مرۆڤەوەو دەبێتەهۆی ئەو نەخۆشیانەی کە پەیوەندی هەیە بە بەرزبونەوەی رێژەی خوێن‌و کۆلیسترۆڵەوە".

ئەو پسپۆرەی نەخۆشیەکانی سنگ ئاماژەی بەوەشدا، ئەم خواردنانە لەبەرئەوەی بەخێرایی ئامادە دەکرێن‌و هەندێک شوێنیش پابەندی رێنمایی تەندروستی نابن، دەبنە سەرچاوەی گواستنەوەی نەخۆشیە میکرۆبیەکانی وەک"گرانەتاو سکچون‌و زەردوویی، کە زۆرجار لە رێگای دەستەوە دەگوازرێنەوە".

خاوەنی خواردەمەنییە خێراکان ئاماژە بەوە دەکەن هۆکاری زۆری رووکردنە خەڵکێکی بۆ ئەو خوارنانە، دەگەڕێتەوە بۆ هەرزانی‌و خێرایی خواردنەکان‌و کەمی کاتی کەسەکان.

ئومێد ساڵح لە چایخانەو خواردنی مەحوی لە شەقامی مەحوی، بە دەستوری وت، لە دروستکردنی خواردنەکاندا زەیت بەکاردەهێنین، هەندێکیشیان دەکوڵێنین، ئەم خواردەمەنییە خێراو راستەوخۆ نییە، بەڵام بە بەردەوامی ئاگری لە ژێردایە تا تەواو دەبێت"سێ بۆ چوار جار گەرمی دەکەینەوە، ئەمەش بازاڕ دەزانێت تاوەکو زوو تەواو بێت کەمتر گەرم دەکرێتەوە".

ئومێد وتی"ئێمە ئەو خواردنانە بۆ کاتێکی کەم دروستدەکەین، ئەو خەڵکەش کە روو دەکەنە خواردنی خێرا هۆکەی خێرای دروستکردنی خواردنەکەیە، زۆر جار خەڵک دێت چاوەڕێی ئەم خواردنە خێراییەش ناکات".

د.فەرەیدون وتی"ئەو خواردنانەی چەندجار گەرم دەکرێنەوە ڤیتامینی خۆراکیان کەمدەبێتەوە، دەبێتەهۆی بڵاوبونەوەی میکرۆب تیایاندا، دەبێت هاووڵاتیان هۆشیاربن لەو جۆرە خواردنانە".

# "مایەسیری تەنها لەکەسانی گەورەدا دەرناکەوێت، بەڵکو هەندێکجار لەمنداڵیشدا دەردەکەوێت"

## دکتۆر سیروان حەمە شەریف قەرەداغی بۆ دەستوور

سازدانی: بێستون فەتاح

نەخۆشییەکانی کۆم‌و مایەسیری یەکێکە لەو نەخۆشییانەی بەهۆی شەرم‌و عەیبەوە تاوەکو ماکەکانی نەخۆشیەکە زۆر لەنەخۆشەکە نەکات‌و هەراسانی نەکات، پەنا ناباتە بەر لایەنی پزیشکی بۆ چارەسەرکردنی، ئەم دیاردەیە بووەتە هۆی ئەوەی لەلایەنی تەندروستیەوە ببێتە مەترسی بۆ سەر ژیانی کەسەکەو باری چارەسەرکردنی گران بکات، سەبارەت بەو نەخۆشییانە دەستوور دیمانەیەکی لەگەڵ دکتۆر سیروان حەمە شەریف قەرەداغی یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە زانکۆی سلێمانی‌و پسپۆری نەشتەرگەری گشتی سازدا.

**دەستوور:** نەخۆشییەکانی کۆم چییە، دەکرێن بەچەند بەشەوە؟

**د.سیروان:** نەخۆشییەکانی کۆم دەکرێت بە چەند بەشێکەوە لەرووی هۆکارو دەرکەوتنەکان‌و شێوەی چارەسەرکردنی وەک نەخۆشیە زگماکییەکانی کۆم، ئەو نەخۆشیانە دەگرێتەوە کە کاتێک منداڵەکە لەدایکدەبێت گیروگرفتەکەی هەیە بەشێوەیەکی زگماکی، وەک بونی کۆمی نا ئاسایی لەم حاڵەتەدا لەسەرەتاوە منداڵەکە کونی کۆمی نیەو ناتوانێت بەهیچ شێوەیەک پیسایی یان هەوا دەربکات لەبەرئەوە سکی دەئاوسێت‌و ئازارێکی زۆری دەبێت، پێویستە بەزوترین کات فریای نەخۆشەکە بکەوین بەئەنجامدانی نەشتەرگەریەک گەر بتوانرێت کونی کۆم لەجێی خۆیدا بکرێتەوە، گەر ئەم رێگاچارەیە نەکرا ناچاردەبین کە لە دیواری سکییەوە ریخۆڵە بهێنینە دەرەوە بۆ ئەوەی پیسایی بکات.

حاڵەتێکیتر بریتیە لەوەی منداڵەکە کونی کۆمی هەیە، بەڵام زۆر تەسکە، ناتوانێت بەکاری بهێنێت تەنها رێگەی چارەسەرکردنیشی گەورەکردنێتی، هەروەها یەکێکیتر لەو حاڵەتانە منداڵەکە کونی کۆمی لە جێی خۆیدا نیە کە زۆربەی جار لەپێشتری شوێنی ئاسایی خۆیدایەتی رێگەی چارەسەریشی بریتیە لەوەی بگوازرێتەوە بۆ شوێنی ئاسایی خۆی.

حاڵەتی تر هەیە وەک بوونی گرێ لەپشتی کۆمدا (سەر کلێنچکە) لەم حاڵەتانەشدا جاری واهەیە بەقەبارەی جیاواز وەرەم هەیە زۆر بچوک هەیە جاری واش هەیە وەرەمەکە زۆر گەورەیە کەدەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکە بەشێوەی ئاسایی نەتوانێت لەدایکببێت، تەنها لەرێگەی نەشتەرگەرییەوە منداڵەکە لەدایکدەبێت، دەبێت ئەم حاڵەتە بەزووترین کات چارەسەر بکرێت تانەگاتە حاڵەتی شێرپەنجە.

هەروەها ئەو نەخۆشییانەی کەپەیوەندیان بەزگماکیەوە نییە، لەدوای لەدایکبوون‌و لەماوەی تەمەندا دەردەکەوێت، کەهەندێکیان لەسەر کلێنچکەن‌و هەندێکیان لەناو کۆمدان وەک (ناسۆری کلێنچکە) ناسۆر بەواتای ئەو برینە دێت کە چاکبوونەوەی نییە، هەموو جارێک دەکولێتەوە، ناسۆری کلینچکە لەو کەسانەدا دەبێت کە جەستەیان توکنە، زیاتر باری ژیانیان لەشێوەی دانیشتندان، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چڵک‌و پیسی‌و توکی ئەو کەسە کۆدەبێتەوە لەسەر کلێنچکەی، دواتر بەهۆی روشانی ئەو ناوچەیەوە، توکو پیساییەکە دەچێتە پێستەکەوەو کونی تێدەکات‌و دەبێت بەناسۆر، پاش ئەوە ناسۆرەکە ئازار پەیدا دەکات‌و هەندێکجار دەتەقێت‌و کێم‌و جەراعەت دێتە دەرەوە، ماوەیەکی تر بێ ئازار دەبێتەوەو تا ماوەیەکی تر دەگەڕێتەوە دۆخی ئازارەکە، بەڵام هەندێکجار ئەو ناسۆرە جەراعەتەکەی دەرناچێت‌و بەئاسانی دەبێت بەدومەڵ، حاڵەتەکانیتر نەخۆشییەکانی ناو کونی کۆمن ئەو نەخۆشیەی کەزۆر باوە لەم ناوچەیەی جەستەدا بریتیە لە مایەسیری، گەر پێناسەیەکی کورتی مایەسیری بکەین بریتیە، لە گەورەبوونی ئەو دەمارە خوێنە وردانەی لەناو کونی کۆمدا هەیە، لەبەرئەوەی سروشتی مرۆڤ وایە بەپێوە دەوەستێت، دەبێتە هۆی دروستبوونی تەوژم‌و پاڵەپەستۆ لەسەر ئەم دەمارانە بەهۆی خوێنی سەروتر لەو شوێنە، دواتر ئەستوربوونی دەمارەکانی لێدەکەوێتەوە، پاشتر دەرپەڕینی بۆ دەرەوە کە ئەمەش زیاتر لەکەسی گەنجدا دەردەکەوێت یان لەتەمەنی سەرو گەنجیدا.

**دەستوور:** بەڕێزت ئاماژەت بەوەکرد مایەسیری بڵاوترین نەخۆشییەکانی کۆمە هۆکارەکانی دروستبوونی مایەسیری چین؟

**د.سیروان:** بەهۆی ئەو پاڵەپەستۆیەی پێشوتر باسمانکرد کەبەهۆی وەستانی زۆرەوە، بەڵام هۆکاری تریش هەن وەک بێ هێزبوونی دیوارەکانی دەمارەکان، بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی ناوسک وەک لە ماوەی دووگیانی لە ئافرەتاندا، وەیان بوونی ئاوبەندی ناو هەناو، یان بوونی وەرەمی ناو سک، هەروەها بەردەوامی قەبزبوون یان ئەوانەی میز کردنیان گرانە، یاخود لەوانەدا کە بۆ ماوەیەکی زۆر هێز دەدەنە بەر خۆیان وەکو سکچونێکی زۆری درێژ خایان.

**دەستوور:** شێوەی دەرکەوتنی مایەسیری چۆنە؟

**د.سیراون:** مایەسیری تەنها لەکەسانی گەورەدا بەتەنها دەرناکەوێت، بەڵکو هەندێکجار لەمنداڵیشدا دەردەکەوێت، بەڵام لە گەورەدا بەتایبەت لەوانەی کە قەبزن لەکاتی پیسایی کردندا دیواری مایەسیرەکەی دەڕوشێنێت‌و خوێن لەگەڵ پیسایەکەیداو لە دوای پیسایەکەی دەردەچێت، خوێنەکە رەنگی گەش‌و سورە بەشێوەی تک تک دێتە خوارێ، یان هەندێکجار خوێنەکە فیچقە دەکات، ئەگەر مایەسیریەکە چارەسەرنەکرا، دەبێتە هۆی ئەوەی دوگمە لە لێواری کۆم دەربچێتە دەرەوە بەتایبەتی لەکاتی پیسایی کردندا، هەروەها هەندێکجار کە بە بەردەوامی دوگمەکە لەکۆم دەچێتە دەرەوە، بەهۆی شەرمەوە چارەسەرناکرێت، ماکەکانی مایەسیریەکە دەردەکەوێت وەکو خوێنبەربوونی زۆر، جاری واش هەیە دوگمەکە دێتە دەرەوە لەو کاتەدا کشتەکی کۆم دێتەوە یەکو بواری ئەوە نادات دوگمەکە بچێتەوە ژورەوە، بەڵام لە هەندێک جۆری مایەسیریدا زیاتر لە دوگمەیەک دروستدەبێت، ئەگەر چارەسەریان بۆ نەکرا دەشێت ببێتە برین، گەر برینەکە چارەسەرنەکرا لەوانەیە رەش ببێتەوە یان ببێتەهۆی دەرپەڕین‌و هەڵگەڕانەوەی کۆم.

مایەسیری چارەسەری دەگۆڕێت بەپێی ئاستی پێشکەوتنی نەخۆشییەکەو گوێنەدان پێی، دەشێت بەدەرزی چارەسەربکرێت، جاری واهەیە بەبەستن بە لاستیک چارەسەر دەکرێت، یان کەوی کردن بەتیشکی تایبەت، بەڵام ئەگەر حاڵەتەکەی زۆر خراپ بووبوو تەنها رێگا بڕینە بەشێوەی نەشتەرگەری، بەڵام پێویستە هاووڵاتیان ئەوە بزانن هەموو نەخۆشییەکانی ناوچەی کۆم بەمایەسیری دانانرێت.

پێویستە دومەڵی دەوری کۆم لە مایەسیری جیابکرێتەوە، ئەم حاڵەتی دروستبوونی دومەڵە وەک دومەڵی هەموو بەشەکانی تری جەستەی مرۆڤ وایە، ئازارو لەرزو تا بۆ نەخۆشەکە دروستدەکات، وەک کڵۆیەک دەردەکەوێت‌و گەورە دەبێت، تەنها رێگەی چارەسەرکردنی نەشتەرگەریەو دەرهێنانی کێمەکەی‌و پاککردنەوەیەتی، بەڵام دەرزی کۆم بریتیە لە تەقینی پێستی سەرەوەی روپۆشی کۆم، بەهۆی پاڵەپەستۆوە بێت لەسەر ئەو شوێنە وەک قەبزی‌و یان هەر هۆیەکی ترەوە بێت، کەدەبێتە هۆی ئەوەی برینێک دروستبکات کە چاکنەبێتەوە، لەکاتی پیسایی کردندا ئازارێکی زۆر قورس دروستدەبێت، وەک ئەوە وایە دەرزی بکەن بەو شوێنەدا، دواتر خوێنی لێدێت، دەبێتەهۆی نەخۆشەکە نەوێرێت پیسایی بکات‌و قەبزبێت، ئەگەر ئەم حاڵەتە درێژەی کێشاو چارەسەرنەکرا ئەو کاتە سەری درزەکە لە دەرەوە دوگمەیەک دروستدەکات، کەنەخۆشەکە بەمایەسیری دەزانێت، شێوەی چارەسەر گەر حاڵەتەکە سەرەتایی بوو بەدەرمان چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئەگەر حاڵەتەکە خراپ بووبوو پێویست بە نەشتەرگەری دەکات.

**دەستوور:** ناسۆری کۆم چییە، ئەم جۆرەش بڵاوە لە ناو هاووڵاتیاندا، ئایا هەر لە گەورەدا ناسۆر دروستدەبیت یان لە منداڵیشدا دروستدەبێت؟


**د.سیروان:** زۆربەی جار دوای نەشتەرگەری بۆ دومەڵی کۆم یان تەقینی دومەڵەکە، شوێنێک دوای چاکبونەوە بەشێوەی ناسۆرێک دروستدەبێت کەپیسی‌و مووی تێدا کۆدەبێتەوە، وەک جۆرەکانی تری ناسۆر ئازار دەکات‌و پاش ماوەیەک دەتەقێت، پاش ماوەیەکیتر چاک دەبێتەوە، بەگشتی لەدوای خۆی دوگمەیەک بەجێ دێڵێت، بەڵام لەبەرئەوەی ناسۆرەکە سەرێکی لەناو کۆمدایەو سەرەکەی تری لەدەرەوەدایە، دەبێتەهۆی ئەوەی پیسی تێبچێت، ئەم جۆری ناسۆرە لەمنداڵ‌و گەورەدا دروستدەبێت، تەنها رێگەی چارەسەرکردنی نەشتەرگەریە، دوابەش لەو نەخۆشیانە ئاماژەی پێبکەم شێرپەنجەی دیواری کۆمە، کە سامناکترین نەخۆشی دەوری کۆمە کە زۆر بەنهێنی دەمێنێتەوەو زۆربەی جار نەخۆش وادەزانێت مایەسیریە، ئەگەر گرێیەک ببینێت یان برینێک یان دوگمەیەک فەرامۆشی دەکات، رووی نایەت بچێتە لای دکتۆر تا حاڵەتەکەی پێش دەکەوێت، ئەو حاڵەتەش شێرپەنجەی دیواری کۆمە، ئەگەر زوو پێی بزانرێت چارەسەر دەکرێت.



زوو چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی کۆم لەشێرپەنجەوە نزیکە

لاپەڕە ٢١

# سوهراب هەمیشە ناسك و هەمیشە تەنیا



ئەنوەر حسێن (ا.بازگر)

(رەزا مافی) نیگارکێش لەپاش مەرگی سوهراب ئەم شیعرەی سوهرابی لەسەر گۆڕەکەی نووسی:

" ئەگەر بۆلای من دێن
هێدیو لەسەرخۆ وەرن، نەوەک درز ببات
چینی ناسکی تەنیایی من"

هیچ گومان ناکرێت لەناسکیو سادەییو بێدەنگیو گەورەیی سوهراب، تا ئەو رادەیەی کە دەڵێ "هەرگیز حەزم نەکردوە، ئازاری مێروولەیەک بدەم".

ئەوکاتەی لەکاشان رەوە کوللە هێرشێکی گەورەی هێنابووە سەر مەزراکان، دەوڵەت سوهرابی کردە سەرپەرشتی قەلاچۆکردنیان، خوشکەکەی (پەری) دەڵێ: لێمپرسی حاڵت چییە لەگەڵ رەوە کوللە؟ سوهراب دەڵێ "وەڵڵا هەر کوێیەکی زەوییەکان دەگری هەر کوللەیە، بەڵام من هەوڵدەدەم، پێم وەبەر یەکێکیان نەکەوێت تا پانیان نەکەمەوە.

ئەو هەمیشە دەیوت "بۆ خۆم دەزانم کەی دەمرم" بەڵام "دەبێ لەبیابانەکانی کاشانێ بمرم" ئیدی دەستی دەکرد بەگریان. پاش یەک مانگ لەژێر چاودێری پزیشکدا لەلەندەن بڕستی لەبەر بڕابوو رەنگی زەردو بێتوانا، دکتۆرەکان پێیانوت کە ئەو تووشی (شێرپەنجەی خوێن) بووە.

پەری دەڵێ، رۆژێک پێیوتم "هەروەک ئەوەی دەبێ ماوەیەکی کورتر لەبۆ ژیانم بەرنامەڕێژی بکەم، خۆزیا دەمتوانی کتێبەکەم تەواوبکەم"، بەڵام خوێنیان تێکردو گەڕایەوە ئێرانو دوبارە گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانە، بەڵام ئیدی نەیتوانی کتێبەکەی تەواوبکاتو جارێکی دی بگەڕێتەوە ماڵەوە، لەوکاتەدا کە لەنەخۆشخانەبوو، هەموو رۆژێک کچێک بەچەپکە گوڵێکی سورەوە دەهاتە سەردانیو بەهۆی نیگەرانی بۆحاڵی سوهراب هەر زوو نەخۆشخانەی جێدەهێڵا، ئەمە هەموو رۆژێ دووبارە دەبۆوە. پەری گەرچی باس لەم کچە ناکات کێیە، بەڵام پێدەچێت یەکێک بێت کەزۆر عاشقی سوهراب بووە، ئەگەر چی بەدرێژایی ژیانی باس لەعەشقی کچێک نەکراوە لەم کتێبەدا. سوهراب لە دوایین کاتەکانی سەرەمەرگدا وتی:

"لەنێوان دووساتی پوچدا هاتمەدەرو رۆیشتم، بەردەکانم گوێی لێیە، هەمیشەیی خەم لەپەنای گۆڕا چاوەنواڕی چ بێهودەیە.!"

سوهراب گەرچی دەبوو زۆرتر بژی، تا دونیای بەرائەتو بێدەنگیو تەنیاییو داهێنان گەورەتر بکات، تا دەنگی پێی ئاوو رەونەقی گوڵی سوور باشتر بەدی بکەین، بەڵام قەدەری رەش، هەمیشە لەسەر رێگای گەورە کەسانی وەک سوهراب دایە.

بەڵێ، سەرەنجام ئەوەی کە نەدەبوو رووبدات، روویدا، سوهراب لەسەر تەختەی نەخۆشخانە چاوەکانی بڕیوەتە ئاسمانو لەبێدەنگیدا نقومبوە، تاوێک بێدەنگو تاوێک هێواش، هێواش قسە دەکات.

سەرەنجام ئەوکاتەی کە خۆر خۆی ئامادەدەکات، لەودیو کەلەوە ونبێت، بەڵێ سەعات شەشی پاشنیوەڕۆی رۆژی یەکەمی مانگی ئەردیبهشتی ساڵی (١٣٥٩)ی هەتاوی واتا (٢٣) ساڵ پێش ئێستا رۆحی لەزیندانی سینەی رزگاری بوو، بەتەنها مایەوە، ئیدی تەرمەکەی گوێزرایەوە بۆ (مەشهەدی ئەردەهاڵ).

ئەو هەمیشە دەیگوت:

نابێ بترسین لەمردن
مردن لەناوچوونی کۆترنییە .....
مردن زۆرجار ریحانە دەچنێ
زۆرجار لەسێبەر رۆنیشتووە لێماندەنواڕێ
نیگەرانیو بێدەنگیو ژانەکانی هەمیشە
وایلێدەکرد بڵێ:
لقەکان سیس بوون
بەردەکان خەماوین
رووبار دەناڵێ
کوند دەخوێنێ
خەم رەنگی خۆرئاوای گرتوە

ئەتکێ لەلێوم چیرۆکی سارد
دڵم تەنگە بەکاتی ئەم خۆر ئاوابوونەوە

مردنی سوهراب بۆ من، هەمان مردنی سوارەی ئێلخانی زادەیە کە شاعیرێکی هاوچەرخی سەردەمی سوهرابە بۆ شیعری کوردی رێبازو رێچکەی تایبەتی هەبوو، سەرەنجام ئەویش لەسەر تەختی نەخۆشخانە بەنەخۆشی شێرپەنجە مرد.

سوهراب زۆربەی کاتەکانی بەنووسینو خوێندنەوەو نیگارکێشان دەبردەسەر، گوندی (چینار) لەسەر رێگای (کاشان مەشهەد) ئیلهامی شیعری (دەنگی پێی ئاو)ی سوهراب بوو، چونکە جگەی لەدەنگی پێی ئاو لەشەوانی ماتو خەیاڵاویدا، لەم شوێنە تەنهاییەدا هیچ شتێکی ترت گوێ لێ نەدەبوو.

یەکێک لەنووسەرە گەورەکانی ئێران لەبارەی سوهراب دەڵێ "شیعری سوهراب لەئایدۆلۆژیا بێبەرییە، بەڵام بەئیجبار وەکو هەموو شیعرە بەرزەکانی دیکە لەجیهانبینییەک بەهرەمەندە، هەڵهێنجانو خوێندنەوەیەکی وەها ئۆرگانێک دارێژراوی هەیە کە ناتوانێ رووبەڕووی خۆی بێتەوە."

ئەوانەی کە رەخنە لەگۆشەگیریو مانەوەی سوهراب لەبورجی عاجو بایەخ نەدانی بەچارەنووسی کۆمەڵگە دەگرنو مەبەستیانە ئایدۆلۆژیای خۆیان لەودا ببیننەوە، بەڵام شیعر هەموو کات ناتوانێ خەونو خولیاو کردارەکانی تیادا بڵاوبێتەوە، ئەمانە قسەی (شاهرخ مسکوب)ە لەبارەی سوهرابەوە، بەڵام سوهراب خۆی دەڵێ: پێویستە چاوەکان بشۆرینو بەشێوەیەکی دونیا تەماشاکەین.

ساڵی (١٣٣٢) بڕوانامەی لیسانسی لەکۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران وەرگرت، هەر ماوەیەی کارێکی دەکرد، ساڵی ١٣٣٦ چووە پاریسو دواتر چووە لەندەنو رۆما.

سەرەڕای فرۆشتنی تابلۆکانی، بەڵام خاوەنی گەلەریەک دەڵێ "سوهراب هیچ کاتێک وا لەخراپترین باری ئابووریدا ئامادە نەبوو لەژێر کارێکیدا واژۆ بکات؟!

سوهراب، مەولەوی بەگەورەترین شاعیر-عارفی سەردەمەکانی مێژووی رۆژی ژیانی دەزانی، هەروەها زۆر پڕ بایەخ دەینواڕییە شیعرەکانی (حافزی شیرازی)، سوهراب خۆشی چەند شیعری ژاپۆنی لەئینگلیزیەوە وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی، بەشێکیشی لەشیعرەکانی کرانە فەرەنسی جگە لەوەی زۆربەی شیعرەکانی کراونەتە ئینگلیزیو ئەڵمانی، عەرەبی، تورکی، ئیسپانی، سویدی، کوردی).

سوهراب خۆی دەڵێ "زۆر کاریگەر بووم، بەمامۆستا (ابراهیم بنی احمد)، سهراب دەڵێ هەر یەکەم رۆژێ کە هات ئەم شیعرەی پێ نووسین:

ئێمە بەوەوە زیندووین کە ئارام نەبین
شەپۆلینو بەئارامگرتن لەناو دەچین

خۆشی ساڵی ١٣٣٦ لەیەکێک لەدیوانەکانی کە لەکاشان بڵاوبووەوە ئەم شیعرەی نووسیوە:

جگە لەخەمو خەیاڵو ئەندێشەو رەنج
لەم کاولاشەدا نییە زنجێک

ئەو لەو دیوانەی خۆیدا نووسیویەتی: "ئەم کتێبە پێشکەشە بەو رۆحەی کە تائێرەکانە بووەتە هۆی نائارامیو پەرێشانی رۆحی من"

سوهراب سپهری سێیەمین منداڵی خێزانی ئەسە دوڵڵاخان سپەهری، فەروخ خانمی سپەهریە، لەمنداڵەکانی تر (مەنوچهر-هۆمایۆن دوخت، سوهراب پەری دوخت، پەروانە) لە (١٥)ی مهرما ساڵی (١٣٠٧)ی هەتاوی واتا (٧٧) ساڵ پێش ئێستا، لەکاتی نیوەڕۆدا هاتە دنیاوە.


تێبینی: سەرنجی خوێنەر رادەکێشم بۆئەوەی کەمن بەپێچەوانەوە، کتێبەکەم لەکۆتاییەوە خوێندۆتەوە نەک لەسەرەتاوە (ا. بازگر)

خوێندنەوەی کتێبی سوهراب باڵندەی کۆچەر.

نووسینی پهری دوخت، خوشکی سوهراب

و. لەفارسییەوە: نەوزاد محەمەد

# ئیرۆسیزم لەئەدەبیاتدا



ئەلبێرتۆ مۆراڤیا، رۆماننووسی ئیتالی
١٩٠٧- ١٩٩٠

ئەلبێرتۆ مۆراڤیا

ئیرۆسیزم لەئەدەبیاتی مۆدێرندا، نە لەئیرۆسیزم لەئەدەبیاتی یۆنانو رۆمی کۆن دەچێ نە لەئیرۆسیزمی ئەو ئەدەبیاتەی کە دواتر هات، ئەگەریش هاوشێوەیەکیشی هەیە زیاتر لەنمونەی یەکەم دەچێ، بەڵام ئەم جیاوازیە لەئارادایە کە ئیرۆسیزم لەئەدەبیاتی پاگان Paganدا هەڵگری سەرلەبەری سادەییو کێویبوونو هاوئاهەنگی ئەو سروشتەیە کە ئێستاش بەهۆی تاوان لەمەسیحیبووندا لێکهەڵنەوەشاوەتەوەو نەبۆتە دژی خۆی، کەچی ئیرۆسیزم لەئەدەبیاتی مۆدێرندا دەبێ ئەزمونی مەسیحی لەبەرچاو بگرێ، بەواتایەکی دیکە ئیرۆسیزم لەئەدەبیاتی مۆدێرندا هەڵقوڵاوی بارودۆخێکی سروشتی نییە، بەڵکو زێدەرەکەی رەوتی رزگاربوونە لەیاساغەکانو ئەو تابویانەی کە بەر لەخۆی هەبوون، ئازادی بۆ پاگانەکان راستەقینەیەکی سانابوو، کەسێک نەبوو کە ژیرانە بیری لێبکاتەوە، بەڵام مۆدێرنەکان دەبوایە خوازیاری ئازادی بوایەنو سەرلەنوێ بیاندۆزیبوایەتەوە، دەبوو دیسان بەدەستیان هێنابوایەتەوە، بەپێچەوانەوە، ئیرۆسیزم لەئەدەبیاتی مۆدێرندا تایبەتمەندیی بابەتگەلێکی هەیە یان دەبێ بیبێ کە سەرسامت ناکەن یان هەر لەخۆوە سەرنج راناکێشن بەکورتی نۆرماڵن، ئەگەر مەبەستمان لەنۆرماڵ بریتی بێ لەگۆڕانی سێکس (کردەی جنسی) بەرەو شتێک کە لەدیدی زانستییەوە ناسراوو هەڵگری ناسراوی شاعیرانەبێ لەدیدی ئەخلاقییەوە بێبایەخە، ئەو دەرەنجامەی بەدەستدێ یان دەبێ بەدەستبێ ئەمەیە کە بۆ یەکەمجار دوای ئەدەبیاتی پاگانەکان، سێکس دەبێتە بابەتی شیعر بەبێ پێویستبوونی سیمبولو خوازە.

ئەمڕۆکە بۆ یەکەمجار دوای تێپەڕبوونی چەندین سەدە، سێکس هەر کاتێک کە خودی بەرهەم بخوازێ دەتوانێ بەشێوەی راستەوخۆو بێپێچوپەنا، بەشێوەی ئاشکراو ریالیزمانەو شاعیرانە نیشانبدرێ.

ئێستاکە رەنگە بپرسن ئایا پێویستە کە سەبارەت سێکس قسەبکرێ؟ ئەگەر وایە چ کات؟ وەڵامی من ئەوەیە، پێویست ناکا هەمیشە لەسەر سێکس قسەبکرێ، راست هەر بەوجۆرەی کە پێویست ناکا هەمیشە لەبارەی پرسە کۆمەڵایەتییەکان یان بەسەرهاتە جۆراوجۆرەکان لەئەفریقا بدوێین، بەڵام بەپێچەوانەی رابوردوو ئەگەر ئەمڕۆکە بەرهەڵستو تابوویەکی رێگر لەپێش دوان لەسێکس نییە، بێدەنگبوونیش لەئاست سێکسدا نییە، ئەویش کاتێ کە باس لێکردن پێویستە، ئیدی وەکو رابوردوو بابەتێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو ناکارامەبوونی دەربڕینە، با ئاماژە بەنمونەیەک بکەین، نوسەرێکی هاوچەرخ کە سێکس سانسۆر دەکا، ئەویش کاتێ کە بابەتی کتێبەکەی دەیخوازێ، لەو هاووڵاتییە دەچێ کە لەحکومەتێکی دیموکراتیکدا باسی سیاسەت ناکا، چونکە دیکتاتۆریی پێشتر مۆڵەتی کارێکی ئەوتۆی نەدەدا، هەڵبەت ئەمە دووپاتدەکەمەوە کە هەمیشە پێویست نییە لە سێکس بدوێین، بەڵام ئەگەر بەوشەکان یاری بکەین، پێویستە باسی بکەین کە پێویست بێ.

کێ دەتوانێ نکۆڵی لەوە بکا کە عەشق لەهەموو سەردەمێکو لەهەموو شوێنێک بابەتی باوی ئەدەبیات بووە، بەڵام ئەویتر دەڵێ باشە لەئەدەبیاتی مۆدێرندا چۆن عەشق بۆ سێکس، بەواتایەکی دیکە چۆن عەشق ئەو تایبەتمەندییە ئامانجیو خوازەییو ناڕاستەوخۆیەی لەکیسداوە کە لەرابوردوودا هەیبووەو دواتر لەگەڵ سێکس بوونەتە یەک شت؟ هۆکارەکانی ئەم یەکبوونە زۆرن، هۆی سەرەکی هەر بەو جۆرەی کە پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، بریتییە لەلابردنی یاساغەکانو ئەو تابویانەی لەرادەبەدەرو بەشێوەی دەستکرد پەرەیان بەئامانجیبوونی ناڕاستی ئورۆتیزم دەدا.

ئەم تابوو بەربەستانە تەنیا بەرواڵەت بنچینەی مەسیحییان هەیە، مەسیحیبوون لەراستیدا راسپاردەی داوێنپاکبوونی نەبەزاند، تابوو یاساغەکان رەنگە دەرەنجامی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی involution هێور بن، گۆڕانکارییەکی کەم تا زۆر هاوشێوەی ئەو شتەی بۆنمونە لەپەیوەندییە چینایەتییەکانی بەشێک لەکۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا دەبیندرێ.

سەرەڕای ئەمە لەناوچوونی ئەم تابوو یاساغانە بەگشتی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێی دەگوترێ دەروونزانی قوڵایی یان دەروونشیکاریو ئەو زانستە دەروونزانییانەی پەیوەندییان لەگەڵی هەیە.

دۆزینەوە دەروونشیکارییەکان لەدوو روانگەوە دەرەنجامی بنەڕەتی هەبووە: ئەم دۆزینەوانە تابوەکانیان شکاندووەو سێکسیان لەچوارچێوەی ناوزڕاویو شورەیی رزگارکردووەو دیسان خستیانەوە نێو چەندین شێوازی بەیانو پەیوەندی کە لەبەردەستی مرۆڤدا هەبوون.

لەئەدەبیاتی مۆدێرندا سێکس نە وەسوەسەیەکی شەیتانییە کە خواپەرستانی سەدەکانی ناڤین پێیانوابوو، نە چێژێکی تا رادەیەک هاوشێوەی چێژی خواردن بۆ بۆرژوازی سەدەی هەژدەیەم، لەئەدەبیاتی مۆدێرندا سێکس بەمجۆرە نییە، یان نابێ وابێ، بەڵکو چەشنێک کردەی چونە ناو سیستمێکی جیهانیو ئەوپەڕی مرۆڤییە، ئەمەش کاتێ دەردەکەوێ کە بتوانین سێکس لەترسی ئەخلاقیو هەروەها لەچێژوەرگرتنی رەشۆکیانە جیابکەینەوە، سێکس کاتێ بەمجۆرە ببیندرێ لەراستیدا شتێکی سەرترو سیمبولانەترو کامڵتر لەعەشقە، بەتایبەتی ئەگەر عەشق وەک پەیوەندی جەستەیی هەستەوەریی سادەی نێوان پیاوو ژن راڤەبکرێت.

لەفارسییەوە: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

لەئەدەبیاتی مۆدێرندا سێکس نە وەسوەسەیەکی شەیتانییە کە خواپەرستانی سەدەکانی ناڤین پێیان وابوو، نە چێژێکی تا رادەیەك هاوشێوەی چێژی خواردن بۆ بۆرژوازی سەدەی هەژدەیەم

# وتووێژ لەگەڵ عەلی ئەشرەف دەروێشیان

و: بەهارە حسەین

**عەلی ئەشرەف دەروویشیان، نووسەری ناوداری کوردی فارسی نووس، ساڵی ١٩٤١ لە کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە، وەک دەنگێکی دیاری ئەدەبی لە ئێران دەرکەوتووەو زیاتر لە ٢٠ بەرهەمی جۆراوجۆری نووسییوە. ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە وتووێژێکە لە گەڵ ئەم نووسەرە.**

..............................

**پرسیار:** چۆن بوو بوویت بەنووسەر؟

**وەڵام:** بەرێکەوت، لەپۆلی سێی ناوەندی بووم، دارشتنێکم نووسی کە زۆر پێشوازی لێکرا، ئەمە بوو بەبەستێنێ بۆئەوەی پەی بەتوانای خۆم ببەم لەنووسیندا، بەڵام تا تەمەنی ٣٠ ساڵی هیچ شتێکم بڵاو نەکردەوە، لەزانکۆ بەهۆی ئاشنایەتیم لەگەڵ جەلال ئال ئەحمەد، دکتۆر ئەمیر حسێن ئاریانپوورو دواتر باقر مومنیو بەە ئازینو ..... نووسین بوو بەکارێکی جدی، بەتایبەت جەلال ئال ئەحمەدو خاتوو سیمین دانشوەر زۆریان هاندام بەوەی کە بنووسم، هەڵبەت من هەموو ئەمانە بەڕووداوو هەڵکەوت دەزانم.

**پرسیار:** شێوەی کار کردنتان چۆنە؟ هەموو ڕۆژێک دەنووسی یان چاوەڕوانی ئیلهام دەبیت؟

**وەڵام:** من هەموو ڕۆژێک دەنووسم، هیچ کات چاوەڕوانی ئیلهام نابم، نووسین کاری بەردەوامی ڕۆژانەمە، من هیچ کارێکم نییە جگە لەخوێندنەوەو ئەزمونکردنی ژیانو نووسین، سەبارەت بەئیلهام دواتر رای خۆمت پێدەڵێم.

**پرسیار:** بەر لەنووسین فۆرمی دیاریدەکەی بۆ نووسینەکەت؟

**وەڵام:** بەر لەنووسین بیر لەو بابەتە دەکەمەوە کە سەرنجی منی بۆ لای خۆی راکێشاوە، تا رادەیەک شێوەو فۆرمەکەی دیاریدەکەم دواتر دەستدەکەم بەنووسین، ئەم بیرکردنەوەیە لەبابەت ڕەنگە بۆ یەک مانگ مێشکم داگیربکات.

**پرسیار:** نووسەرانو شاعیران زۆرتر دەفتەرێکیان پێیە بۆ نووسینی تێبینییەکانیرۆژانەیان، ئێوە چی؟

**وەڵام:** بەڵێ بوونی دەفتەرێک بۆ نووسینی تێبینییەکانی ڕۆژانە بەیەکێ لەکەرەسە سەرەکییەکانی کاری نووسین دەزانم، بریا باوکو دایکێکم هەبا کە هەر لەسەردەمی منالیەوە ناچاریان کردبام کە ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەم بنووسمەوە، ئەمە پاشکەوتو سەرەمایەیەکی گەروەیە بۆ داهاتووی مرۆڤێک، چ ببێ بەنووسەر یان نەبێت، داواکارم دایکانو باوکان بەرلەوەی حیسابی بانکی بۆ منالەکانیان بکەنەوە، دەفتەرێکیان بۆ بکڕن، بۆئەوەی ڕووداوەکانی ڕۆژانەی تێدا بنووسنەوە، گفتتان پێدەدەم زۆر بەسوودە بۆیان.

**پرسیار:** تا چەند بەنووسراوەکانتاندا دەچنەوە؟

**وەڵام:** زۆرجار بەنووسراوەکانمدا دەچمەوەو سەر لەنوێ دەیاننووسمەوە، یازدە کەڕەت بەرۆمانی چوار بەرگی "ساڵە هەورییەکاندا" چوومەوەو نووسیمەوە.

**پرسیار:** ڕەخنە لەبەرهەمەکانی خۆت دەگری؟

**وەڵام:** ڕەخنەو لێکدانەوەی بەردەوامی بەرهەمەکان کارێکی گرنگەو من زۆرجار ئەم کارە دەکەم.

**پرسیار:** راتان چییە دەربارەی دەستپێکی چیرۆک یان ڕۆمان؟

**وەڵام:** ئەو پەرەگرافەی کەدەستپێکی ڕۆمان یان چیرۆکە زۆر گرنگە، سەرەتای چیرۆک بەزۆری دەتوانێ سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی رابکێشێ یان ناچاری بکات کتێبەکە بخاتەلاوە، ڕۆمانی "ساڵە هەورییەکان"یش سەرەتاکەی بەمشێوەیەیە (قیژە قیژی دایکم ژوورەکەی داگرتوە).

**پرسیار:** ئایا دەستت داوەتە دوان لەدۆخێک لەچیرۆکدا کە ئەزمونێکی دروستت لەو دۆخە نەبێت؟

**وەڵام:** من ناتوانم جگە لەئەزمونەکانم هیچ شتێکیتر بنووسم، ڕەنگە بتوانم درۆینەکردنی وەرزێڕێ ببینمو سەبارەت بەو زەحمەتو ئەرکانەی دەیکێشێ بنووسم، بەڵام ئەگەر خۆم داس بگرم بەدەستەوەو کاربکەم، باشتر دەتوانم بنووسم.

**پرسیار:** کەواتە بەشێکی زۆر لەنووسراوەکانتان بەرهەمی ئەزمونی تاکەکەسین؟

**وەڵام:** بەڵێ، لەسەدا ٩٩ی نووسراوەکانم.

**پرسیار:** نووسەر پێویستی بەئیلهام هەیە؟

**وەڵام:** ئیلهام مانای "دەرکەوتن"و "کەوتنە دڵەوە" دەدات، بەرامبەرە ئینگلیزییەکەی inspiration ە، لەدەروونشیکاریدا، سەرچاوەی سەرەکی ئیلهام نەستە کە تایبەتە بەباسی بیرەوەرییە زەینییەکان، واتا هەمان ئەو باسەی کە "سووررئالیستەکان" زۆر جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە نەستی هونەرمەند، هەندێ جار بەبێئەوەی لەلایەن عەقڵەوە فەرمانی پێبدرێ، دەستدەداتە دەربڕینی ئەو شتەی کە لەخۆیدا هەڵیگرتووەو ئەم شتەی کە لەزەیندا هەڵگیراوە، بەشێوەی ئیلهامو بەبیرهێنانەوە، سەرچاوەی داهێنانی هونەرییە.

سووررئالیستەکان ئیلهام بەجۆرێ تەقینەوەی کتوپڕی ڕۆحو گۆڕانی دەروونی پێناسە دەکەن کە لەپانتایی زماندا دەردەکەوێ، ئەوان لایەنەکانی چەمکی "نائاگا"و "نیوە نائاگا"یان تا رادەیەکی زۆرکەم کردەوەو ڕوویان هێنایە پانتایی زانینی شاعیرانە، بەڵام ماتریالیستەکان بەستێنی مادیو دیاردەیەکی زەینیو بیرکردنەوە بەپێی ئەو دیاردە زەینییە بەئیلهام دەزانن، دەروونناسیو ڕەخنەی نوێی ئەدەبی ئیلهامی هونەری وەک دیاردەیەکی دەروونی لەهونەرمەند دا پێناسە دەکاتو ڕوانگەی بان سروشتی قبوڵ نییە، من باوەڕم بەئیلهام وەرگرتن لەجیهانی مادیو زەمینیو خەڵکی هەیەو هەردەم پێویستم بەم چەشنە ئیلهامە بووە.

**پرسیار:** ئێوە چ شێوەیەک دەبەنە کار بۆئەوەی کەسێتیێکی راستەقینە بکەن بەکەسێتیێکی ناو چیرۆک؟

**وەڵام:** پێمخۆش نییە هیچ ئەرکێک بۆ هونەرمەندو نووسەر دیاریبکەم، یەکێ لەتایبەتمەندییەکانی زۆر ڕوونی هونەر، لایەنی جۆراوجۆربوونو فرەچەشنییەتی، ئەگەر وا نەبێت هەموو بەرهەمە هونەرییەکان وەک یەک دەبن، ئەم پۆلێنبەندییانە هەڵەیە، هونەرمەند دەتوانێ لەژیانیدا بەپێی دۆخ، باری ڕۆحی، هاندەرو ئەو ڕووداوانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، دەستبداتە خولقاندنی بەرهەمی هونەری جیاوازو نەناسراو، ئەوەی کە پابەند بیت بەسنوورو ریز پەڕەکن لەهونەردا دروست نییە.

**پرسیار:** لەبەرهەمەکانتاندا خۆتان بەقەرزاری واقیعی دەرەکی دەزانن؟

**وەڵام:** بۆوێنە "بی بی" لە"ساڵە هەورییەکان" بێننەوە بیری خۆتان، ڕەنگە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی دەربارەی بی بی هێناومە راست نەبیت، بەڵام من بەدرێژایی ژیانم زۆر پیرەژنی کرماشانیم چ لەگوندو چ لەشاردا دیوە کە وایە، بۆئەوەی بی بی لەلای خوێنەر وەربگیردرێ، بۆئەوەی خوێنەر هەست بەنزیکایەتی بکات لەگەڵی، ڕەفتارو خوو خەدەی ئەو تەمەنەم لەو دەورەیەدا بۆ پێرسۆناژەکان بەقەرز وەرگرتووە، بۆئەوەی کەسێتی بی بی لێدروست بکەم، واتە کاراکتەرێک دروستبکەم کە خەڵک وەریبگرن.

**پرسیار:** لەکاراکتەری ناو چیرۆکەکانتدا کام کاراکتەر لەکەسێتی خۆتانەوە نزیکە یان لەکەسێتی خۆتانەوە وەرگیراوە؟

**وەڵام:** زۆریان، لە"ئابشووران"، "لەم ویلایەتەوە"و لەزۆر چیرۆکیتردا خۆم بوونم هەیە، شەریفی "ساڵە هەورییەکان" خۆمم.

**پرسیار:** لەکاتی نووسیندا تا چ رادیەک پرسە تەکنیکییەکانی چیرۆک لەبەرچاو دەگری؟

**وەڵام:** راستت دەوێ دەربارەی تکنیکو شێوەی چیرۆکنووسین دەکرێ بڵێم کتێبێک نییە نەمخوێندبێتەوە، بەڵام کاتێک کە دەنووسم نووسین خۆی ڕێگای خۆی بەمن نیشاندەداتو لەوساتەدا لەبیری ئەوەدانیم کە فڵانە تەکنیک بەکاربهێنم، نازانم زۆرانبازێک لەکاتی زۆرانبازیدا بیر لەوە دەکاتەوە ئەو ساتە بەرامبەرەکەی "فتێڵە پێچ" بکات یان "سەگەک ببەستێ"؟ یان ئەوەی بەپێی جوڵەی پێشبینی نەکراوی بەرامبەر دەجوڵێتەوە، لەهونەریشدا لامواییە پرسەکە هەر بەمشێوەیەیە، تۆو بابەتەکەت، جوڵەو پەرچەکرداری بابەتەکە ناچارت دەکات فڵانە تەکنیک بەکاربێنی.

**پرسیار:** نووسەر بۆ خۆی دەنووسێت؟

**وەڵام:** هەمدیسان دەڵێمەوە کە هونەرمەند، شاعیرو نووسەر ئازادە لەوەی بۆ دڵی خۆی کاربکاتو بنووسێت، بەڵام من ئەو شتانە دەنووسمەوە کە لەجیهانی دەوروبەرمدا دەمخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوەو مەبەستم وشیارکردنەوەی خوێنەرە لەڕووداوەکانی دەوروبەری، ئانتوان چیخۆف وتەنی، چیخۆف یەکێک لەو نووسەرانەیە کە زۆرم خۆشدەوێ (هەموو ئەو شتەی دەمویست ئەوەبوو کە بێ درۆ بەخەڵکی بڵێم) "چاو لەخۆتان بکەن، تەماشابکەن چەند ژیانێکی خراپو تاڵتان هەیە"، ئەمە گرنگترین شتە کە خەڵک دەبێ بیزانن، ئەوکاتە بەدروستی بەم شتەیان زانیو لێی تێگەیشتن، بێگومان ژیانێکی نوێو باشتر دەخولقێنن، مرۆڤ ئەوکاتە باشتر دەبێت کە بەوشێوەی کە هەیە نیشانی خۆی بدەینەوە.)

**پرسیار:** بۆچی دەنووسیت؟

**وەڵام:** بۆئەوەی کاریگەرییەکی هەر چەند کەمم لەسەر جیهانی دەوروبەری خۆم هەبێت.

**پرسیار:** تا چەند باوەڕت بەداهێنان هەیە لەئەدەبیاتدا؟

**وەڵام:** باوەڕم بەداهێنان هەیە لەئەدەبیاتدا، بەڵام نەک بەو رادەیەی خەڵک لەئەدەبیات بێزاربکات، هەندێ کەس دەڵێن ئێمە بۆ دڵی خۆمان دەنووسین، ئەمە درۆیەکی ترسنۆکانەیە، ئەگەر بۆ دڵی خۆت دەنووسی کە وایە لەسووچی ژوورەکەت داینێ، بۆ بڵاوی دەکەیتەوە؟ بڵاوی دەکەیتەوە کە خەڵک بیخوێننەوەو بزانن تۆ چۆن هەست بەجیهان دەکەی.

**پرسیار:** راتان چییە دەربارەی کۆمەڵگای نووسەران لەوڵاتی خۆماندا؟

**وەڵام:** نووسەرانی ئێران بەتایبەت لەم دەورەیەدا ڕووبەڕووی زۆر کێشەو گرفت دەبنەوە، بەڵام هەر درێژە بەهەوڵی خۆیان دەدەن لەبارەی داهێنانی جۆراوجۆرەوە.

**پرسیار:** کام یەک لەنووسەرانی ئێرانی یان بیانی کاریگەرییان هەبووە لەسەرت؟

**وەڵام:** لەماوەی ژیانمدا زۆر نووسەرم ئەزمونکردوە، لەژێر کاریگەرییاندا بوومو دواتر هەوڵمدا لەسەر پێی خۆم ڕاوەستمو ڕێچکەی خۆم بدۆزمەوە، لەپەراوێزنووسانی بڵاوکراوەکانی رابردووەوە بگرە تا دەگاتە نووسەرانێکی پێشەنگ وەک جەمالزادە، هیدایەت، چووبەک، عەلەویو هتد.

**پرسیار:** لاتانوایە چ جیاوازییەک هەیە لەنێوان کەسێکی نووسەرو خەڵکانی ئاساییدا؟

**وەڵام:** هیچ جیاوازییەک نییە، جگە لەوەی ڕەوتی ژیان ئەوانی بەرەو نووسین بردوە، زۆریان خوێندووەتەوە، ساردیو گەرمی ڕۆژگاریان چێشتووەو بەڕۆحێکی هەستیارو حەساسەوە نەیانتوانیوە لەبەرامبەر زوڵمو زۆردا بێدەنگ بکەن.

**پرسیار:** داهاتووی ڕۆمانو کورتەچیرۆک لەئێران چۆن دەبینی؟

**وەڵام:** بەهەموو ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕوویان دەبینەوە، لەگەڵ ئەوەی پێشوازی لەکتێب ناکرێ، بەلێکدانەوەی سانسۆرداو بەسەختی مۆڵەتدان بەبڵاوبوونەوەی کتێبەکان، بەگرانیو بێکاریو هەزارو یەک کێشەی تر کە هەیە، داهاتووی کتێب داهاتوویەکی ڕوون نییەو بەپێچەوانەوە نائومێدکەرە.

**پرسیار:** لەنووسیندا تا چەند کەڵک لەدەروونناسی وەردەگری؟

**وەڵام:** من لەزانکۆی تاران ماستەری دەروونناسی فێرکردنو لەکۆلێژی مامۆستایەتیشدا ماستەری راوێژکاریم خوێندووە، بەدڵنیاییەوە ئەم خوێندنانە کاریگەرییان دەبێ لەسەر کارەکانم.

**پرسیار:** نووسەرێک تا چەند دەبێ بپەرژێتە سەر کێشە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی سەردەمی خۆی؟

**وەڵام:** نووسەر وەک ئەندامێک لەئەندامەکانی کۆمەڵگا، ناتوانێ بەدەربێت لەهەموو ئازارو ڕەنجو مەینەتیو خەباتەکانی نەتەوەکەی خۆی.

**پرسیار:** جیاوازی چییە لەنێوان نووسراوە بازاڕیو نووسراوە جدییەکاندا؟

**وەڵام:** جیاوازی نێوان فیلمی "گەنجی قاروون"و فیلمی "گا"ی مێهرجوویی لەچیدایە؟ جیاوازی فیلمی "دە پیاوی خراپ" لەگەڵ "حەوت سامۆرایی" بەرهەمی "کوروساوا" یان فیلمی "ئەم تاقمە تووڕەیە"ی سام پکین لەچیدایە؟ هونەری بازاڕی زەوق بینینی جوانیناسی لەمرۆڤدا دەکوژێو دەیمرێنێ، هەربۆیە بوونەوەرێکی سووکو بەدەر لەجوانییەکانی جیهان لەدایکدەبێو هونەری پێشەنگو بەهێز، مرۆڤ بەرەو گەورەییو پلەی بەرز دەبات.

**پرسیار:** ئەرکی ڕەخنەگر بەچی دەزانی؟

وەڵام: بەبێ هیچ ڕقو دوژمنی یان دۆستایەتییەک ڕەخنە لەبەرهەمەکە بگرێ، ڕێنوێنی هونەرمەند بکات بەرەو باشبوون.

**پرسیار:** هەڵوێستت بەرامبەر ڕەخنەی توند لەبەرهەمەکانت چییە؟ رات چییە دەربارەیان؟

**وەڵام:** لەبەرامبەریاندا بێدەنگیم هەڵبژاردووە، تا ئەو ئاستەی لەتوانامدابوو دانیشتمو خوێندمەوەو نووسیم، تا ئاستی ماندووبوونی خۆم خوێندمەوە، نووسیمو فێربووم هێشتا پێویستە فێربم، بەزۆری لەو ڕەخنانەدا، لۆمەیان دەکردم کە تەکنیکەکانی چیرۆکنووسین لەبەرچاو ناگرمو بەراستی یەکێ لەتایبەتمەندییەکانی کاری من ئەوەیە کە نامەوێ شێوەی کاری دیتران دووپات بکەمەوەو هیچ شێوازێکی دیاریکراو ناپارێزمو ئەوەی پێم خۆش بێت دەیڵێم.

پرسیار: شێوازو یاسایەک هەیە کە بکرێ بە لەبەرچاوگرتنیان ببی بەنووسەرێکی باش؟

**وەڵام:** سامرست موام دەڵێ "یەک لەسەدی نووسین توانایيو حەزەو نەوەدو نۆ لەسەدی نووسین هەوڵو کۆششە" منیش لەسەر ئەو باوەڕەم.


**پرسیار:** لەئێستادا چی دەنووسیت؟

**وەڵام:** لەئێستادا خەریکم لەسەر دابونەریتی خەڵکی کرماشان کاردەکەم، هەروەها خەریکم "بیرەوەرییەکانی سەفەر خان"یش تەواو دەکەم، کۆمەڵە چیرۆکێکیشم هەیە کە هێشتا ناوم لێ نەناوە.

**پرسیار:** هیچ وتەیەکت هەیە بۆ نووسەرانی تازەکار؟


**وەڵام:** داوایان لێدەکەم دەفتەرێکی بیرەوەریان هەبێت، لەهەر هەلێ کەڵک وەربگرن بۆ خوێندنەوەی کتێبە باشەکان، لەناو کۆمەڵگاو خەڵکدا بن بۆئەوەی هەردەم بەرهەمەکانیان تازەبێت کە من "ساڵە هەورییەکان"م تەواو کرد ٣ کارتۆن یادداشتو نووسینم هەبوو کە بەپێی ئەوانە ڕۆمانە ٢٤٠٠ لاپەڕەییەکەم نووسی، گرنگتر لەهەمووان عەشقو هۆگری بەکارە کە ئەگەر مرۆڤ ئەم شتەی نەبێت بەهیچ کوێ ناگات.

**سەرچاوە:** www.ghabil.com


عەلی ئەشرەف دەروێشیان

> یەکێ لەتایبەتمەندییەکانی زۆر ڕوونی هونەر، لایەنی جۆراوجۆربوونو فرەچەشنییەتی، ئەگەر وا نەبێت هەموو بەرهەمە هونەرییەکان وەک یەک دەبن.

> راستت دەوێ دەربارەی تەکنیكو شێوەی چیرۆکنووسین دەکرێ بڵێم کتێبێك نییە نەمخوێندبێتەوە، بەڵام کاتێك کە دەنووسم، نووسین خۆی ڕێگای خۆی بەمن نیشاندەدات، لەوساتەدا لەبیری ئەوەدا نیم کە فڵانە تەکنیك بەکاربهێنم.



# ئازادی هەڵبژاردنو هەستنەكردن بەبەرپرسیارێتی

هەرێم عوسمان

"بڕیار وات گرەوكردن لەسەر ئاینده، لـەبـەرئـەوەی مـرۆڤـیش ناتوانێت پێشبینی ئاینده بكات، هەربۆیە ئەم خۆبەستنەوەیە بـەردەوام پڕە لەمەترسیو هاویاریو دڕدۆنگی"١.

هەڵبژاردن، كردەیەكی خودییە، مرۆڤ بۆئەوەی گوزارشت لەئازادی خۆی بكات هەڵدەبژێرێت، هەڵبژاردن چەمكێكی باڵادەستی فەلسەفەی بوونگەراكانیشە، بەواتایەكی تر لای بوونگەراكان هەڵبژاردن واتە كردەیەكی خـودیو سەربەستیو جیاوازی، من فلان لایەن هەڵدەبژێرم ئەوانی دی هەڵنابژێرم، ئەمە كردەیەكی خودییە لەهەمانكاتدا سەربەستیو ئـازادی تێدایە، لەلایەكی دییەوە هەڵگری دیـدی جیـاوازە، جیـاوازی دەتوانم بڵێم سەرەتای هەموو ئازادییەكە، لای كیركەگۆرو سارتەریش، (ئازادی پەیوەست بەبوونی مرۆڤەوە، بەواتایەكی دی ناتوانین ئـازادی لەبوونی مرۆڤ جودا بكەینەوە)٢، كاتێک مرۆڤ ئازادی بەبوونییەوە بەسترابێتەوە، ئیدی بۆ دەبێت لەهەر كوچەو شەقامێكدا بەند بكرێت؟ مرۆڤ سەربەستو ئازادە، بـەڵام لەبەرامبەر ئەم سەربەستیو ئازادییەدا، هەستكردن بەلێپرسراوێتی هەیە كە وادەكـات مـرۆڤ لەهەموو كردارەكانیدا بەوریاییو هۆشیارییەوە مامەڵەبكات، گەر لەڕوانگەی ئازادیو هەستكردن بەلێپرسراویەتیەوە بڕوانینە هەڵبژاردنو بانگەشەی هەڵبژاردن، دەگەینە چ ئەنجامێک؟ تۆ بڵێی تاكی كورد گەیشتبێتە ئەو ئاستەی لەئازادی گەیشتبێت؟ تاكی كورد لەبەرامبەر هەر بڕیارێكدا، هەست بەلێپرسراوێتی بكات؟ دەكرێت ئەم رەنگە جیاوازانەی لەبانگەشەی هەڵبژاردندا هوتافیان بۆ دەكێشرێت بەجیاوازی دابنێین؟ ئەوانەی هەڵگری رەنگە جیاوازەكانن بۆ خۆیان لەجیاوازی دەگەن؟ هەڵبژاردن، وەک گوتمان چەمكێكی گرنگو فرە بایەخداری فەلسەفەی بوونگەراكانە، بـەڵام هەڵبژاردن لای بوونگەراكان پەیوەستە، بەچەند چەمكێكی دییەوە، ئازادی، واتە ئازادی هەڵبژاردن، من ئـازادم كام لایەنە هەڵدەبژێرم، ئایا ئازادی بەتەنها بەسە بۆئەوەی ئێمە هەڵبژێرین؟ گەر هەموومان ئازادبین بەبێ رەچاوكردنی هەستی لێپرسراوێتی بەرامبەر بەئازادییەكەمان چ فەوزاو پشێویەک دروستدەبێت؟ گومانی تێدانییە، مـاوەی ئەم چەند ساڵە، هەرچی مرۆڤە باس لەئازادی دەكات، تەنانەت بەمرۆڤە كۆیلەكانیشەوە، پێموایە زۆرێک لەو كەسانەی هەنوكە، لەسەر شەقامەكان بانگەشە دەكەن، كۆیلەن، كۆیلەی دەسـەڵات، كۆیلەی نەفس.. بەڵام مرۆڤ ئـازادە، لەوەی چی هەڵدەبژێرێتو چی رەتدەداتەوە، پـێـمـوانـیـە ئـەوانـەی لەگەڵ دەسـەڵاتـدان هەموویان بەبڕیاری خودیو ئازادانە لەگەڵ دەسـەڵاتـدا بن، بۆیە دەڵێم كۆیلەن، لەهەمانكاتدا بڕیاردانو هەڵبژاردن بەتەنها بەس نین بۆئەوەی مرۆڤ خۆی بێتو سەربەست بێت، بەڵكو مـرۆڤـی ژیـرو مـرۆڤـی ئازاد پێش ئەوەی هەڵبژێرێتو بڕیاربدات، هـەسـت بەلێپرسراوێتی دەكـات، ئـازادی پێش ئـەوەی بـڕیـاردان بێت تێگەیشتنە، ئێمە بڕیاردەدەین بێئەوەی تێبگەین، تێگەیشتن ئەوەیە هەست بەلێپرسراوێتی بكەین بەرامبەر بەبڕیارەكانمان، من ئەگەر موسوڵمان بمو بڕوام بەخودا هەبێت، دەبێت ئەوە بزانم كاتێک هەڵدەبژێرم، لەسەر ئەم هەڵبژاردنە لێپرسینەوەم لێدەكرێت، گـەر موسوڵمانیش نـەبـم دەبێت لەبەردەم خودی خۆمو مرۆڤایەتیدا هەست بەلێپرسراوێتی بكەم، مرۆڤی رەسەن (كە چەمكێكی فرە بایەخداری بوونگەراكانە) مرۆڤێكی ئازادە، واتە خـۆی خـاوەن بـڕیـارە، دروستكەری خـۆیـەتـی، لـەڕێـگـەی هەڵبژاردنو بڕیارەكانیەوە، بـەڵام مرۆڤی كۆیلە یان نارەسەن خاوەنی خۆی نییە، بەڵكو چەند فاكتەرێكی دەرەكـی لەبری ئەو بڕیاردەدەن، ئەم مرۆڤانە هەمیشەو بێبیرلێكردنەوە دوای كۆمەڵ دەكەون، بێئەوەی بۆ ساتێک لەخۆیان بپرسن، من بۆ دوای ئەوان كەوتوم، گوماندەكەم گشت ئەوانەی شەوانە لەسەر شەقامەكان، بانگەشە دەكەن، بەخواستو بڕیارو هەڵبژاردنی خۆیان، هاتبێتنە سەر شەقام، بەڵكو گەر لێیان بپرسی، ئەوا دەڵێن ئێمەش وەک ئەو خەڵكە (ئەوان لەسەر شەقامەكانن منیش وەک ئەوان)، یان لەدژی فلانە حیزب.

بەشێوەیەكی گشتی بڕیاردانو ئازادیو هەڵبژاردن پێش مەرجێكیان هەیە كە مرۆڤ پێویستە لێی بەئاگابێت، ئەویش هەستكردن بەلێپرسراوێتییە، لای سارتەر چەمكی بەرپرسیارێتی، بەرامبەر بەكۆنترۆڵكردنو سنووردانان دەوەستێتەوە، ئازادی لای بوونگەراكان بۆ هەموو مرۆڤەكان پێویستیەكی بەڵگەنەویستە، بەڵام بەهەستكردن بەبەرپرسیارێتییەوە، ئەمەشە وادەكـات تاكەكەس ئـازاد بێت، هـاوكـات، ئـــازادی كەسی دی، نەخاتە مەترسییەوە، كاتێک دەبینین لەم بانگەشەیەدا، بـەنـاوی ئـازادیـیـەوە، ئـــازادی لاقە دەكرێت، ئەمە چ جۆرە تێگەیشتنێكە لـەئـازادی، كاتێک دوو رەنـگو دوو لایەنی جیاواز نەتوانن، لەشەقامێكی دووسـایـدا، بـەرامـبـەر بەیەكدی بێنانەوەی گرفتو پشێوی، گوزارشت لەهەستو دیدی خۆیان بكەن، ئیدی ئازادی دەبێت لەكوێی ئەم هەرایەدا جێی ببێتەوە، گرفتی گەورە ئەوەیە تاكی كورد لەناوەوەی خۆیدا، خۆی ئـازاد نـەكـردووە، گـەر لەناوەوەی خـۆیـدا، خـۆی ئـازادكـرد، ئەوكات دەتوانێت لەدەرەوەی خۆیدا بۆ ئازادی تێبكۆشێت، هـەروەک كامۆ دەڵێت "مرۆڤ بەتەنها لەشتێک ئازاد نابێت، بەڵكو لەپێناوی شتێكیشدا ئازاد دەبێت"٣، ئازادی ئەوە نییە یەكدی ئەزیەت بدەی، خەڵک جارس بكەیتو مرۆڤ بكوژیت، ئازادی خۆ ئازادكردنە لەو كاریگەریەی كە ئەوان لەسەر تۆی دادەنێن، ئـازادی ئەوەیە خۆت بڕیار بدەی هەڵبژێریت، نەک هاتو هەرای ئەوان بتهەژێنێت، نەک پارەی ئەوان بتكڕێت، نەک رابردووی ئەوان، ئێستات داگیربكات، گـەر تاكی كـورد لەم كردەیەدا (هەڵبژاردن)، بەهەستكردن بەلێپرسراوێتییەوە بڕیاربدات، دواتر پەشیمانی دەرنابڕێت، چونكە خۆی بڕیاریداوە، خۆشی لێپرسراوە بەرامبەر بەبڕیارەكەی، بڕیاردان گرانترین كردەی مرۆڤە، چونكە بڕیاردان پەیوەستە بـەئـایـنـدەوە، مـادامـەكـێ مـرۆڤ نازانێت لەئایندەدا چی روودەدات، لەبەرئەوە هەمیشە ترسو گومانكەرە لەهەڵبژاردن، كاتێک بڕیارو هەڵبژاردنی تـۆ بـۆ لایـەنـێـكـە دەبـێـت بزانیت چەندین لایەنی دیت رەتكردۆتەوە، دەبێت بزانیت بۆ ئەم هەڵدەبژێریتو ئەوانی دی هەڵنابژێریت"، كاتێک مرۆڤ بڕیاری هەڵبژاردنی ئیمكانێک دەدات واتە لەهەمانكاتدا كۆمەڵێک ئەگەر رەتدەكاتەوە"٤، هەر ئەمەشە وادەكات، مرۆڤ ئاسان بڕیار نەدات، بڕیاردان ئازاراویە، بەڵام لەم هەرێمە بڕیاردان ئازاری نییە، چونكە بەداخەوە هەستكردن بەلێپرسراوێتی نابینرێت، هـەربـۆیـە ئـەو كـەسـانـەی بەهەڵە هـەڵـدەبـژێـرن، لەهەموان زیاتر ئەو مافە بەخۆیان دەدەن رەخنەبگرن، لە كا تێكد ا بەدەنگی خۆی ئەو لایـەنو حیزبەی هێناوەتە سەر كورسی دەسەڵات، یان لەهەموان زیاتر خۆی بەخاوەن ماف دەزانێت، لەبردنی پارەی ئەم میللەتە، پێموایە سەرچاوەی زۆرێک لەگرفتەكانی ئەم هەرێمە لێرەوە دەستپێدەكات كە هەست بەئازاری بڕیاردانو هەڵبژاردن ناكەین، هەڵبژاردن واتـە داهاتوو، من كاتێک هەڵدەبژێرم دەبێت بزانم هەڵبژاردنی ئێستام، كاریگەری لەسەر داهاتووم دادەنێت، هەڵبژاردن خاڵی كردنەوەی ئارەزووەكان نییە، ئەوەی لەم بانگەشەی هەڵبژاردنەدا دەبینرێت، شەوانە لەسەر شەقامەكان زۆر مرۆڤ، بۆ خاڵیكردنەوەی خۆیان، ئەزیەتی چەندان مرۆڤی تر دەدەن، هەر بۆ خۆشیو سودێكی كەم بڕیاردەدەنو هەڵدەبژێرن، بێئەوەی بیربكرێتەوە لەگرنگی ئەم كردەیە، یان بزانرێت ئەم كردەیە، لێپرسراوێتییە لەلایەک لەخود لەلایەكی دی لەكۆمەڵ، ئەم بڕیارە پەیوەستە بەداهاتووەوە.

ئـازادی هەڵبژاردن، واتە ئازادی بـڕیـاردان لەئایندە، "ئـەوەی مرۆڤ لە هەموو بوونەوەرەكانی تری سەر زەوی جیادەكاتەوە كردەوەی ئازادیو تـوانـای پێكەوەنانی ئایندەیەتی لەڕێی بڕیاری ئازادانەو هەستكردن بەبەرپرسیارێتیەوەیە كە مرۆڤ خودی راستەقینەی خۆی دەخولقێنێت"٥.

راسـتـە هـیـچ بـەهـانـەیـەک بۆ ئـازادی مـرۆڤ نییە، بـەڵام ئەوەی وادەكـــات مـــرۆڤ ئـازادیـیـەكـەی بەهەڵە بەكارنەهێنێت، هەستكردنە بەبەرپرسیارێتی، لەبەرئەوە هەركات مـرۆڤ بەهەڵە ئـازادی بەكارهێنا، دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتن لەئازادیو هەستنەكردن بەلێپرسراوێتی، بەڵام لەم هەرێمە نە تێگەیشتن لەئازادی هەیە، نە هەستكردن بەبەرپرسیارێتی، هەر ئەمەشە كارەساتەكان كە بەرۆكی تاكی كوردی گرتووە، بەتایبەت لەم بانگەشەیەدا كە بێویستو بڕیاری خۆت دەكەویتە لێشاوی ئەم بانگەشە بێسەروبەرەوە كە هیچكام لەڕەنگەكان هەڵگری دیدی جیاواز نین، لەئێستادا تاكێک گەر بیەوێت كارێک ئەنجامبدات لـەم هـەرێـمـەدا، كاتێک دەزانێت دەكەوێتە نێو گێژاوی ئەم پڕوپاگەندە بـەرەڵایـەوە، گـەر بتوانێت بێگرفت دەربچێت لـەو گـێـژاوە شوكرانەی دەوێت.

مرۆڤ لەم ساتانەی بانگەشەدا دەبێت زۆر وریا بێت، دەنا زوو لەخشتە دەبـرێـت، یان تێدەكەوێت، چونكە زۆر شت هـەن كە بایەخی خۆیان لەدەستدەدەن، لەپێش هەموویانەوە مـرۆڤ خـۆیو ئـازادیـەكـەی، كاتێک سـامـی ئـەوە نەكەیت، بەئازادی رەنگی جلێک بپۆشی، رەمزی لایەنێک بگەیەنێت، كاتێک چەندان راگەیاندن كار بۆ لەخشتەبردنی ئازادی مـرۆڤ بكەن، تا بەكاركردنە سەر دەروونی رێگەی هەڵبژاردنی ئازادانەی لێبسەننەوە، چونكە تاكی كوردیش هەتا ئێستا بەباشی لەئازادی نەگەیشتووە، ئـەوا راگەیاندنەكان هۆكارێكن بۆ پاوانكردنی ئـازادی هەڵبژاردن، لەم تاكە ناهۆشیارە، تەكنیكی باش بەكاردەهێنن بۆ ئەم مەبەستە گەر كەمێک لەراگەیاندنەكان وردبینەوە، راستەوخۆ ئەم رووداوە بەرجەستە دەبێت، (چەندان كەس نیشاندەدرێت كە گەڕاونەتەوە بۆ ماڵەكەی خۆیان- من لەهەڵبژاردنی پێشوودا دەنگم بۆ ئێوە نەداوە، بەڵام ئەمڕۆ لەفلانە شوێن كارێكی خراپم بینی (لەلیستی فلان) لەبەرئەوە بڕیاردەدەم دەنگ بەئێوە بدەم- بەكارهێنانی ئایینو مزگەوتو تەنانەت مامۆستای ئاینیش)، كاركردن بەمجۆرە جگە لەڕامكردنی دەروونی مـرۆڤ نەبێت بۆخۆ (پارتەكان) هیچی دی نییە، كـاركـردنـە سەر دەروونی تاكی كورد لەراگەیاندنەكاندا، یەكێكە لەكارە گرنگەكانی راگەیاندنە كوردییەكان، بەجۆرێک وەهم لەخەڵک بكرێتە حەقیقەت، كاتێک شەوانە لەڕاگەیاندنەكاندا ئـەم دیاردەیە دەبینرێت كە ئەوەندە گەڕانەوە، ئەم وەهمە دەبێتە حەقیقەت، بەبێئەوەی ئـەم راگـەیـانـدنـكـارەكـانـە، هەست بەلێپرسراوێتی بكەن، مەلایەكی ئاینی كە بەوتارە ئاگرینەكانی كاریگەری لەسەر دەروونـی هـەزاران موسوڵمان دەدانێت، لەم ڕۆژانەدا كە بانگەشەی هـەڵـبـژاردن جـمـەی دێـت، لەماڵ هاتمەدەر بۆ كارێكی تایبەت، لەنیوەی رێدا كە لەجلكەكانی خۆم وردبوومەوە، ترس دەروونی تەنیم كە بینیتم جلەكانم گوزارشت لەفلانە لایەن دەكات، ترسی ئـەوەم بـوو، گوتم هاكا كەوتمە ناو دەردیسەری بانگەشەوە، لەكاتێكدا بێئەوەی بۆ مەبەستی بانگەشە ئەو رەنگەم هەڵبژاردبێت، بەر شاڵاوی رەنگی دژ (لیستی دژ) بكەوم.

ئـەمـڕۆژانـە وایلێهاتووە كەسی بێلایەن نەتوانێت لەهەڵبژاردنی جلەكانیشیدا سەربەست بێت، بەسنیە شـار لـەوێـنـەو هەڵواسینی چەند رەنگێكدا بكوژرێت، بۆچی دەبێت ئەم هەموو رەنگە قۆرغ بكرێت؟ لەلایەكی دیـیـەوە، ئـەمـڕۆژانـەی هەڵبژاردن، دەتـوانـیـن بـەرۆژەكـانـی كوشتنی حەقیقەت نـاوزەدی بكەین، چونكە ئەوەی لەم پڕوپاگەندانەدا دەبینرێت، جگە لەفێڵكردنو پاشقولگرتن لەوی تر، هیچی دی نییە، كوشتنی راستی ئەوەیە كە لەراگەیاندنەكاندا دەبینرێت، بۆنمونە لەڕووداوێكی وەک ئەوەی لەبەكرەجۆ روویـدا، لەنێوان ئەو دوولایەنە جیاوازەدا، بینەر پێویستی بـەوەرگرتـنـی زانـیـاریـیـە دروسـتو راستییەكانە، بـەڵام بۆ گەیشتن بەڕاستی رووداوەكە، ناتوانیت پشت بەهیچكام لەراگەیاندنەكان ببەستیت، چونكە هەریەک لەراگەیاندنەكان، بەمەبەستی خزمەتكردنی خۆی رووداوەكە دەگەیەنێت، ئەمەش جگە لەشێواندنی راستیو كوشتنی راستی هیچی دی نییە، دەكرێت بپرسین بۆچی راستییەكان دەشێوێنرێت؟ بـۆچـی هـەر راگـەیـانـدنـێـک بەپێی خزمەتكردنو گونجاندنی ئایدۆلۆجیای خـۆی رووداوەكـــان دەخـاتـەڕوو؟ بەدیدی من ئەمە بـەدەر لەدەرچون لەهەموو لایەنی مرۆییو رەوشتییەكان، دەكـرێـت بڵێین كـە هەستنەكردن بەبەرپرسیارێتییە بەرامبەر بەڕاستی بەرامبەر بەبینەر، هـەم بەرامبەر بەپیشەكە، بەرامبەر هەموو بەها رەوشـتـیو مرۆییەكان، شێواندنی راستییەكان فێڵكردنە لەبینەر، بەكەم تەماشاكردنی بینەرو پیشەكەیە، هەركات مرۆڤ ئامادەبوو راستییەكان بشێوێنێتو دواجاریش بیكوژێت، ئەوا ئامادەیە زۆركـاری دی بكات، گەر ئەمڕۆ ئەو راستییە بشێوێنیت كە مرۆڤێكی تاوانبار تاوانەكەی لەلایەن تـۆی رۆژنامەنووسەوە بشارێتەوە، ئـەوا دەبـێـت چـاوەڕوانـی ئەوەشت لێبكرێت، سبەی ببیە مرۆڤكوژ، گەر هەست بەلێپرسراوێتی نەكەی بەرامبەر بەڕاستییەكان، ئیدی گرنگە واز لەپیشەكەت بهێنیت.

ئـەوەی لەهەڵبژاردنو بڕیارداندا دەبـیـنـرێـت، لـەم هـەرێـمـە جگە لەئازادییەكی ناتەواو تێنەگەیشتن لـەئـــازادیو خـــراپ مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم چەمكە پیرۆزەدا هیچی دی نییە، تێنەگەیشتن لەئازادیو هەڵبژاردن، لەتێنەگەیشتن لەخودەوە دەستپێدەكات، لەبەرئەوە پێویستە سـەرەتـا مـــرۆڤ خـــودی خـۆی بناسێت ئـەوكات ئـەو هەڵبژێرێت، هـەركـاتـێـک مـرۆڤ خـۆی ناسی بەئازادییەكانی خۆشی ئاشنادەبێتو بەبەرپرسیارێتییەوە بڕیاردەدات كێ هەڵبژێرێت.

**سەرچاوە:**

١. جۆن مـاكـواری، فەلسەفەی بوونگەرایی، وەرگێڕ، ئازاد بەرزنجی، چاپـی یـەكـەم، دەزگـای چاپو بـڵاوكـردنـەوەی راگـەیـانـدنـی نـەوا- سلێمانی، ل٢٠٩.
٢. هەمان سەرچاوە، ل٢٠٣.
٣. هەمان سەرچاوە، ل٢٠٨.
٤. هەمان سەرچاوە، ل٢٠٩.
٥. هەمان سەرچاوە، ل٥.

Harem_o@yahoo.com

كاتێك بڕیارو هەڵبژاردنی تۆ بۆ لایەنێكە، دەبێت بزانیت چەندین لایەنی دیت رەتكردۆتەوە، دەبێت بزانیت بۆ ئەم هەڵدەبژێریتو ئەوانی دی هەڵنابژێریت.



# نائەقڵانیەتی سیاسیو پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن

## مەلا وەک فۆرمێکی نوێی ریکلامکردن

نەجمەدین حەمەعەلی

لەسەروبەندی بانگەشەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەبینین کە قسەکردنێکی زۆر هەیە لەسەر ئازادیو دیموکراسیو هاندانو بەشداریکردنی هاوولاتیان لەلایەن لیستو قەوارە سیاسییەکانەوە بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکاندا.

لێرەدا پێویستە هەڵوێستەیەک لەسەر ئەوە بکەینو سەرنجێکی ئەو گوتارە بدەین کە هاوولاتیان ئاراستەو گفتوگۆ دەکات، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە دەکرێ سەرنجی ئەو هاوولاتیو دەنگدەرەش بدەین کە کێیەو دەیەوێ چۆنو بەچ شێوازێک رووبەرووی ئەو گوتارە سیاسییە ببێتەوەو بەچ ئایدیاو بیرکردنەوەیەکەوە دەیەوێ بەشداری لەپڕوپاگەندەکردن بۆ هەڵبژاردن بکات، لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا ئێمە خاوەنی فەزایەکی گشتی تەندروستین کە بتوانێت هاوولاتیەکی تەندروستو بیرکەرەوەمان بۆ پەروەردە بکات؟

ئەوەی کە گوتاری سیاسی کوردی پێدەناسرێتەوە بەتایبەتی لەم کاتەدا کەسەرجەم حیزبو لیستو قەوارە سیاسییەکان سەرقاڵی ریکلامو بانگەشەکردنن بۆ لیستەکانیان، لەراستیدا دەرکەوتنی ئەم گوتارە لەم ئاستی بیرکردنەوەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەم گوتارە بەهیچ شێوەیەک گوتارێکی رەسەن نییە، چونکە بەئاستێک سادەبووەتەوە کە بەهیچ شێوەیەک نەک لەخزمەتی هاونیشتمانیو هاوولاتیدا نییە، بەڵکو تەنانەت خودی هەڵگری ئەم گوتارەشی بەئاستێک سادەو بێمانا کردوە کە بەردەوام لەگوتەو کردەوەکانیاندا پەنا بۆ هەموو جۆرە هۆکارێکی نائەخلاقی بەرن، ئەگەرچی پێچەوانەی بوونی خودی خۆشیان بێت.

ئەم سیاسەتە بەهیچ شێوەیەک جیاوازی ناکات لەنێوان بژاردەو گشتدا، لەکاتێک لەهەموو سەردەمو کۆمەڵگایەکدا ئەم جیاوازییە هەبووەو هەمیشەش جیاوازی لەنێوان تێگەیشتنو بیرکردنەوەی مرۆڤەکاندا هەبووەو دەشبێت کەئەمەش یاسای سروشتەو بەشێک لەمرۆڤەکان توانای بیرکردنەوەیان هەیەو دەتوانن بەئایدیاو پرەنسیپە باڵاکان بگەنو ئەوانی دیکەش لەپەنای بیرکردنەوەکانی ئەماندا بەسروشتو بوونی مرۆیی خۆیان بگەنەوەو ژیانێکی هاورێک لەگەڵ بوونی خۆیاندا بگوزەرێنن.

ئەم بیرکردنەوە باڵایە هیچ کات هاونیشتمانیان پەروەردە ناکات بەو شێوەیەی کە گیانی نارەسەنیو کۆیلایەتیان تێدا بونیاد بنێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو هەوڵێک دەدات لەپێناو رزگارکردنو بەرزکردنەوەی هاونیشتمانیان بۆ دەستگەیشتنیان بەئایدیاو پرەنسیپە باڵاکان یاخود هیچ نا ژیانێکی شکۆمەندانەی سادەیان بۆ دەستەبەردەکات، بەڵام لەلایەکی ترەوە دەکرێ خودی بژاردەکان کەسی نارەسەن بنو توانای بیرکردنەوەیان نەبێت، لەم حاڵەتەشدا بێگومان ناتوانن بەبیرکردنەوە باڵاکان بگەن، بۆیە کاتێک کەگفتوگۆی هاونیشتمانیان دەکەن، لەبەرئەوەی خۆیان نارەسەنن لەکاتی گوتن لەسەر ئایدیاکان ناچار دەبن فۆرمێکی نارەسەن بەم بیرکردنەوانە بدەن، لێرەوە لەبری ئەوەی هاونیشتمانیان بەرزکەنەوە بۆئەوەی بەبیرکردنەوە باڵاکان بگەن، بەپێچەوانەوە ئایدیاکان سادەدەکەنەوە تا ئاستێک کە لەرەسەنێتی خۆیان دەکەون، ئەمەش بەئامانجی ئەوەی کە هاونیشتمانیان بتوانن لێیان تێبگەن، بەڵام لەکۆتاییدا ئەم جۆرە هەڵسوکەوتکردنە لەگەڵ بیرکردنەوەدا وادەکات کە گوتارو خودی هاونیشتمانیو فەزای گشتیش بەرەو نارەسەنیەتو سادەبوونەوەو بیرنەکردنەوەو چەقبەستویی ئاراستە ببێت.

بەدرێژایی چەندین ساڵی رابردوو "سیستمی سیاسیو کایەی سیاسی کوردی" نەیتوانیوە خاوەنو هەڵگری گوتارێکی سیاسی رەسەن بێت، بەشێوەیەک کە ئەم گوتارە ئەوەندەی کاری لەسەر چەپاندنو کۆیلەکردنی فیکری هاونیشتمانیان کردوە، هیچ ئەوەندە بەتەنگ هاوولاتیانەوە نەبووە، بۆئەوەی ئاراستەیان بکاتو لەنارەسەنیەتو بیرنەکردنەوە رزگاریان بکات. لەهەندێک کاتدا نەک هەر لەهەوڵی بەرزکردنەوەی هاونیشتمانیاندا نەبووە، بەڵکو لەراستیدا بەرژەوەندی "سیاسیو سیاسەتی کوردی" بەو شێوەیە بووە کە ویستوویەتی هاوولاتیان لەزۆنگاوی بیرنەکردنەوەدا بگەوزێنو لەم ئاستو بارودۆخەدا بمێننەوە، چونکە مانەوەی هاونیشتمانیان لەم بارودۆخەدا واتا بێئاگابوون لەفەزای گشتیو لەوەی کە چی روودەداو چی دەگوزەرێ، هەروەها سەرقاڵکردنیان بەو بابەتانەوە کە پێداویستی ژیانی رۆژانەی هاوولاتیانو کارکردن بۆ بەکێشەکردنی ئەو پێداویستیانە، بۆئەوەی کە هاونیشتمانیان بیر لەزیاتر لەم پێداویستیانە نەکەنەوەو داوای زیاتر لەپێداویستییەکانی ژیانی رۆژانە نەکەن، چونکە هەر هۆشیاربوونەوەو بەئاگابوونێکی زیاتری هاونیشتمانیان لەبەرژەوەندی سیاسییەکانو ناوەندی سیاسی کوردیدا نەبووە، بۆیە دەبینین دوای چەندین ساڵ هێشتا تاکی کورد خاوەنی لەسەدا پەنجای پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی رۆژانە نییە، هەر ئەمەش وای کردووە لەئێستادا نە فەزای گشتی بوونی هەبێتو نە تاکی بیرکەرەوەو بەئاگاو رەسەنیش بوونی هەبێت، لەغیابی ئامادەنەبوونی ئەم دوانەشدا هەرەمەکیەتو بێسەرو بەریو بێ بەرنامەییو بێ پرەنسیپیو بێ باکیو بێ بەرپرسیاری سەرهەڵدەدات، لەکۆتاییشدا بەپلەی یەکەم هاوولاتیو دواجاریش خودی دەسەڵات زەرەرمەندی یەکەمی ئەم بارودۆخەن.

ئەم گوتارە لەبارودۆخە نائاساییەکاندا زیاتر خۆی مانیفێست دەکاتو دەردەکەوێت، بۆنمونە ئەوەی لەم رۆژانەدا سیاسیەکانو کەناڵەکانی راگەیاندن بانگەشەی بۆ دەکەن هیچ نییە بێجگە لەفۆرمگرتنی ئەو گوتارە نائەقڵانیەی کە چەندین ساڵە کاری بۆ دەکرێت، ئەو بێسەروبەریەی کە لەبانگەشەی هەڵبژاردندا دەیبینین ئاستی هۆشیاریو بیرکردنەوەی تاکی کوردمان بۆ دەخاتەڕوو کە بەداخەوە سیاسییەکانو کەناڵەکانی راگەیاندن بەبەرنامە سەرقاڵی وروژاندنو ئاراستەکردنی ئەو گوتارەن کە زیاتر لەگەڵ هەستو سۆزی تاکدا دێتەوە، چونکە چاک دەزانن ئەم تاکە گوتاری ئەقڵیو گفتوگۆی ئەقڵانی لەلای ئامادەیی نییەو گرنگیشی پێنادات، بۆیە بەهەموو شێوەیەکو بەهەموو جۆرە میکانیزمێک سەرقاڵی وروژاندنی سۆزی ئەم حەشاماتەن کەبەرهەمی پەروەردەی سیاسیو نائەقڵانیەتی ئەوانە.

بێگومان لەبەرئەوەی ئەم حەشاماتە بەرمەبنای گوتارێکی ئەقڵانی پەروەردەنەکراوەو ئاراستەش ناکرێتو تەنهاو تەنها ختوکەی سۆزی دەدرێت، بۆیە نە ئەم بەشداریکردنەی تەندروست دەبێتو نە ئەو بڕیارەش کە دەیدات بڕیارێکی وا دەبێت کە شوێنی خۆی بگرێت، هەر بەشداریکردنی تاکێکی نائەقڵانی لەپرۆسەیەکی وادا بەهیچ شێوەیەک شوێنی خۆی ناگرێت لەبەرئەوەی تێکڕای بڕیارەکانی ئەو بەرمەبنای سۆزو عەتفنو هەر لەوێشەوە سەرچاوەدەگرن.

لەبەر رۆشنایی ئەم پرەنسیپە ئەقڵانییە ئەفلاتون پێیوایە ئەوەی خاوەنی ئەقڵو بیرکردنەوەی ئەقڵانی نەبێت نابێت بەشداری بڕیاردان بکات لە (شاردا)، لێرەشەوەیە کەپێیوایە دیموکراسی هۆکارێکە بۆ ئەوەی کەزۆرینەی نائەقڵانی حوکم بکات، لەبەرئەوەی حەشاماتیش خاوەنی ئەقڵو بیرکردنەوەی ئەقڵانی نین، بۆیە زۆر بەئاسانی دەبنە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی ستەمکاری زۆرینەی عەوامو (شار) بەرەو کۆیلایەتیو فاسدبوون دەچێت، لەراستیدا ئەم فاسدبوونە لەمرۆدا لەنێو فەزای ئێمەدا زۆر بەروونی ئامادەیی هەیەو بەدەستی خۆمان کار لەسەر فاسدبوونی تاکو کۆمەڵگەی خۆمان دەکەین بەبێئەوەی ئاگامان لەم فاسدکردنەش بێت.

کۆمەڵگایەک جڵەوی بەدەستی زۆرینەی عەوامەوە بێتو عەوام حوکمی بکاتو ئەو دەسەڵاتەی کە زۆرینەی عەوام هەڵیدەبژێرێت دەبێ چی لی چاوەرێ بکرێتو چ جۆرە ستەمکاریو دیکتاتۆریەتێکی نوێمان پێشکەش بکات؟ بانگەشەیەک لەسەر بنەمای درۆکردنو خەڵەتاندنو چەواشەکردنو لەخشتەبردنی هاوولاتیو فاسدکردنی ئەقڵی ئەوەوە سەرچاوەبگرێ، دەبێ ئەو دەسەڵاتە چی بێت کە لەکەسێکی فاسدەوە پەیڕەوی دەکرێت، بێجگە لەوەی کە یەکەم کاری بریتی دەبێت لەوەی کە فاسدکردنی تاکو بەکۆیلەکردنی بەسیستم بکاتو تەنانەت تا ئەو ئاستەی کە هەست بەفاسدبوونو بەکۆیلەبوونی خۆشیان نەکەن؟!

لەکاتێکدا فەزای گشتیو هاونیشتمانیبوونی نەبێت لەفۆرمە رەسەنەکەیدا، ئەوا ئومێدێک دەبێت بۆئەوەی فەزای ئایینی رۆڵی پۆزەتیڤی خۆی ببینێت بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەدا کەئایین رۆڵی خۆی تێدا دەگێڕێتو لێرەوە لەتێڕوانینو گوتاری خۆیەوە بتوانێت هیچ نا هاونیشتمانیە باوەڕدارەکان ئاراستە بکاتو لەنارەسەنبوونو فاسدبوون بیانپارێزێتو بەدووریان بگرێت، چونکە دەکرێ لەبارودۆخێکی لەو شێوەیەدا هەرکایەیەک لەکایە جیاوازەکان بتوانێت کاریگەری خۆی هەبێت گەربێتو بتوانێت بەرۆڵی خۆی هەستێت، لێرەدا گرنگ نییە گوتاری ئایینی تەبەنی چ جۆرە گوتارێک دەکات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە لەتێڕوانینی گوتارو بیرکردنەوەی خۆیەوە یارمەتی هاونیشتمانی بدات کەمێک بەرزیبکاتەوە بۆئەوەی هیچ نا تروسکایی حەقیقەتی شتەکان بەچاو بیرکردنەوەی خۆی وێنابکاتو جیاوازیەک بخاتەڕوو کە جیای کاتەوە لەو گوتارەی کە عەوام تیایدا نقومی نائەقڵانیەت بووە.

بەداخەوە لەناو دامەزراوەی ئایینیدا کاتێک کە مەلای ئایینی مانیفێستی ئایین دەکات، دەبینین نەک ئەوەی ئایینو مەلای ئایینی نەیانتوانیوە رۆڵی پۆزەتیڤی خۆیان ببینن، بەڵکو خودی گوتاری ئایینیو مەلای ئایینیش لەنەگبەتی ئەم میللەتەدا بەهیچ شێوەیەک نەیانتوانیوە لەنزمترین ئاستدا رۆڵی حەقیقیو باڵای خۆیان ببینن، مەلا بەو هەموو کێشانەی کە لەگوتاریدا هەنو بەوگوتارە نائەقڵانیە ئایینیەی کەتێیدا نقومبووەو خۆی لەخۆیدا بووە بەقورساییو کێشە بەسەر ئایینەوە، سەرەڕای ئەمانە دەبینین مەلای ئایینی بەم هەموو کێشانەوە لەپانتایی ئایینو گوتاری ئایینیەوە پێدەنێتە ناو سیاسەتو گوتاری سیاسی وەک ئەوەی لەناو گوتاری ئایینیدا هیچی نەهێشتبێتەوە بەئەنجامی بگەیەنێت.

مەلای ئایینی لەپانتایی ئایینیدا بەرخوردی لەگەڵ گوتاری تەقلیدیو نائەقڵانیدا بووەو گفتوگۆی زیاترینی خەڵکی عەوامی کردووە، هەربەم نەفەسو گوتارەوە دێتە ناو سیاسەتەوەو پێیوایە کایەی ئایینی زۆرباش تێپەڕاندوەو دەبێت لەمەولا سەرقاڵی سیاسەتو کایەی سیاسی بێت.

هاتنە ناوەوەی مەلای ئایینی بۆ ناو کایەی سیاسی یاخود راستتر بڵێم پەلکێشکردنی بۆ ناو سیاسەتو پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لەلایەن حیزبە ئیسلامیو عەلمانیەکانەوە، ئەگەرچی خودی مەلای ئایینی پێیوایە ئەمە لەدەرەنجامی رێزگرتنی ئەوەوە سەرچاوەی گرتوە، بەڵام لەراستیدا نازانێ کە ئەمە بەکارهێنانو هەراجکردنی یەکەم دینەکەیو دووەم خودی خۆیەتیو بەکارهێنانیەتی بۆ پڕوپاگەندەی سیاسیو کۆکردنەوەی زیاترین دەنگی هاوولاتیان، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە مەلای ئایینی بەهیچ شێوەیەک هەست بەم کۆیلەبوونەی خۆی ناکات، نەک ئەوە، بەڵکو بەدەستی خۆی خەریکی بەکارهێنانی پێگە جەماوەریە ئایینیەکەی خۆیو خودی دینەکەشیەتی بۆئەوەی دەنگی عەوامی کۆمەڵگاو باوەڕدارانی تەقلیدی بەدەستبهێنێتو دواتر بای بای لەمیمبەری پێغەمبەرو جبەو مێزەرو خەیرو سەدەقەی باوەڕدارانو مەعاشی کوللەمەرگی ئەوقاف بکاتو رووبکاتە پەرلەمانو لەبەرکردنی قاتو ریباتو لێخوڕینی مۆنیکاو وەرگرتنی مەعاشی کاشی چەند ملیۆنی! کەچی ئەمە زۆر بەمایەی شانازی بزانێتو لەمیدیا ئیسلامیو عەلمانیەکانەوە راشکاوانە بەمەمنونییەوە سوپاسی خۆی ئاراستەی ئەو حیزبو لیستانە بکات کە ئەویان وەک مەلایەکی ئایینی کاندید کردوە بۆ پەرلەمان.

کاتێک مەلای ئایینی نەیتوانیبێت لەناو کایە ئایینیەکەی خۆیدا رۆڵی خۆی ببینێتو شکستی هێنابێت لەگەیاندنی گوتاری ئایینی رەسەندا، سەیرە کە ئەم مەلایە بتوانێت بەم ئەقڵەوە لەئەلفو بێی سیاسەت بگاتو بتوانێت تەنانەت وەک مەلایەکیش لەپەرلەماندا رۆڵی تەقلیدی خۆی ببینێتو پێشنوێژ بۆ ئەندام پەرلەمانە باوەڕدارەکان بکات.

لەکۆتاییدا ئەم مەلایانە نەدەتوانن ببنەوە بەمەلای ئایینی تەقلیدیو نەدەشتوانن ببن بەسیاسیەکی فاشل، بەڵکو لەدواجاردا دەبن بەو مەلایەی کە لەهەردوو جەژنەکە دەبن.

najmhak@yahoo.com



پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی عەقڵانی ئاراستەنەکراوەو تەنها هەستو سۆز دەجوڵێنێت. فۆتۆگراف: موعاز فەرحان



# به ٧٠٠ هەزار دۆلار گۆڕی!



ئەستێرەی بەناوبانگی پۆپی ئەمریکی بریتنی سپێرز، بەهۆی ئەوەی لە شێوازو دیزاینی ماڵەکەی بێزاربووبوو، بە ٧٠٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی تەواوی ناوماڵەکەی گۆڕی، ماڵەکەی بریتنی لە ویلایەتی کالیفۆرنیایەو چەند ساڵێک پێش ئێستا بە ٩ ملیۆن دۆلار کڕیبووی، بریتنی گۆڕانکاری لە مەلەوانگەو ژوورەکانی نوستنو گەراجەکانیو ڕاڕەو چەند شوێنێکی دیکەی خانووەکە کردووە.

# عەشق سەرچاوەی ژیانیەتی



لایتن میستەری کچە ئەکتەری شۆخو ناوبانگی لاو کە بەهۆی زنجیرەی "گەسیپ گێڵ"ەوە پەیداکرد، ئاشکرای دەکات عەشقو خۆشەویستی سەرچاوەی ژیانن.

میستەر بەهۆی ئەوەی دایکی ئالودەبوونی بە مادده هۆشبەرەکانەوە زیندانی کراوە، ئەمیش هەر لە زینداندا لەدایکبووە، لە تەمەنی ١١ ساڵیدا دەستیکردووە بە رۆڵبینین لە ریکلامەکاندا.

لایتن کە ئێستا تەمەنی ٢٤ ساڵە لەزنجیرە بەناوبانگەکانی ٢٤و سی ئێس ئایدا وەک ئەکتەری میوان رۆڵی بینیوە.

# بێکهام تەماحی لەماڵەکەی جۆرج کلۆنیە

دەیڤید بێکهامی ئەستێرەی تۆپی پێی ئینگلیزی، شەیدای خانووەکەی جۆرج کلونی ئەکتەری بەناوبانگ بووە و بەهەر نرخێک بووە دەیەوێ لەدەستی دەربێنێ، خانووەکە لە ئیتاڵیایەو لەسەر دەریاچەی کۆمۆیە، بێکهام زیاتر شەیدای ئەو کۆشکە سی ژوورییە بووە کە لە تەنیشت خانووەکەوەیەو خۆیشی ئەوەی درکاندووە.

جۆرج کلۆنی لە ساڵی ٢٠٠٠دا ئەو خانووەی بە ١٥ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی کڕیو تا ئێستاش چەندین کەسی ناوداری دیکە ویستوویانە لێی بکڕنەوە، بەرزترین نرخیش کە درابێت لەبری ئەو خانووە ٤٦ملیۆن دۆلار بووە کە ملیاردێرێکی رووسی داویەتێ.

# بزنێك دەبێتە هاوسەری دوو گەنج!

لە وڵاتی مۆزەمبیق لە کیشوەری ئەفریقا دوو گەنج کاری سێکسی لەگەڵ بزنێکدا ئەنجامدەدەنو خاوەنەکەشی داوای شیربایيو مارەکردنی بزنەکە لەلایەن ئەو دوو گەنجەوە دەکات، بەپێی ئەو هەواڵەی لە سایتی رادیۆی مۆزەمبیقەوە بڵاوکراوەتەوە، رووداوەکە لەیەکێک لە شارەکانی ئەو وڵاتە بووە، دوو گەنجەکەش لەکاتی ئەنجامدانی کارەکە لەگەڵ بزنەکەدا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون، دادوەری شارەکەش بەتۆمەتی رفاندن بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری سێکسی لەگەڵیدا دوو گەنجەکەی بە دزینی بزنەکە تۆمەتبارکردووە، بەڵام خاوەنی بزنەکە بە بڕیاری دادگا قایل نییەو داوا دەکات دوو گەنجەکە وێڕای ئەوەی سزای دارایی دەدرێن، دەبێ بزنەکەش مارە بکەن.

# فڕۆکەیەك بۆ لەکۆڵکردن



بڕیارە بەم زووانە یەکەمین فڕۆکەی کۆڵەپشت لە دونیادا بە نرخی ٧٦ هەزار دۆلار بکەوێتە بازاڕەوە، فڕۆکەکە لە لایەن کۆمپانیایەکی وڵاتی نیوزلەنداوە دروستدەکرێتو ناوی (جێتپاک)ی لێدەنرێت، بەپێی ئەو هەواڵەش کە لە رۆژنامەی دەیلی مەیڵدا بڵاوکراوەتەوە بەم نزیکانە دەست بەبەرهەمهێنانی دەکرێت، کۆمپانیاکە یەکەم جار ٥٠٠ دانە لە فڕۆکەکە دروستدەکات کە بەو سوتەمەنییەی هەڵیدەگرێت دەتوانێ ٤٨ کیلۆمەتر ببڕێتو خێراییشی دەگاتە ٩٥ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا.

# یاساغەکانی وڵاتی چین لەبارەی ئینتەرنێتەوە

حکومەتی بیجین تا ئێستا چەندین یاساغی لەسەر بوارو ماڵپەڕە جیاجیاکانی ئینتەرنێت داناوە، لە دوایین بڕیاریشیدا کە بۆ وەرگرتنی ماڵپەڕ داویەتی، سەیرترین بڕیارە لەوبارەیەوە. بۆ کڕینی ماڵپەڕێک بە پاشگری (ch) واتە ماڵپەڕێکی تایبەت بە وڵاتی چین، داواکار پێویستە رەگەزنامەی چینیو وێنەی خۆی پێشکەشبکات تاوەکو لێی بکۆڵرێتەوەو دواتریش بۆ لێپێچینەوە لە مەبەستی کردنەوەی ماڵپەڕەکەو ئەو بوارانەی دەیانگرێتەوە بانگهێشت دەکرێت، بە پێچەوانەشەوە داواکار رووبەڕووی دادگا دەبێتەوە.

ئامادەکردنی: شەیدا

## کاور



(٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

هەندێ کات چارەسەری مەحاڵ بۆ کێشەکان دەدۆزیتەوە، بەڵام لە ماوەی داهاتوودا دەبێت خۆت بۆ کێشەیەک تەرخان بکەیت کە ناتوانی بە ئاسانی چارەسەری بکەیت.

## گا



(٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

زۆر حەز دەکەیت پەیوەندییەکی سۆزداری لەگەڵ یەکێک لە هاوکار یاخود هاوڕێ نزیکەکانت ببەستیت، بەڵام دەبێت وریا بیت لەوەی کە شانست بۆ کارێکی لەوجۆرە زۆر کەم هاوکاریت دەکات.

## دوانە



(٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

ئەم هەفتەیە شانسەکانت چەند بەرامبەر زیاد دەکەن، لە کارەکانتدا زیاتر سەربەخۆ و بەرپرسیار دەبیت، زۆر بە باشی دەزانی کارەکانت چۆن جێبەجێ بکەیت و لە چ کاتێکیشدا ئەنجامیان بدەیت.

## قرژاڵ



٢١ حوزەیران - ٢٢ تەمموز

ئەم هەفتەیە زۆر دڵت ناسک دەبێت بەتایبەت بەرامبەر بە خۆشەویستەکەت، هەر ئەمەشە وات لێدەکات سەرنجڕاکێش بیت،پێویست ناکات لەبارەی ئەوەی گرنگی زۆرت پێنادرێ خەمبار بیت.

## شێر



(٢٣ تەمموز - ٢٢ ئاب)

ئەم هەفتەیە زۆر جیاوازە بۆ تۆ لە هەفتەکانی تر، لەبەرئەوەی لەگەڵ دەوروبەرەکەت توشی هەندێ گرفتی بچوک دەبیت، ئەمەش بۆ تۆ ئاسان نییە،چونکە سروشتی تۆ بەو جۆرەیە کە حەز بەڕووبەڕووبوونەوە ناکەیت.

## فەریک



(٢٣ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

پێویستە کەمێک پرۆژەکانت دوابخەیت، بۆ ئەوەی زوو تووشی بێزاری نەبیت، ئەگەر دەشتەوێ پەیوەندییەکی نوێ دروستبکەیت پێویستە هێمنتر هەنگاوی بۆ بنێیت.

## تەرازوو



(٢٣ ئەیلول - ٢٢ تشرینی یەکەم)

لەپاش ئەوەی چەندین لێکتێنەگەیشتن روویدا ئێستا هەمووان لەیەک ئاستدا دەبینیت، لەبەرئەوە پێویستە کەمێک وریایانەتر مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرەکەت بکەیت، چونکە هەندێ کەس شایەنی ئەوە نین کە بۆیان دەکەیت.

## دووپشک



(٢٣ تشرینی یەکەم - ٢١ تشرینی دووەم)

ئامۆژگاری دەکرێیت بەوەی کە بڕیارەکانت کەمێک دوابخەیت، چونکە ئەو ئارامییەی باڵی بەسەر دەروونتدا کێشاوە بەشدارنابێت لەوەی کە بتوانیت بەئاسانی بڕیارەکانت بدەیت.

## کەوان



(٢٢ تشرینی دووەم - ٢٠ کانونی یەکەم)

تۆ زیاتر لە هۆکارێکت هەیە بۆ ئەوەی کە ژیان بەڕووناکی ببینیت، پەیوەندییەکانت لەگەڵ خەڵکیدا باش بەڕێوە ناچن، لەبەرکردنی هەندێک کار کە بەلایانەوە ناشیرینە.

## گیسک



(٢١ کانونی یەکەم - ١٩ کانونی دووەم)

ئەم هەفتەیە هەست بە ئاسوودەیی دەکەیتو ئەمە لەسەر دەوروبەرەکەشت رەنگ دەداتەوە،کاتی زۆر خۆش لەگەڵ ئەو کەسانەدا بەسەر دەبەیت کە پێدەچێت لە داهاتوودا ببنە هاوڕێی زۆر نزیکت.

## سەتڵ



(٢٠ کانونی دووەم - ١٨ شوبات)

تونای قایلکردنی بەرامبەرت لە ئاستێکی نمونەییدا نییە، هەر لەبەر ئەمەشە کە وەڵامت بۆ ئەو خۆشەویستییە دەستناکەوێ کە لە دڵتایە، بەڵام ئەوەش بەرەو باشبوون دەچێت.

## نەهەنگ



(١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

حەز دەکەیت زۆرترین چاوت لەسەر بێت، بەڵام پێویستە ئاگاداربیت لەوەی بەرامبەرەکانت بریندار نەکەیت، لە ئێستادا هەستناکەیت بەرامبەرەکانت چۆن هەڵسوکەوتەکانت دەخوێننەوە.

# سەرنجێك لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق

زانا ئەحمەد عەلی

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران کە بڕیاروایە لە٢٠١٠/٣/٧دا بکرێت لەقۆناغێکی پڕ چارەنووسسازدا ئەنجامەدرێت، بـراوەو دۆڕاو سەبارەت بەهەرێمی کوردستان لـەو هەڵبژاردنەدا گەلی کوردە، چونکە ئەو هەڵبژاردنە جیاوازە لەهەڵبژاردنەکانی تر کە لەسەر ئاستی هەرێمو پارێزگاو قەزاو ناحیەکان ئەنجامەدرێن.

هـەڵـبـژاردنـی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی بۆ کورد گرنگو چارەنووسسازە، چونکە پەیوەستە بەکێشەی نەتەوەیەک کە سەدان ساڵە نرخی ئازادی دەدات لەپێناوی مافی چارەی خۆنووسین، ئەمڕۆش دوای پرۆسەی ئازادی عێراق بنیاتنانەوەی عێراقی نوێ دەسکەوتەکانی کورد کە جارێ ماویانە بەدڵنیایی پاڵی لێبدەینەوە، چونکە هەندێ دەنگی ناشاز لێرەو لەوێ تانەو تەشەرە لەسەرکردایەتی سیاسی کورد دەدەن کە کەمتەرخەمبوون یان پارێزگاریان لەمافی کورد نەکردووە یان دەڵێن لەدەستوور فێڵمان لێکراوە، جارێ هەموو ئەم وشانە بەنووسینو وتن ئاسانن، بەڵام لەسەنگەری شەڕی دیموکراسیو پێکهاتەی عێراقو پێگەی کورد لەسەر ئاستی ناوچەی هەرێمی سلێمانی کارێکی هەروا ئاسان نییەو بەشاهیدی دۆستو دوژمنان لەپرۆسەی ئازادی عێراق براوەی یەکەم گەلی کورد بووە، هەندێ لەدەسکەوتەکانی گەلی کورد لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو.

١. ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، هەڵوەشاندنەوەی سوپای داپلۆسێنەر بەهەموو دامودەزگاکانیانەوە.

٢. لەسێدارەدانی تاوانبارانو سزادانو زیندانیکردنی سەرانی ڕژێمی بەعس.

٣. لەڕیشە هەڵکەندی پلانی تەعریبو تەبعیسو تەهجیر.

٤. ڕزگاربـوون لەمۆتەکە ترسو تۆقاندنو زیندەبەچاڵ کردنو ئەنفالو کیمیاباران.

٥. پێکەوەنانی کیانێکی کوردی خاوەن حکومەتو پەرلەمانو دەزگای دادوەریو خاوەن هێزی پێشمەرگە.

٦. ئـاوڕدانــەوە لەکەسو کـاری سـەربـەرزی شەهیدانو قەرەبووکردنەوەی لانی کەمی لایەنە ڕۆحیەکەیان کە خوێنی ڕۆڵەکانیان بەفیڕۆ نەڕۆیشت ئـازادی هێنایە بەرهەم.

٧. ئـاوەدانـکـردنـەوەی کوردستان.

٨. کـردنــەوەی سـەدان خوێندنگەو پەیمانگاو زانکۆ.

٩. دەرهـێـنـانـی نـەوتو بەهێزکردنی پێگەی کورد.

١٠. هەرێمی کوردستان بۆتە ژمارەیەکی دیارو ڕۆژ بەڕۆژ گرنگی زیاتر دەبێت.

١١. پرۆسەی سیاسی عێراق بێ کـورد مەحاڵە سەرناکەوێت. لەگەڵ چەندین دەسکەوتی تر .....

بۆیـە کـارێـکـی زۆر هەڵەیە ئەمڕۆ ئەرکو مەهامی هەڵبژاردنی ئـەنـجـومـەنـی نـوێـنـەران تێکەڵ بـەهـەنـدێ پـرسو حیزبایەتی نەفس کورتو هەندێ لێکدانەوەی هـەڵـەو مەبەستداری بکرێت کە قازانج بەپرسی کورد ناکات، لەو هەڵبژاردنەدا گرنگ ئەوەیە ژمارەی کورسییەکانی کورد زۆربێت نەک لێکدانەوەی هەڵەو نازانستی بکرێت.

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (١٦) هـەمـوارکـراودا ئەنجامەدرێت کە تیایدا کار بەسیستمی ڕێژەی لیستی کـراوەی سـنـوردار دەکـرێـت، ئەو سیستەمەش سیستمێکی زۆر ئاڵۆزەو لەئەدەبیاتی ئـەو سیستەمەدا من نەمزانیوە پارتەکان ئیئتلاف بکەن کەچی یەکێتیو پارتیو پارتەکانی تر لەبەر بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی هاوپەیمانێتییان کرد.

لـەهـەڵـبـژاردنـی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش یەکێتیو پارتیو پارتەکانی تر هاوپەیمانێتییان کــردو بــەرژەوەنــدی بــاڵای نەتەوەییان لەسەرو دەسکەوتی حیزبی دانـاوە، من پێموایە لەو هەڵبژاردنەش کارێکی زۆر گرانە دابەشی ڕێژەی کورسییەکان بکەن بەسەر پارتەکانی ناو هاوپەیمانی، چـونـکـە لـێـرەدا دەنـگـدەر ئەو پابەندیەی نابێت، هەروەها دەبێ چاوەڕێی ئەگەری چاوەڕواننەکراو بکەین، لەئێستاشەوە پارتەکانی بەشداربووی نـاو هاوپەیمانییێتی ئـەوەیـان لاروونـە کە لەبازنەیەک لـەبـازنـەکـان کـورسـی نەبەن، بـەڵام خـوێـنـدنـەوەی سەرەتایی بەپشتبەستن بەهەندێ دەرەنجام، بەڵام لەڕووی زانستیەوە ناتەواوە حساباتی وردی لەسەر بکەین، چونکە کارێکی ئاساییە دەبێ پشت بـەدوو پێوەر ببەستین، ئەوانیش ئەنجامی هەڵبژاردنی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران کە ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجامدرا، یەکێکی تریان ئەنجامدانی ڕاپرسییەکانە، بەپێی خوێندنەوەی سەرەتایی بۆ ڕاپرسییەکانو بنکەی جەماوەری پارتەکانو ئەنجامەکانی هـەڵـبـژاردنـەکـانـی پێشوو، چاوەڕێدەکرێت کورد لەئەنجومەنی نـوێـنـەرانـی داهـاتـوو (٦٠-٦٧) کورسی بباتو لەو ناوەش لیستی هاوپەیمانی کوردستان (٥٠—٥٢) کورسی ببات، یەکگرتوو (٤-٥) کورسیو کۆمەڵ (١-٢) کورسیو گۆڕانیش (٤-٥) کورسی ببات، لەناو لیستی هاوپەیمانیش ئەگەر چی پێشبینی زۆر قورسە لەبەر ڕۆشنایی ئەو سیستمە، بەڵام ئەگەر پارتەکان دەنگدەرانی خۆیان پابەند بکەن دەنگ بەچەند پاڵێوراوێک بدەن ئەوا پارتی دیموکراتی (٢٢ — ٢٤ ) کورسیو یەکێتی (٢٥— ٢٩) کورسیو سۆسیالیست (٠—١) کورسیو شیوعی (٠-١) کورسیو بزووتنەوەش (٠—١) کورسی ببات.

گۆڕان (٤) کورسی، یەکگرتوو (٤) کورسی، کۆمەڵ (١) کورسی، لیستی هاوپەیمانی کوردستان (٥٠—٥٢) کورسی دەبات، پارتیو یەکێتی لەناو لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئەگەر ڕەچاوی سیستمی لیستی کراوەی سنوردار بکەن، ئەوا لیستی یەکێتی (٢٥-٢٩) کورسی دەباتو پارتی دیموکراتی (٢٢—٢٤) کورسی دەبات

دیـارە شتێکی بەڵگەنەویستە کـە بنکەی جـەمـاوەری یەکێتی لەشارەکانی کەرکوک-سلێمانی-هەولێر-دیالە-سەڵاحەدین لەڕیزی پێشەوەی پارتەکانی تر بەدەر لـەئـەنـجـامـەکـانـی هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ کە لەسلێمانی ڕوویدا، گـۆڕان توانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت، بـەڵام پێموانییە گـۆڕان جارێکی تر ئـەو دەنگانە بەدەستبهێنێتەوە، چونکە ئەرکو مەهامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق جیایە لەهی کوردستان، دەنـگـدەری کوردیش گەیشتووەتە ئەو باوەڕە کە پارتێکی بەهێزو خـاوەن ئەزمون دەتوانێ پارێزگاری لەبەرژەوەندییەکانیان بکات، نەک بزووتنەوەی گۆڕان، هـەروەهـا لـەپـارێـزگـای (موسڵ) دەنگەکانی یەکێتی شتێکی وای کـەمـتـر نییە لـەدەنـگـی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان (٢٧٣٤٥٨) دەنگی هێنا، پارتی (٨٩٤٧٦) دەنـــگ، یـەکـێـتـی (٥٨١٢٨)، یـەکـگـرتـوو (٢٣٦)، شیوعی (١٠٩٥٨)و ئـەوانـەی دەنگیان تەنها بەلیستدابوو (١١٣٦٦٦) دەنگبوو. هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستانیش بنکەی جەماوەری بەپلەی یەک دهۆکە ئینجا هەولێرو موسڵ، لەسەر ئاستی پارێزگای کـەرکـوکو دیـالـەو سەڵاحەدینو سلێمانیش پـارتـی دووەم یان سێیەم دێت، هەروەها پارتەکانی تـری نـاو هـاوپـەیـمـانـی چانسی بەدەستهێنانی کورسیان لاوازە، ناڵێم نایهێنن، چونکە لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، کاندیداکانی سۆسیالست تەنها بـە٨٧٩ دەنگ توانیان کورسییەک ببەن، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو دەرەنجامانەی لەئەنجامی ئـەو توێژینەوەیەوە بەدەستمانهێنا دەخوازێت پارتەکانی ناو هاوپەیمانی ڕێککەوتنێک لەنێوان خۆیانو پاڵێوراوانیاندا بکەن کە دەبێت بەپێی سەنگی خۆیان کار بۆ کاندیدەکان بکەن، ئەگەرنا بێگومان دەنگی زۆر بەدەستدەهێنن، بەڵام کـورسـی کـەم مسۆگەر دەکـەن، ئێستاش باشتروایە یەکگرتووی ئیسلامیو گۆڕانو کۆمەڵ بەتایبەتی هەوڵبدەن لەهەرێمی کوردستاندا ململانێی بەهێز لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستاندا بکەن، بەڵام باشتروایە هەوڵو هیمەتو پارەو کاتو دەنگی کـورد لـەپـارێـزگـای (کـەرکـوک-سەڵاحەدین-موسڵ-دیالە— بەغداد) بەفیڕۆ نـەدەن، چونکە هیوای بەدەستهێنانی کورسی زۆر زۆر لاوازە، تەنها ئەگەر بۆ کورسی قەرەبووکردنەوە سود لەو کورسیانە وەربگرین، چونکە وەک لەسەرەتا ئاماژەمان بۆ کرد بـراوەو دۆڕاو لـەو هـەڵـبـژاردنـەدا (نوێنەرانی کوردن) بەتەنهاو هەڵسەنگاندنێک لەبەر ڕۆشنایی دەرنجامەکانی ئەو سیستەمە کارێکی زۆر ئەستەمە بەتایبەتی بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان.

| پارێزگا | ژمارەی کورسی | لیستی هاوپەیمانی | | | | | | یەکگرتوو | کۆمەڵ | گۆڕان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | PUK | PDK | شیوعی | سۆسیالست | زەحمەتکێشان | زەحمەتکێشان | | | |
| سلێمانی | 17 | 8-7 | 2-1 | | | | | 2 | 1 | 4-3 |
| دهۆک | 1+10 | 2-1 | 8-7 | | | | | 2-1 | | |
| هەولێر | 1+14 | 6 | 6 | | | | | 1 | | 1 |
| کەرکوک | 1+12 | 6-5 | 1 | | | | | | | |
| موسڵ | 3+31 | 4 | 6 | | | | | | | |
| دیالە | 13 | 1 | -- | | | | | | | |
| سەلاحەدین | 12 | 1 | -- | | | | | | | |
| بەغداد | 2+68 | 1-0 | 1-0 | | | | | | | |
| کورسی کۆتا | | | | | | | | | | |
| کۆی گشتی | | 29-25 | 24-22 | | | | | 5-4 | 1 | 5-4 |



www.arsivakurd.org

دەستوور
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات
خاوەن ئیمتیاز: کۆمپانیای سولی تێلیگراف
سەرنوسەر: خالید ئەحمەد شەریف
لێپرسراوی هونەریی: شێرکۆ خانزادی
هەرێمی کوردستان، سلێمانی - شارێی سالم،
تەلاری میران - نهۆمی پێنجەم - بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە
٠٥٣٣١٨٧٨١١ & ٠٥٣٣١٨٤٧٧١
ژمارە (٢١) ، ساڵی یەکەم
چوارشەممە، ٢٠١٠/٣/٣
www.destur.net
info@destur.net

ڕیکلام




ڕیکلام

## داکۆکیکارێکی بە ئەزمون لەدەستکەوتەکانی گەلی کورد لە بەغداد

### کاندیدی ژمارە ٢ پارێزگای هەولێر

د.فوئاد مەعسوم

ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
لە ١٩٣٨/٣/٢١ لە شاری کۆیە لە دایکبووە.
لە زانکۆی (الازهری قاهیرە) دکتۆرای فەلسەفەی وەرگرتووە.
لە ساڵانی ١٩٦٩-١٩٧٢ مامۆستا بووە لە زانکۆی (بەسرە)دا.
لە ساڵی ١٩٧٢-١٩٧٥ نوێنەری شۆرشی کورد بووە لە (قاهیرە).
لە ساڵی ١٩٩٢-١٩٩٣ یەکەم سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو.
لە ساڵی ١٩٩٣ کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو.
لە ساڵی ١٩٩٨ سەرپەرشتیاری (ڕێکخستن) و (ڕاگەیاندن)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە دەرەوەی وڵات.
لە ساڵی ٢٠٠٢ نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە (دەستەی ئامادەکردنی کۆنگرەی نیشتمانی عێراق لە لەندەن).
لە ساڵی ٢٠٠٣ سەرۆکی لێژنەی میکانیزمی دانانی دەستور لە عێراق.
ساڵی ٢٠٠٤ سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی عێراق.
ساڵی ٢٠٠٤ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق.
ساڵی ٢٠٠٥ سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لە پارلەمانی عێراق و جێگری سەرۆکی لیژنەی دارشتنی دەستووری عێراق و پاشانیش جێگری سەرۆکی لیژنەی دەسکاری کردنی دەستوری عێراق.
بەشداریکردووە لە چەندین لێژنەی موناقەشەی تێزی ماجستێرو دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستاندا.
کتێبێکی بە ناوی «اخوان الصفاء - فلسفتهم و غایتهم» چاپو بڵاوبۆتەوە.
چەندین نووسینی جیا جیای لە ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاو بۆتەوە.







ڕیکلام




بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

# پەیامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان

## لیستی هاوپەیمانی کوردستان.. لیستی ئێوەیە و بۆ ئێوەیە..

هاوپەیمانی کوردستان کە یەکێکە لە بنیاتنەرە سەرەکیەکانی دیموکراسی و فیدراڵی و ئازادیی لە عێراقی نوێدا، لیستی ئەو هێزە خاوەن ئەزموون و بە ئیرادانەی کوردستانە کە خاوەنی رابردووی پڕسەروەری و خەبات و قوربانیدانن لە پێناو بەدیهێنانی ئاواتەکانی گەلەکەمان و دەستەبەرکردنی ئازادی و خۆشگوزەرانی و ئاسایشی هاووڵاتیاندا..

لیستی سەروەریی یاساو دامەزراندنی دەوڵەتی دامەزراوەیی و مەدەنیانەیە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ئیرادەو ئازادییە بنەڕەتیەکان و مافەکانی مرۆڤ.

لیستی تێکۆشانە بۆ ئاوەدانی و سەقامگیریی و دیموکراسی و پایەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مافەکانی ژنان و ئازادیی ڕادەبڕین و پاراستنی مافەکانی گەلەکەمان.

هاوپەیمانی کوردستان بایەخێکی سەرەکیی بە گەشەسەندنی کۆمە ڵگای کوردستان و خزمەتگوزارییەکانی دەدات، بە لەبەرچاوگرتنی پێداویستیەکانی هەر توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگاکەمان.

ئەم لیستە خەبات دەکات بۆ بەهێزترکردنی پێگەی هەرێمەکەمان و گێرانەوەی تەواوی ناوچە دابڕاوەکان و چەسپاندنی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ و سڕینەوەی ئاسەواری تاوانەکانی ڕژێمی رووخا و لە جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان و قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان.

لیستی هاوپەیمانی.. لیستی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی هێز و لایەن و نەتەوە و ئایین و ئایدیای پێکهاتە جیاوازەکانە لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەوەری و تەوافوقی سیاسی لە عێراقی نوێدا.

ئەزموون و خەباتی ئەم هێزانە و ڕابەرایەتی پارتە هاوپەیمانەکان ڕاستگۆترین پارێزەری یەکڕیزیی و تەبایی گەلەکەمانەو زامنی بەهێزترکردنی پێگەی گەلی کوردستانە لە پێناو پاراستنی دەستکەوتەکان و بەدیهێنانی سەرجەم ئاواتەکانی گەلەکەماندا.

ئیتر بۆ پێشەوە.. بەرەو هەڵبژاردنێکی ئازاد و تەندروست..
بەرەو دەنگدان بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان ..
با هەموو دەنگمان یەکخەین بۆ سەرخستنی پاڵێوراوانی لیستی پارێزەری گەلەکەمان..
لیستی ژمارە ٣٧٢

٣٧٢